# دەستوور

❊ دارا ئەحمەد ❊

**پرۆژەیەکی پێشنیارکراو بۆ دەستووری کوردستانێکی سەربەخۆ و سکۆلاریست**

**لەگەڵ**

**چەند تێبینییەکی رەخنەگرانە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان**

# CONSTITUTION

❊ DARA AHMED ❊

**A PROPOSED PROJECT FOR**
**A CONSTITUTION OF AN INDEPENDENT AND SECULAR KURDISTAN.**
**&**
**SOME CRITICAL NOTES ON THE**
**KURDISTAN REGION CONSTITUTION PROJECT.**

# پرۆژەیەکی
# پێشنیارکراو
# بۆ دەستووری
# کوردستانێکی
# سەربەخۆ و
# سکۆلاریست
# لەگەڵ
# چەند تێبینییەکی
# رەخنەگرانە
# لە پرۆژەی
# دەستووری
# هەرێمی
# کوردستان



## نێوەرۆک

**بەشی یەکە م : پرۆژەیەکی پێشنیارکراو بۆ**
**دەستووری کوردستانێکی سەربەخۆ و سکۆلاریست:**
بەرایی ...................................... 3 – 4
**دەروازەی یەکەم : 1– پێکهاتەکانی نیشتمان** ........................ 5 –5
2 – بنچینەکانی دامەزرانی وولات............... 5 – 9
**دەروازەی دووەم :**
1 – ماف و ئازادییەکان ........................ 10 – 27
2 – ئەرکەکان .................................. 28 – 29
دەروازەی سێیەم : دەسەڵاتەکان:
1 – ئەنجوومەنی یاسادانان(پەرلەمان) ....... 30 – 35
2 – ئەنجوومەنی جێبەجێکردن :
ا – دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار ....... 35 – 39
ب – ئەنجوومەنی وەزیران .............. 39 – 43
3 – ئەنجوومەنی میللیی ..................... 44 – 50
4 – ئەنجوومەنی دادوەریی .................... 50 – 56
5 – ئەنجوومە نی میدیا ...................... 57 – 60
6 – ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی .............. 61 – 64
دەروازەی چوارەم : لێژنە ئازاد و سەربەخۆکان ................ 65 – 68
**دەروازەی پێنجەم : ئابووریی** .................................. 69 –72
**دەروازەی شەشەم : دارایی** ...................................... 73 – 73
دەروازەی هەفتەم : پابەندییەکانی دەسەڵاتەکان ............... 74 – 76
**بەشی دووەم : چەند تێبینییەکی رەخنەگرانە لە**
**پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان**....... 77 – 116

# بەشی یەکەم

## پرۆژەیەکی پێشنیارکراو بۆ دەستووری کوردستانێکی سەربەخۆ و سکۆلاریست

### بەرایی

ئەم پارچەیە ی کوردستانی مەزن کە پێیدەگوترێ ( کوردستانی باشوور یان کوردستانی عێراق) تا ئێستا لە مێژووی دوورونزیکی خۆ ی هەرگیز وەک وولاتێک نە دەستوورێکی تایبەت بە خۆی هە بووە و نە سە ربەخۆییەکی تەواویشی بە خۆیەوە بینیووە ، بەلام ئێستا لە پاش ئەو نیمچە ئازادییە ی کە جە ماوەری گە ل وەدەستیهێناوە .. هاوکات لە گەل هەبوونی بزاڤێکی هەمەلایەنەی بەردەوام لەنێو کۆمەل بۆ گەیشتن بە ژیان و گوزەرانێکی باشتر و ئاسوودەتر .. ئاواتی دامەزرانی وولاتێکی ئازاد و سەربەخۆ بۆتە گرنگترین و سەرەکیترین ویست و ئامانجی گشتیی گەلانی وولات ، هەربۆیە منیش جگە لەوەی دەمەوێ بە خستنەڕووی ئە م پرۆژەیە وەک شێوە خەباتێکی هاندە ر تەکانێک بە رەوتی تێکۆشانی رەوای گەلانی ستەمدیدە و بێبەشی نێو ئەم نیشتمانە داگیرکراوە بدەم – هەروا دەمە وێ ئەم پرۆژەیە وەک کۆششێکی تایبەتیی و تاکەکەسیی لەگەل چەندین پرۆژەی تر کە لە لایەن کەسان و لایەنانی تر ئامادەکراون یان ئامادەدەکرێن بخرێنە بەر باس و لێکۆلینە وە و تاوتوێکردن و .. سەرئەنجامیش لە لایەن



لە لایەن لێژنەیەکی هەلبژێردراوی تێکڕای گەل کە لە خەمی رزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی و ئازادیی و یەکسانیی و ژیانێکی باشتردان پرۆژەیەکی پوخت و تۆکمەیان لێهەلبهێنجێندرێ ئەنجا بخرێتە بەردەم راپرسییەکی جەماوەریی گشتیی بۆئەوەی بە بڕیاری زۆربەی جەماوەری گەل وەک میکانیزمێکی بنچینەیی و گشتیی بۆ جۆر و شێوە و شێواز و بەڕێوەبردنی سیستەمی دەسەلات و کارگێڕیی کۆمەلایەتیی و تێکڕای لایەنەکانی ژیان ببێتە دەستووری وولات و لە لایەن پەرلەمانێک کە بەڕاستیی نوێنەری راستەقینە ی گەلە – ئەگەر هەبێ!– بڕیاری لەسەر بدرێ و بچەسپێندرێ .

حەزدەکەم هەر لێرەشدا بە خوێنەران رابگەیەنم کە من لە نووسینی ئەم پرۆژەیە هەولمداوە ئەو زمانە پڕ تەمومژە پلاستیکییە بێ واتایە باوەی ئێستا بەکارنەهێنم کە دەستوور و یاسا و رێساکانی پێدادەڕێژدرێ بەلکە بە زمانێکی روون و ئاشکرا و رەوان – زمانی زۆربەی زۆری خەلک – بکەوێتە بەردەست جا چەند درێژ دەردەچێ با دەرچێ گرنگ ئە وەیە زۆربەی زۆری خوێنەران بە ئاسانیی لێیتێبگەن چونکە بۆ خۆێندنەوەیە نەک بۆ داگیرکردنی گۆشەیەکیتر لە کتێبخانە فە رمۆشکراوەکان .. جا بۆیە ئەگەر درێژەدادڕییەکیشی بەخۆوەگرتبێ هەر بۆ ئەم مەبەستەیە کە باسمکرد .. یان ئەگەر لە دەقی پرۆژەیەک بۆ دانانی دەستوور دەرچووە و دەرفە تی ( ئەمە بە یاسا رێکدەخرێ) ی تەسککردۆتەوە ئەمە بۆئەوەیە کە ویستوومە مادەکان بە ناتەواویی و وەک چەند مەتەلێک نەخرێنەڕوو و بە روون و ئاشکرایی خۆبەدە ستەوەبدەن..نە ک هەرکەسێک بیەوێ بەپێی ویست و بەرژەوەندییەکانی خۆی لێکیانبداتەوە و یاسا و رێسای پلاستیکیی و دژەمرۆییان لێدابتاشێ .

## دەروازەی یەکەم :

### 1- پێکهاتەکانی نیشتمان:

**<u>مادەی 1 :</u>** ( کوردستانی باشوور) ناوی نیشتمان و وولاتە .

**<u>مادەی 2 :</u>** هە موو شارەکانی هەولێر ، سلێمانی ، کەرکوک ، دهۆک ، بەشێکی نێو نەینەوا و شارۆچکەکانی ئاکرێ و شێخان و شەنگار و تەلەعفەر و تەلکێف و قەرەقۆش و کۆمەڵگە کانی زومار و باشیقە و ئاسکی کەلەک ، شارۆچکەی بەدرە و کۆمە ڵگە ی جەسان ، هەردوو شارۆچکەی خانەقین و مەندەلی دەکەونە نێو سنووری نیشتمان .

**<u>مادەی 3 :</u>** هەولێر پایتەختی وولاتە.

**<u>مادەی4:</u>** دەکەوێتە نێوان هەرسێ پارچەکەیتری کوردستان و عێراق.

**<u>مادەی 5 :</u>** کوردستانی باشوور لە رووی مێژوویی و جوگرافیی و... هتد پارچەیەکە لە نیشتمانی پارچەپارچەکراوی کوردستانی مەزن .

**<u>مادەی 6:</u>** نیشتمانی هەموو ئەو خەڵکانەیە کە لەسە ریدەژین : کورد، تورکمان، (کلدان– ئاشوور– سریان)، عارەب، ئە رمەن، ... هتد.

**<u>مادەی 7 :</u>** هە موو زمانەکانی نێو نیشتمان بەبێ جیاوازیی لە هەموو شوێن و ناوچەیەکی وولات فەرمیین .



### 2- بنچینەکانی دامەزرانی وولات:

**<u>مادەی 8 :</u>** سیستەمی دەسە ڵاتی حوکم کۆماریی و پەرلەمانییە لە چوارچێوەی وولاتێکی سکۆلاریی و فرەنەتە وەیی مرۆڤپەروەر.

**<u>مادەی 9 :</u>** دەنگی گەل بنچینە و سە رچاوەی تێکڕای دەسەڵاتەکانە.

**<u>مادەی 10 :</u>** ئاشتیی و ئازادیی و دیموکراسیی ویەکسانیی وئاسوودەیی و سەربەخۆیی و مافی مرۆڤ پرانسیپە بنچینەییەکانی دەسەڵاتن.

**<u>مادەی 11 :</u>** کۆبوونەوەی ئاشکرا، راپرسیی گشتیی ، هەڵبژاردن ، کاری بەکۆمەڵ، رەخنە و رەخنەلەخۆگرتن، فرەلایەنیی، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، جیاکردنەوە و پۆڵێنی دەسەڵاتەکان، سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان..رێچکەی سە رکیین بۆ کاری دەسەڵاتەکان .

**<u>مادەی 12 :</u>** سیستەمی گشتیی ژیانی کۆمەڵ – سەرمایەداریی یان سۆشیالستیی یان تێکەڵاو – لە رێگای هەڵبژاردنێکی جەماوەریی بە مانگێک بەر لە هەڵبژاردنی هەر پەرلەمانێکی نوێ دیاردەکرێ.

**<u>مادەی 13 :</u>**

1 – بنیاتنانی ژێرخانێکی ئابووریی بەهێز و هەردەم گە شەسەندوو لە رێگای شێوازە ئابوورییە سە رکەوتووە کۆن و نوێکانی سە ردەم و هاندان و وەگەڕخستنی ئەو کەرتە ئابوورییانە ی کە بەرهەمی کار و قازانجەکانیان زیاتر خزمەتی بەرژە وەندییە گشتییەکانی کۆمەڵ دەکەن بە مەرجێک بە هۆیانەوە ئابووریی نیشتمانیی زیاتر گەشە پێبدەن و شتومەک و کەرەستە و پێداویستەکانی ژیانی کۆمەڵ بەرهەمبهێنن و گرنگیی زیاتر بە بەرهەمهێنانی خۆماڵیی بدەن .

2– نابێ هیچ مادە و چەکێکی قەدەغەکراوی جیهانیی بەرهەمنەهێندرێ و بەرهەمهێنانی چەکەکانی تریش تەنیا بۆ پێداویستییەکانی هێزە چەکدارەکانی نێوخۆیی نەک بۆ کڕین و فرۆشتن .

3 – ڕێگا بە قۆرخکردن و گەندەڵیی ئابووریی و دادۆشینی بە کاربەر و چەوسانەوەی کرێکاران و جۆتیاران و ڕەنجدە ران و فەرمانبەران و چین و توێژە زەحمەتکێشە کانی تری کۆمەڵ نەدرێ و بە گوێرەی بەرژە وەندیی گشتیی کۆنترۆڵی کێبڕکێی بازاڕ و ئابووریی ئازاد بکرێ.

4 – لەنێوبردنی دیاردەی مافیایی و قاچاغچییێتیی و کۆنترۆڵکردنی هەناردن و هاوردنی هەرجۆرە شتومەکێک .. بەڕێوەبردنی گومرگ لە ڕێگای بیرۆی دەزگا و دامەزراوە بازرگانییە حکومییەکان دەبێ .. هەرجۆرە چەک و دەرمانێکی قاچاغ و هاوردنی چەکە قەدەغەکراوەکان و دەرمانە قاچاغەکان قەدەغە ن .

**مادەی 14 :**

1 – دین بەزۆر نییە و بە هەموو شێوەیەک جیایە لە وڵات و نابێ پشت بە ڕێبازی هیچ دینێک ببەسترێ بۆ دانانی دەستوور و یاسا و ڕێساکان .. هیچ دین و مەزهەبێکیش فەرمیی یان نافەرمیی نییە و هەرکەس ئازادە هەر دینێکی هەبێ یان بیگۆڕێ .. مافی بە دین و بێدینەکانیش وەکویەک پارێزراوە .

2 – هیچ توانایەکی مادیی و مە عنەویی وڵات بۆ دامەزرانی شوێن و دامودەزگا و کار و کارگێڕییە دینییەکانی هیچ دینێک خەرجناکرێ .

3 – وەستانەوەی توند دژ بە هزر و سیاسەتی شۆڤێنیی و فاشیی و توندوتیژیی و خورافە و دابونەریتی کۆنەپەرستیی و جینۆساید و گۆڕینی باری دیمۆگرافیی و جیاوازیی و ڕەگەزپە رستیی – نێوان ژن و پیاو ، جیاوازیی دینیی ، نیشتمانپەرستیی ، نەتەوەپەرستیی ، ناوچەگەریی ، خێڵەکیی ، جیایی ڕەنگ ...هتد – و کاری تیرۆریستیی و ستەمی چینایە تیی و چە وسانەوەی ژنان و منداڵان و بەساڵاچووان و لاوان و فەرامۆشکردنی پەککەوتە و کەمئەندامان و پێشێلکردنی هەر مافێکی مرۆڤ و تێکدانی ژینگە و پێشێلکردنی مافەکانی گیانلەبە ران.



**مادەی 15 :**

1– هێزی بەرگریی نیشتمانیی– پێشمەرگە– بەشێوەی خۆبەخش دە بێو هەموو بنکەکانیان تەنیا لە سەر سنوورەکان دادەنێن . ئەم هێزە تەنیا بۆ دوو مەبەست دادەمەزرێ ؛ یەکەم : بەرگریکردن لە نیشتمان تەنیا لەو کاتانەی وڵاتێکیتر شەڕ بە وڵات دە فرۆشێ . دووەم : یارمەتیدان و پاراستنی خەڵک لە کارەساتە سرووشتییەکان .

2– هێزی بەرگریی نێوخۆ– پۆلیس – بە پێشکەوتووترین پەروەردەی مرۆیی و ئاستێکی ڕۆشنبیریی بەرزەوە تاکە هێزی پاراستنی خەڵکە لە تیرۆر و کوشتن و ئازاردان و هەموو توندوتیژییەکی جەستەیی و دەروونی .. بە پەیڕەوکردنی یاسا و ڕێساکان بەرپرسە لە ئارامیی و ئاسایشی نێوخۆ و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان و تەنیا لە کاتی پێویستیشدا چەکدار دە بێ .

3 – هیچ هێزێکیتری چەکدار نابێ هەبێ و هیچ کەسێکیش – کەسانی نێو حیزب و دەسەڵاتەکان یان جەماوەر – نابێ بە هیچ جۆرێک هیچ جۆرە چە کێکی هەبێ و سەرپێچییکەر بە توندیی سزا دەدرێ.

4– هیچ جۆر و شێوە دەستە و ڕێکخراو و دامودەزگایەکی سیخوڕیی و هە واڵگریی بێ چە ک یان چە کداری حیزبیی و حکومیی و جە ماوە ریی – بۆ نێوخۆیان بۆ دەرەوە – ڕێگە پێدراو نیین و نابێ هەبن .

5 – ڕێگرتن لە دروستکردن و بەکارهێنانی چە کی نیوکلیاریی و کۆکوژ و هەرجۆرە چەکێکی قەدەغەکراو و کۆششکردن بۆ لەنێوبردنو بنەبڕکردنیان لە هەموو جیهان .

**مادەی 16 :**

1 – گەلانی کوردستان تاکە خاوەنی هەموو سامانێکی سرووشتیی – بەکارهاتوو و بەکارنەهاتوو– و هەموو سامانێکی گشتیی– پارە و پوڵ و شتومەک و کەلوپەل و... هتد – ن لە ڕێگای دەسەڵاتەکانی

**وولاّتەوە سەرپەرشتییان دەكەن و بەڕێوەیان دەبەن .**

**2 – كۆی ئەم سامانانە دەبێ هەردەم بە سوود و قازانجی گشتیی بەكارببردرێن و هەموو تاكەكانی كۆمەڵ بە یەكسانیی سوود لە بەكاربردن و قازانجەكانیان وەربگرن .. بە هیچ شێوەیەكیش نابێ و ناكرێ بۆ هیچ كەس و لایەن و وولاّتێك دەست لە هیچ بەشێكیان هە ڵبگیردرێ .. دەبێ بە بەردەوامییش بە گوێرەی ژیانی ئێستا و داهاتووی پێشكە وتووتر و بە لەبەرچاوگرتنی ویست و بەرژەوەندیی نەوەكانی ئێستا و داهاتوو نەخشەوپلانی جیاجیای وەبەرهێنان و بەكارهێنانێكی گونجاویان بۆ بكێشرێ .**

**3– دەبێ هەرتاكێكی جە ماوەر بەهرەمەند بێ لە هەر میكانیزمێكی گونجاو بۆ ئەوەی بە رێكاری یاسایی رێگا لەو كەسانە بگرێ كە دەیانەوێ سامانەكانی گە ل بە فیڕۆ بدەن یان بۆ سوود و قازانج و بەرژەوەندییە خۆپەرستییە تایبەتییەكانیان بەكاربهێنن جا ئەو كەسانە لەنێو دەسەلاّت یان لە دەرەوەی دەسەلاّت بن .**



## دەروازەی دووەم :

### 1 – ماف و ئازادییەكان:

**<u>مادەی 17 :</u>**

**1 – هەموو كەسێك بەبێ ویستی خۆی لە دایكدەبێ بەلاّم مافی ئەوەی هەیە بە پێی ویستی خۆی و سەربەخۆ و ئازادانە بژیێ .**

**2 – یەكسانیی وەكویەكی ماف و ئازادییەكان بۆ هەموو كەسێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جیاكارییەكی نێوان مرۆڤە كان .**

**3 – مافی هەر كەسێكی كوردستانە بە ئازادیی خۆیی سە ر بە هەر دینو حیزب و لایەن و رێكخراوێكی سیاسیی و كۆمەلاّیەتیی و پیشەیی و رۆشنبیریی ... هتد بێ یان نەبێ یان بیانگۆڕێ .**

**4 – ئازادیی نیشتەجێبوون لە هە ر جێگایەكی نێوخۆ و دەرەوەی وولاّت و گەڕانەوە و گەشتوگوزار بۆ هەركەس وەكویەك .**

**5 – مافی وەرگرتنی هەر پۆستێكی حكومیی و مەدەنیی و رەخساندنی هەڵی هەر كارێك و هەڵبژاردنی هەركارێك بۆ هەركەسێكی سە روو 18 ساڵ وەكویەك .**

6 – **مافی بەخۆڕایی خوێندن و پە روەردە و هەر خول و راهێانێك لە هە موو ئاستێك لە دەرەوە و نێوخۆی وولاّت بۆ فێربوون و رەخساندنی هەڵی كار بۆ هەركەس و وەكویەك .**

7 – ئازادیی فەلسەفیی و هزریی و سیاسیی و رۆشنبیریی و هەرجۆرە را و بیروبۆچوونێک و بەکارهێنانی میدیا مافی هەرکەس و لایەنێکە و دەبێ بپارێزرێن و بەپێی ئاستەکان تواناکانیان بخرێتە بەردەست .

8 – مافی کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێپێوان و داواکاریی و سکالاّ و ناڕەزایی دەربڕین و ڕەخنە گرتن و خۆپیشاندان و مانگرتن لەسەر هەر ووشە و کار و بابەتێک جا بەرامبەر هەرکە س و حیزب و لایەن و دە سە ڵاتێک بێ مافی ڕەوا و بێ ئەملاوئەولای هەموو کەسێکی نێو نیشتمانە .

9 – مافی هەر کەسێکی سەروو 18 ساڵە بە ویست و ئارەزووی خۆی بەشداریی بکا یان نەکا لە هەڵبژاردن و راپرسییە گشتییەکان .. 10% ی جەماوەری دەنگدەر لە چوارچێوە ی گشتیی یان شوێنێکی دیارکراو مافی ئەنجامدانی راپرسییان هەیە بۆ هەربابەتێکی دیارکراو.

10 – مافی گرتنی هەڤاڵ و هاوڕێ بۆ هەرکە س وە کویە ک .. مافی هەڵبژاردنی ئەڤینداریی – هەڤاڵینیی و خۆشە ویستیی و جووتبوون و جیابوونەوە– ی نێوان نێر و مێ بۆ هەموو کەسێکی سەروو تەمەن 16 ساڵیی وەکویەک جا لە هەر نەتە وە و دین و ڕەگەزێک بن .

11 – پاراستنی گیان و جەستە و باری دەروونیی و شکۆمەندیی و تایبەتمەندییە کانی بوونی مرۆڤ و دابینکردنی هێمنیی و ئاسایش و ئاسوودەیی بۆ هەرکەس وەکویەک .

12 – پاراستنی شوێنی نیشتەجێبوون و ماڵ و شتومەکی هەرکەسێک .

13 – پاراستن و دابینکردنی هەرجۆرە ماف و پێویستییەکی مرۆڤەکان لە رووی تەمەن و باری خێزانداریی و ڕەبە نیی و نێرەمووکیی و ناتەواویی و هەر بار و ڕوویەکیتری جیاواز .

14 – ئازادیی سیاسیی و رۆشنبیریی و پیشەیی و کۆمەڵایەتیی بۆ دروستکردنی هەرجۆرە پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە و یەکێتیی و یانە و



سەندیکایەک بەبێ مۆڵەت و سەپاندنی هیچ مەرجێک لە سەریان بە دابینکردنی پێویستیی و خەرجییە کارگێڕییەکانیشیانەوە .

15 – ئازادیی چاپ و بڵاوکردنەوە و دامەزرانی هەر دامودەزگایە کی میدیایی بە بێ مۆڵەت و سەپاندنی هیچ مەرجێک لەسەریان بە دابینکردنی پێویستیی و خە رجییە کارگێڕییە کانیشیانە وە .

16 – هاندان و پشتگیرییکردنی داهێنە ران و پێشکە شکردنی یارمەتیی و ئاسانکاریی بۆ بڵاوکردنەوە و جێبە جێکردنی داهێنانەکانیان وپاراستنی تێکڕای مافەکانیان .

17 – پاراستنی مافەکانی بە کاربەران و پشتگیرییکردنیان لە دانانی (نرخی گونجاو) بۆ هە ر کالاّیەک – هی نێوخۆ و دەرەوە – و ڕێگرتن لە سنووربەزاندنە کانی فرۆشیار و خاوەنکالاّکان و دامە زرانی لێژنە و کۆمەڵەی پێویست و تایبە ت بۆ ئەم مەبەستە لە هەموو شوێنێک.

18 – بڕێکی گونجاو لە ( بیمەی بێکاریی هەفتانە ) بە پێی تەمەن و بە یەکسانیی بۆ بژێوی ژیانی هەرکەسێک ، هەرکەسێکیش کار بکا جگە لە دەستکەوتی کارەکە ی خۆی هەمان بیمە هەر وەربگرێ .

19– هەرکەسێک بە هۆی نەخۆشیی و پەککەوتن و منداڵبوون و پیریی لە کارەکەی داببڕێ بیمەیەک بە بڕی دەستکە وتی کارەکە ی وەربگرێ، ئەوانەی هەر لە سەرەتاوە بە هۆی هەر ناتەواوییە ک ناتوانن کار بکەن هەرکەسە و بە پێی پێویست بیمەیەکی هە بێ .

20 – هەر ڕەبەن و خێزانێک خانوویەکی لە بار و تایبەتی بۆ نیشتەجێبوون بە خۆڕایی بۆ دابینبکرێ بە مەرجێک هەر کەسێک – جگە لە هاوسەران کە یەک ژووریان پێویستە – ژوورێکی تایبە تی خۆی هە بێ .. هەر خانووێک دەبێ هەموو شوێنە پێویستە کانی تری هەبێ وەک ژووری دانیشتن و ناندین و سەرشۆرک و ئاودەست.

21 – لایەنی کەم و پێویستی خەرجیی ئاو و کارەبا و نەوت و گاز و تەلەفۆن و ئینتەرنێت و ئاگرکوژێنەوە و فریاکەوتنەکان و فڕێدانی زبڵو هاتوچۆی نێوخۆ و دەرەوە و وولاتان بۆهەرکە س وەکویەک دیارکراو و بە خۆڕایی دەبێ ، کرێی هەر زیادە خەرجییەکیش لە ئاستی دیارکراو دەکە وێتە سەرشانی ئەو کەسە ی زیادەخە رجیی دەکا .

22 – بنکەی پزیشکیی تایبەت و بە پارە قەدەغەیە و چارەسەری هەر نەخۆشییەک بە فریاکەوتن و نەشتەرگەریی و خەوتن و هەموو داودەرمانێکەوە بۆ هەرکەس وەکویەک و بەخۆڕاییە .

23 – قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو کەسانە ی بە هۆی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی رژێمەکانی پێشوو و شە ڕی کۆنەپەرستانە ی نێوان حیزبەکانو تیرۆرو نەبوونی ئازادیی سیاسییوهەڵسوکەوتی حیزبەکانو کۆنەپەرستیی .. زیانی مادیی و گیانیی و جە ستەیی و ئەشکەنجەدان و دەروونییو گوزەراندنی کات و پەککەوتەییان پێگە یشتووە..کە پێویستە دیارکردنی زیانلێکەوتووان و بڕ و جۆر و شێوە ی قەرەبووکردنەوە مادییو مەعنەوییە یەککەڕەتییو هەمیشەییە کان لە لایەن لێژنەیەکی شارەزا و هەڵبژێردراوی جەماوەریی و بێلایەنی دوور لە حیزبەکان ئەنجامبدرێ .

<u>**مادەی 18 :**</u>

1 – هەرکات جەماوەر بیەوێ دەتوانێ لەرێگای راپرسیی گشتییەوە ناوی وولات و شوێنی پایتەخت بگۆڕێ .

2 – مافی هەر ناوچەیەکی نێو سنووری کوردستانە ئەگەر بیانەوێ لە راپرسییەکی نێوخۆی خۆیان لە کوردستان جیاببنەوە – وە ک وولاتێکی سەربەخۆ یان یەکگرتن لەگەڵ وولاتێکی دەوروبەریان – یان هەرێمێکی ئۆتۆنۆمییان هەبێ یان داوابکەن کوردستان ببێتە وولاتێکی فیدراڵیی یان کۆنفیدراڵیی .



3 – مافی هەر ناوچەیەکی سەرسنووری کوردستانە – بە دیوی عێراق– ئەگەر بیانەوێ لە راپرسییەکی نێوخۆی خۆیان لەگەڵ کوردستان یەکبگرن جا بەشێوە ی ئۆتۆنۆمیی یان فیدراڵیی یان کۆنفردراڵیی بێ .

4 – کوردستانی باشوور مافی ئەوەی هەیە ئەگەر بیەوێ لە رێگای راپرسیی لەگەڵ پارچەکانیتری کورستان یەکبگرنەوە جا بە شێوە ی فیدراڵیی یان کۆنفیدراڵیی یان یەکپارچەیی بێ .

5 – هەرکەس ئازادە هەر ناسنامەیەکی خۆی بە زمانی خۆی یان بە زمانێکیتر هەبێ و ناوی نەتەوەکەی لەسەر تۆمار بکا یان نەکا.

6 – هەر نەتەوەیەک ئازادە میدیا و خوێندنگا و دەزگای پە روەردە و فێرکردنی تایبەتی خۆی لە هەموو ئاستێک بە زمانی خۆی دابمەزرێنێ بەمەرجێک هاندەری رەگەزپەرستی وتوندوتیژیی وتیرۆریزم نەبێ .

7 – ئاڵا و دروشم و سروود و جەژنی گشتیی و نموونە و نیشانە و پشووی فەرمیی و خەڵات و رێزگرتن و هەر سیمبۆڵێکیتردەبێ گوزارشت لە ناسنامەی تێکڕای هاوڵاتییان بکەن..ئەگەرنا ئەوادەبێ لەراپرسییەکی گشتیی هەڵببژێردرێن و بە فەرمیی بناسرێن .

8 – هەر نەتەوە و ناوچە و کارێکی جیا دەتوانن هەموو – ئەوانەی خاڵی هەفتەم– و هەر سیمبۆڵێکیتری تایبەت بە خۆیان هەبێ و لەتەک گشتییەکە بەکاریانبهێنن .

<u>**مادەی 19 :**</u>

1 – جگە لە کاری هێزی چەکدار و پاسەوان و ئێشکگریی نەخۆشخانە و فریاکەوتن و ئاگرکوژانەوە و ئەو کارە ئێشکگرییانەی لە خزمەتی پاراستنی گیان و بەرژە وەندیی هاوڵاتیاندان نابێ هیچ کارێکیتر بەر لە کاتژمێر7 ی بەیانی دەستپێبکا و لە کاتژمێر9 ی پاشئێوارە تێبپەڕێنێ.

2 – هەر کارێکی رەش و نایاسایی و هەر کارێکی بێ گرێبەست لە

نێوان خودی کرێکار و خودی خاوەنکار قەدەغەیە .
3–مافی هەرکەسێکی تەمەن سەروو 18 ساڵە به ئارەزووی خۆی کارێک هەڵببژێرێ و پاش گرێبەست لەگەڵ خاوەنکار دەست به کارەکە یبکا بەمەرجێک لە 7 کاتژمێر کا ر بە کاتی پشوودانەوە کە یەک کاتژمێرە زیاتر نەبێ .. جا ئەو 7 کاتژمێر کارە لە کاتژمێر 7 ی بەیانی تا کاتژمێر 2 ی پاشنیوەڕۆ بێ یان لە کاتژمێر 2 ی پاشنیوەڕۆ تا 9 ی پاشئێوارە بێ، ئەو کاتژمێر پشووەش لە 3کاتی جیاوازدا دابەشدەکرێ: (15خولەک ،30خولەک ،15خولەک) .

4 – رۆژی شەموو و یەکشە م کە پشووی گشتییە لە هەفتە پشووی کرێکارانیش دەبێ .. واتە پێنچ رۆژەکە ی تر هەر رۆژەی 7 کاتژمێر – 35 کاتژمێر لە هەفتەیەک – کاردەکات .. بۆ ئەو کارانەش کە ناکرێ هیچ کاتێک بوەستێندرێ وەک کاری شەو کە لە خاڵی یەکدا هاتوون ئەوا دەبێ کرێکار 2 رۆژیتری هەفتە بە ئارەزووی خۆی بۆ پشوو هە ڵببژێرێ ، زێدەکارییش بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە .

5 – دەبێ خاوەنکار ژەمێک خواردنی باش بە خۆڕایی بدا بە کرێکار و بە خۆڕاییش هاتوچۆی پێبکا واتە لە پێش ماڵەکەی خۆی بۆ شوێنی کار و بە پێچە وانەشە وە .. کرێی کاتی هاتوچوونیش بە گوێرەی کرێی کاتژمێری کار بدا بە کرێکار .

6– هە رکرێکارێک لە پاش هەر 12 هەفتەیەک یەک هەفتە پشووی هەیە بە تەواوی ئەو کرێیانەوە کە لە رۆژێکی کار وەریدەگرێ – کرێی کاتژمێری کار، پارەی خواردنە رۆژانە کە ی،کرێ کاتیهاتوچوونەکەی– .. دەتوانێ پشووەکە لەهەرکاتێک وەربگرێ.

7 – جگە لەوەی هەموو پشووە فەرمیی و گشتییەکان پشووی کرێکارانیشن دەبێ رۆژی جیهانیی کرێکارانیش پشووی فەرمیی و



گشتیی بێ بۆ هەموو کەسێک .. هەر کارێک یان هەر کارگەیەکیش لە ساڵێکدا رۆژێک پشووی تایبەتی هەیە .. هەر پشوویەکیش بە تەواوی کرێیەکانی هەر کرێکارێک دەبێ .

8 – هەر کرێکارێک بە هۆی کارەکە ی گیان لە دەستبدا ئەوا جگە لەوەیدەبێ خاوەنکار کرێیەکی دووبەرابەری هەفتانەی کرێیکرێکارەکە بۆ ماوە ی 25 ساڵ بدا بە کەسەکانی نێو خێزانەکەی – ئەگەر کەسی نەبوو ئەوا سەندیکای کرێکاران هەفتانەکە ی بکا بە پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاریی– کار و کارگەکەشی بوەستێندرێ و جارێکیتریش بە هیچ شێوەک نەک هەر نەتوانێ کرێکار بەکرێ بگرێ بەڵکە نەتوانێ خاوەن یان بەرپرسی هیچ کارێک بێ .

9 – کرێکار لە کاتی نەخۆشیی کاتیی مافی پشوو وەرگرتنی هەیە .. ئەگەر بەهۆی کارەکەیشی ئەندامێکی جەستە ی لە دەستدا یان تووشی پەککەوتەیی و نەخۆشییە کی هەمیشەیی بوو ئەوا جگە لەوەی دەبێ خاوەنکار پێشەکییەک بە بڕی کرێی هەفتانەی یەک ساڵی کارەکەی بە یەکجار پێبدا دەبێ کرێی هەفتانەکەشی – بە بێ کارکردن – بە بەردەوامیی پێبدا .

10 – بێگاریی و قۆنتەرات و پارچەکاریی و کاری منداڵان تا سەروو 18 ساڵیی و کاری ژنی دووگیان تا ساڵێک پاش منداڵبوونەکەشی – کە پشووەکە ی بەکرێ تەواوەوە دەبێ – بە هەموو جۆرێک قەدەغە ن .

11 – کرێکار تەنیا لەسەر رەوشتی خراپ وەک شەڕفرۆشتن و شتی لەو بابەتانە و ئەنجامنەدانی کارەکانی خۆی لە کارەکە ی دەردە کرێ.. بەڵام ئەگەر خاوەنکار ویستی پێش تەواوبوونی ماوەی کاری کرێکار – کە هەردەم دەبێ لە کاتی گرێبەستی کار لە نێوان کرێکار و خاوەنکار تۆماربکرێ – لەبەر هەر هۆیەکیتر کرێکارێک

**دەربکا  ئەوا دەبێ هەفتانە  بۆماوەی یەک ساڵ  کرێیەکە ی پێبدا.**

**12 –  کارگێڕیی کار و کارگە یان هەر شوێنێکی تری بەڕێوەبەریی کار کە بەرپرسن لە هە ڵسوڕانی کار و کارگە و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی کرێکاران بە یەکسانیی لە نێوان نوێنەرانی کرێکاران و خاوەنکاران پێکدێ و ، هە روا دەبێ تەواوی کارمەندانی هەموو نووسینگەیەکی پەیداکردنی کار لەو کرێکارانە بن کە زۆرترین خزمەتی کاریان هەیە و وەک بەرگرییکەر لە ماف و ئازادییەکانی کرێکاران لە لایەن خودی کرێکارانەوە وەک نوێنەر هەڵبژێردراون .**

**13– نابێ کرێکاران لەلایەن خاوەنکاران‌و هەرکەسێکی‌دی بە بێبایەخیی‌و بە چاوێکی سووک تەماشا بکرێن و دە بێ وە ک هە ر کەسێکیتر تایبەتمە ندیی و شکۆمەندییەکانیان بە تە واویی پارێزراو بێ و هەرکەسێک سادەترین زۆرداریيان دەرهەق بکا دەبێ بکەوێتە بەردەم دادگا و بە سزای رەوای خۆی بگەیەندرێ .**

**14 – کرێکارانی دەرەوەی وڵات – بە فەرمیی هاتبن بۆ کارکردن یان پەنابەر بن جا مافی نیشتەجێبوونیان هەبێ یا نەبێ– جگە لەوەی دەبێ بە پێی پێویست یارمەتییان بدرێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زمان نازانن و شارەزای شێوازی ژیانی نێوخۆنیین بە بێ جیاوازیی هەموو ماف و ئازادییەکی وەک کرێکارانی نێوخۆیان هەیە .**

**15 – کرێکاران بە بێ هیچ بەند و مەرجێک مافی ئازادیی سیاسیی و رێکخراوبوونی پیشەیی و ئازادیی میدیایی و رادەربڕین و خۆپێشاندان و مانگرتن و رێپێوان و کۆڕ و کۆبوونەوە و داواکاریی و سکاڵایان هەیە و دەبێ حکومەت لە لایەنە مادیی و مەعنەوییەکان یارمەتییان بدا.**

**16 – سە ندیکاکانی کرێکاران لە هەموو شوێنێکی کار و راستەوخۆ لە لایەن خودی کرێکاران و بەبێ دەستێوەردانی دەسە ڵات و حیزبەکان**



**دادەمەزرێن و دەبێ حکومەتیش بە یارمەتیی مادیی پشتگیرییان بکا بۆ بەڕێوەبردنی بنکە کارگێڕییەکانیان .**

**17 – کرێی کرێکار بە گوێرەی نرخی یەک کاتژمێر کاری ئەو کارگانە دیاردەکرێ کە رۆژانە کاڵای بەرهەمهاتوویان دیارە و بەلایەنی کە م 10 کرێکار یان زیاتریان هەیە و رێژەیەکی مامناوەندیی لە قازانج بەرهەمدەهێنن .. ئەویش بە دانی نیوەی کۆی قازانجی رۆژانەی خاوەنکار بە کۆی کرێکاران و دابەشکردن لە سەریان بە یەکسانیی .. بە دابەشکردنی دەستکەوتی رۆژانەی کرێکارێکیش بەسە ر7 کاتژمێر کار نرخی یەک کاتژمێر کار دەردەکەوێ .. بەمەش دەتواندرێ بە ئاسانیی بە بەراوردکردن و لە یەکچوواندنی ( کاری ئەو شوێنانەی کە کارگە نیین یان کارگەی لەو بابەتانە نیین) لەگەڵ ( کاری ئەو کارگە کانەی باسمانکردن ) لە رووی باری قورسیی و سووکیی کارەکانیان نرخی یەک کاتژمێر کاری هەر کارێک دیاربکرێ .**

<u>**مادەی 20 :**</u>

**1 – دەبێ ژنان بە هەموو شێوەیەک و بە واتای ووشە لە هەردوو رووی هزریی و کردەیی یەکسان بن بە پیاوان و تێکڕای ئەو ماف و ئازادییانە یان هەبێ کە پیاوان هەیانە .**

**2 – نابێ ژنی دووگیان هیچ جۆرە کارێک بکا.. ئەگەر کارێکی هەبێ ئەوا خاوەنکار مۆڵەتی کاتی دووگیانیی‌و ساڵێک پاش منداڵبوونیشی پێبدا.. ئەگەر کاری بە کرێی نەبوو ئەوا حکومەت هەفتانەیەکی بە قەد کرێی کرێکارێکی مامناوەندیی بۆ ببڕێتەوە .**

**3 – لە کاتی ( خوێندانانی مانگانە ) ئۆتۆماتیکیی 2 رۆژ پشوودانی خۆی هەبێ بە کرێی تەواوی هە فتانەوە جا ئەو کرێیە لە لایەن خاوەنکارەوە بێ یان لە لایەن حکومەتەوە .**

**4 – ژن مافی هەیە نەهێڵێ منداڵی ببێ بەڵام نابێ لە 2 منداڵ زیاتری**

هەبێ .. پاش هەبوونی دوو منداڵ نابێ کۆرپە دروستبکا تا ناچاری لەباربردن بێ ، بەڵام پێش هەبوونی دوو منداڵ مافی ئەوەی هەیە هەرکاتێک بیەوێ کۆرپە لەبارببا بە مەرجێک لێژنەیەکی پزیشکیی بیسەلمێنێ مەترسی مەرگ و نەخۆشیی درێژخایەنی بەدواوە نابێ.

5 – دەبێ دایەنگە و شوێنی بەخێوکردنی منداڵ لە رۆژی یەکەمی لەدایکبوونەوە منداڵەکە وەربگرێ و تا کۆتایی 18 ساڵیی بەخێوی‌بکا– جا ژنەکە هاوسەری هەبێ یان‌نەبێ–بەڵام لەبارێک کە ژنەکە هاوسەری هەیە بەبێ‌ئە وە ی پرس بە هاوسەرەکە ی بکا دەتوانێ منداڵەکە ی رۆژانە بۆ چەند کاتژمێرێک – 3 تا 6 کاتژمێر– لە لای خۆی داڵدەبدا یان لە ماڵ بەخێوبکرێ هاوکات بەخێوکردنەکەش بە چاودێرییە کی توند و بە هەموو شێوەیەک دەکەوێتە سەرشانی هاوسەرەکە ی .. واتە لە هیچ بارێک نابێ ژن منداڵ بەخێوبکا.

6 – خەتەنکردنی کچان یا ژنان و کردەوەی شوشتنەوەی شەرەف و دووژنیی و بنپشک و ژن بە ژنە و فرۆشتنی ژن و مارەیی و مارەکردنی دینیی و رێگرتن لە ئەڤین و هەڵبژاردنی هاوسەر و رێگرتن لە ئازادیی سێکسیی کەمتر لە پیاو و سێکسی پێش 16 ساڵیی و هاوسەرییبوونی پێش 18 ساڵیی و جنێو و سووکایەتیپێکردن و ئەتک و ئەشکەنجەی دەروونی و لێدان و بریندارکردن و کوشتن بە هۆی ژنبوون و هەموو هەڵسوکەوتێکیتری پیاوانە ی دژە ژن کە لە لایەن پیاوان یا ژنانەوە لەبەرامبەر ژنانی تر ئەنجامدەدرێن بە تاوان دادەندرێن .

7 – فەرماندە یان جێگرەکانی هێزی پێشمەرگە و پۆلیس و بەرپرسی کۆنترۆڵ و داکردنی چەک و تەقەمەنیی و زیندان دەبێ لە ژنان بن .

8 – دامەزراندنی یەکێتی ژنان و یەکێتی دایکان لە لایەن خودی ژنان خۆیان و یارمەتیدانیان لەلایەن پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانییخواز و



مافپەروەرانی ژنان و یارمەتیدانی مادیی و مەعنەویی لە لایە ن حکومەتەوە بۆ دامەزرانی بنکە و کارگێڕییەکانی یەکێتییەکانیان لە هەموو شوێنێکی پێویست ، هەروا دەبێ ئەم یەکێتییانە نوێنەریان لەهەموو دامودەزگایەکی گرنگی دەسەڵاتەکان هەبێ .

9 – لە پێشکەشکردنی داواکاریی بۆ وەرگرتنی کار ژنان پێشی پیاوان و بە پلەی‌یەک کارییان پێبدرێ بەتایبەتیش ئەو کارانە ی کە بەخێرایی بنەمای مرۆڤ لە رووەکانی هزریی و دەروونیی‌و جەستەیی پێشدەخەن‌و بەهێزی‌دەکە ن .

10 – لەنێوبردنی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی ژنان لە رێگای بنەبڕکردنی پیاوسالاریی و رەتکردنەوەی دەقە یاساییەکانی باری کەسیی پێشوو و دەقە دینییە دژە ژنییەکان و خورافە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان و دابونەریتە کۆنەپەرستییە کان.

11 – رێژەی ژنان لە هەموو دامودەزگایە کی دەسەڵاتەکان و ئاستە جیاجیاکانیان لە رێژەی پیاوان کەمتر نەبێ .

12 – سادەترین پێشێلکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی ژنان لە لایەن هەرکەسێکەوە بە تایبەتییش لە لایەن پیاوانەوە دەبێ بەبێ هیچ چاولێپۆشینێک بدرێتە بەردەم دادگا و بە توندترین شێوە سزای تاوانبارانی بدرێ ، ئەگەر حکومەتیش درێخیی یان سەرپێچیی کرد لە دۆزینەوە و دادگاییکردنی ئەو تاوانبارکراوانە ئەوا دەبێ ژنان بە هۆی نوێنەرانیان لە یەکێتییەکانیان ئەو دەسەڵاتانەیان هەبێ کە بتوانن تاوانبارکراوان و کێشەکانیشان ببەنە بەردەم دادگا بۆ ئەوەی بەرێگای یاسایی مافە کانی خۆیان وەربگرنەوە .

<u>**مادەی 21 :**</u>

1 – یاسا لە سە رەوەی هەموو کەسێکە و هەموو کەسێک لە هەر جۆر و ئاست و شوێن و کاتێکدا بن وەکویەک لە بەرامبەر داد و دادگا و

دادوەرییی یەکسانن و دەتوانن هەر مادە و بڕگەیەکی نێو ئەم دەستوورە و تەواوی ئەو یاسا و ڕێسایانەی لێیهەڵدەهێنجێندرێن بەکاربهێنن بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان و بەرگرییکردن لەخۆیان لەبەرامبە ر هەر تاوانێک کە دەدرێتە پاڵیان .

2 – بەسە ردادان و چوونە شوێنی نیشتە جێبوون و پشکنینی ماڵ و دە ستبەسەرداگرتنی شتومەک و موڵکی تایبەتیی هەرکەسێک بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە تەنیا لەم کاتانەدا نەبێ :( دزیی، لێدان، بەکارهێنانی دەرمانی قەدەغەکراو ، سێکسی بە زۆر ، سێکس لەگەڵ منداڵ ، شکاندن و تێکدان و سوتاندن و تەقاندنەوە ، هەبوونی چەک و تەقەمەنیی ، بریندارکردن و تیرۆر و کوشتن ،بەکارهێنانی شوێن وەک شوێنی کارو بەڕێوەبردن بۆ دروستکردنو کڕینو فرۆشتنی هەرمادەیەکی قاچاغ و توندوتیژیی و خۆشاردنەوە لە سزاوەرگرتن و خۆنەدانەدە ست حوکمە یاساییەکان ) .

3 – ( ڕاوەدونان و ڕەشبگیریی هاوڵاتییان ، ئازاردانی جەستەیی و دەروونیی و بریندارکردنی تاوانبارکراو و تاوانبار و زیندانیی ، گرتن و ڕاپێچکردنو زیندانکردنی پێش دادگاییکردن،گرتن و زیندانکردنی کەسانی سیاسیی ، زیندانی تاکوتایبەتیی ، تێکەڵاوکردنی هەموو زیندانییەک و نەبوونی بەشی جیاجیای زیندانیان لە زیندان،لێسەندنەوەی هەر مافو ئازادییەکی هاوڵاتیان لە زیندانیی جگە لەوانەی دەبنە هۆی هەڵاتنی زیندانیی، زیندان و زیندانیی نایاسایی، بە زۆر کارپێکردنی زیندانییو سزادان بەکار، دادگای تایبەت و نهێنیی و نائاسایی و دادگای تایبەتیی نهێنیی و ئاشکرای سیاسیی و کەسیی و ئاسایشیی و پۆلیسیی و عەسکەریی،دادگاییکردن و سزای بەکۆمە ڵ، دادگاییکردنی بێ پارێزەر، هەر جۆرە پارە وەرگرتنێک لە مافخوراو و تاوانبارکراو و تاوانبار و



زیندانیی لە هەرسێ قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن و جێبەجێکردنی حوکمەکان جگە لە سزادانی بە پارە کە لەلایەن دادوەر دەردە چێ ، گەورەتربوونی سزا لە تاوان، دانپێنان بە زۆر و بە هەر شێوازێکیتری نایاسایی، بەرتیلدان و بەرتیلوەرگرتن ، دانی زیندانیی بە وولاتان و تەرەکردن و دوورخستنەوە و بنبزرکردن و کوشتن و تیرۆرکردن و لەسێدارەدان ) لەلایەن هەرکەسێک و هەر فەرمانبەرێکی زیندان و دامودەزگایەکی یاسایی و سیاسییەوە بە هەموو جۆر و شێوەیەک قەدەغەن و بە تاوان دادەنرێن .

4 – هەرکەسێک دەبێ بە نامە ئاگاداربکرێتەوە بۆ چوونی بۆ دادگا.. جگە لەو کەسانە ی ( بریندارکردن و کوشتن و تاوانی گەورە یان کارەساتیان ئەنجامداوە و دەیانەوێ هەڵبێن و خۆیان بشارنەوە یان مەترسی ئەو کارانەیان لێدەکرێ ) نابێ کەس پێش دادگاییکردن و سزادان لەلایەن دادگا بگیرێ یان بەند بکرێ .. هەروا کاتێک کە تاوانبارکراو نامەی دادگا فەرامۆشدەکا یان نایەوێ خۆی بداتەدەست دادگا یان یاساکان و بڕیاری دادگا جێبەجێ ناکا ئەوا مافی دەزگایەکی تایبەتی دادگایە بەهۆی پۆلیس دە سگیری بکا ئەویش تەنیا بۆ کاتی پێش دادگاییکردن بە مەرجێک ئەو کاتە لە 12 کاتژمێر زیاتر نەبێ و دەبێ دەستبە جێ لە تاوان و هۆیەکانی گرتنەکەی ئاگاداربکرێتەوە و لیستی ناوی داواکارە تایبەتییەکان – پارێزەر– ی بخرێتە بەردەم بۆ هەڵبژاردنی یەکێکیان و مافی ئەوەشی هەیە هەر هۆیەکی پەیوە ندیی بۆ ئامادەبکرێ کە پێویستیەتی بۆ ئەوەی پەیوەندیی بە 1– 3 کەسی نزیکی خۆی بکا و سەردانی بکەن .

5 – نابێ تاوانەکان تێکەڵبکرێن، هیچ کێشەو حوکمێکی رابردوو نابێ کار بکاتەسە ر بڕیاری دادوەر لە کێشەیەکی نوێ ، هیچ یاسایەکی

نوێش کاریگەریی لەسەر بڕیار و حوکمی رابردوو و نابێ ئەگەر ئەو یاسایەی رابردوو هەڵنەوەشێندرابێتەوە یان هەموارنەکرابێ کە حوکمی رابردووی پێدەرچووە .

6 – هەر دادگاییەک پێکدێت لە : ( دادوەری گشتیی ، دادوەری تایبەت بە کێشە جیاجیاکان ، داواکاری گشتیی ، سکاڵاکە ر ، داواکاری تایبەت – پارێزەر– ، تاوانبارکراو) و بەبێ ئامادەبوونی هەر یەکێک لە مانە دادگاییەکە یاسایی نابێ .. گەواهێک یان 2 دەتوانن ئامادەبن ئەگەر سکاڵاکەر بە پێویستی بزانێ هەروا هەموو کە سێک دەتوانێ لە دادگا ئامادەبێ و 3 کەسیش لە ئامادەبووان دەتوانن لە کاتێکی دیارکراوی پێش بڕیاری دادوەری گشتیی را و تێبینیی خۆیان لە یەکجار دەرببڕن .

7 – پێداچوونەوە – دووبارەکردنەوەی دادگایی – مافی هەریەک لە سکاڵاکەر و تاوانبارکراوە .. ئەگەر سکاڵاکەر داوای پێداچوونەوەی کرد ئەوا دەبێ هەر یەکێک لە دادوەری گشتیی و دادوەری تایبەت بگۆڕدرێ.. بەڵام ئەگەر تاوانبارکراو داوای پێداچوونەوەی کرد ئەوا دەبێ هەر یەکێک لە دادوەری گشتیی و دادوەری تایبەت و داواکاری گشتیی بگۆڕدرێ .. گۆڕینی داواکاری تایبەتیی بە ویستی تاوانبارکراوە .

8 – کاتێک تاوانبار بە بڕیاری دادگای پێداچوونەوە دووبارە دەبێتەوە بە تاوانبار ئەوا مافی خۆیەتی لە رێگای هەردوو ( لێژنەی باڵای مافەکانی مرۆڤ و لێژنە ی پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان ) داوای پێداچوونەوە ی بڕیارەکە بکا .. ئەگەر ئەو دوو لێژنە نێوبراوە داواکەیان رەتنەکردەوە ئەوا دەبێ دادگای کۆتایی بە ئامادەبوونی هەر دوو نوێنەری هەر دوو لێژنەکە لە دادگای باڵا ئەنجامبدرێ بۆ وەرگرتنی دوا بڕیار .

9 - سکاڵاکەر بە گوێرەی بەڕاستگەڕانی سکاڵاکە ی دەبێ قەرەبووی



ئەو زیانانەی بۆبکرێتەوە کە لە پێشێلکردنی مافەکانی پێیکە وتووە .

10 – تاوانبارکراو و تاوانبار و زیندانیی مافی ئەوەیان هەیە لە رێگای دەستوور و یاساکان داکۆکی لە هەموو ماف و ئازادییەکانیان بکەن و بە گوێرەی بەڕاستنەگەڕانی تۆمەتەکانیش دەبێ قەرەبووی ئەو زیانانەیان بۆبکرێتەوە کە بەهۆ ی تۆمەتەکان پێیانکەوتوون .

11 – دەبێ لەگەڵ گەیشتنی هەر داوا یان سکاڵایەک دەمودە ست بە تەلەفۆن خاوەنەکە ی لە گەیشتنەکە ئاگادار بکرێتەوە و لە ماوەی 3 رۆژیشدا بە بڕیارێک وەڵامی بدەنە وە .. وەڵام نەدانەوە و دواخستن لەکاتی دیارکراو بەرپرسان دەخاتە بەردەم لێپرسینەوە .

**مادەی 22 :** منداڵان لە رۆژی لەدایکبوونیانەوە تا کۆتایی تەمەنی 18 ساڵییان دەبێ لەلایەن حکومەتەوە لە تێکڕای رووە مادیی و مەعنەوییەکانی ژیان پەروەردە و سەرپەرشتیی بکرێن ئەویش بە دروستکردنی شاری منداڵان کە هەموو جۆرە بە شێکی پە روەردە و فێرکردنێکی زانستیی و پێشکەوتووخوازانە ی بێلایە نی تێدا بێ بە هەموو کەرستە و پێویستییەکی تایبە تی ژیانی منداڵان .. بە جۆرێک بە هیچ شێوەیەک لانە ی دایک و باوک پێویست نەبێ و کەسیش نەتوانێ رۆژانە لە 3 – 6 کاتژمێر زیاتر منداڵ لەلای خۆی بهێڵێتەوە .. هەر دایک و باوکێکیش رازیبین بە مانەوەی بەردەوامی منداڵەکەیان لە ( شاری منداڵان ) ئەوا دەتوانن لە هەرکاتێکی پشوودان سەردانی منداڵەکەیان بکەن و مۆڵەتی بەردەوامی بە شداریکردنی هەموو ئاهەنگێکی منداڵانیان هەبێ لەو شوێنانەی کە منداڵەکەیانی لێیە .

**مادەی 23 :** لاوان لە تەمەنی 19 ساڵییانەوە جگە لەوە ی هەموو ماف و ئازادییەکیان هەیە وەک هەر کەسێکیتر .. دەبێ حکومەت وەزارەتێکی شارەزا و لێهاتوو لە لاوان پێکبهێنێ بۆ ئەوەی خودی

خۆیان به هاوکاریی لێژنەیه کی راوێژکار له پیره به ئەزموونەکان به گوێرەی ویست و پێویستییه مادیی و گیانییەکانی ئەو قۆناغەیان پرۆژه و بەرنامەی بەکەڵک و پڕسوود دابهێنن و به جۆر و شێوەیەکی ژیرانه نەخشه و پلانەکانیان لەلایەنی کردەییەوه جێبەجێبکەن بەجۆرێک که له هەردوولایەنی پەروەردەیی و بەرهەمهێنان توانا و لێهاتوویی و بەهرەکانیان له جوولەدابن و بەشێوەیەکی بەرچاو له گەشەکردندابن .. سەرەنجام ژیانی جوانییانپڕ ئاسوودەبێ و بۆ داهاتووش ببنه هەوێنی کۆمەڵێکی بێچەوسانەوه و دادپەروەر .

**مادەی 24 :** ئازادیی گواستنەوه و گەیاندن و پۆست و پەیوەندیکردن به هەموو ئەو شێوه و رێگایانەی که ئێستا لەبەردەستن له جیهان بەبێ هیچ جۆر و شێوه رێگریی و سانسۆرێک .

**مادەی 25 :** هەر کەسێکی دانیشتووی ووڵات و هەر هاوڵاتییه کی پەراگەندەبوو بەبێ هیچ جۆر و شێوه جیاکارییەک و بەبێ هیچ مەرجێک به یەکسانیی مافی هاوڵاتیبوونیان هەیه و هەر کاتێکیش ئازادن لەوەی کۆچی کاتیی بکەن و بگەڕێنەوه یان کۆچی یەکجاریی بکەن و ناسنامه ی نیشتمانییخۆیان بگۆڕن .

**مادەی 26 :** ( جاڕی جیهانیی مافەکانی مرۆ و هەموو ئەو بەڵێننامه و پەیماننامه و رێکەوتننامه ناوچەیی و جیهانییانەی نێوەرۆکەکانیان ژیانێکی باشتری پڕ له ئاشتیی و یەکسانیی و ئاسوودەییان گەرەکه و دانبه ماف و ئازادییه جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ دەنێن و بەتوندیی دژ به شەڕ و برسێتیی و کاولکاریی و چەوسانەوەی ژنان و منداڵان و چەک و توندوتیژیی و نائارامیی و مادەی قاچاغ و تێکدان و پیسکردنی ژینگه و پێشێلکردنی مافەکانی گیانلەبەران دەوەستنه وه ) تەواوکەری ئەم ده ستوورەن و نابێ یاساکانی ووڵات لەگەڵیان ناکۆکبن .



**مادەی 27 :**

1- کاتێک خەڵکی بیانیی بەرێگای فەرمیی بۆ کار یان بۆ گەشتوگوزار دێن بەگوێرەی بەندەکانی نێو جاڕنامەی جیهانیی مافه کانی مرۆڤ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ بەڵام هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی هاوڵاتییانیان نابێ که پەیوەندیی به ئەوانەوه نییه هەروا نابێ شوێنی کارو ئەم دەرفەته بۆ سیخوڕیی و قاچاغیی و مافیایی وتیرۆر و هەر کارێکی نایاسایی بەکاربهێنن و بەهۆی توانای ماددییان خەڵک بەکاربهێنن و یاسا و رێساکان پێشێلبکەن و شێواز و باری ئاسایی ژیان بشێوێنن یان بەهۆی لاوازیی ماددییان کاری نایاسایی ئەنجامبدەن .

2 – پەنابەران و داواکارانی پەنابەریی دەبێ به رێز و شکۆمەندییەوه سەیریان بکرێ و بەگوێره ی بەندەکانی نێو جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و یاسایه پەنابەرییه نێوخۆیی و جیهانییەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ.

3- هیچ پەنابەر و داواکارێکی پەنابەریی به گەمارۆخستنەسەر ژیانی یان بەزۆر یان به زیندانیی نانێردرێتەوه ووڵاتی خۆی و بۆ هیچ ووڵاتێکیش دەرناکرێ.. تەنیا ئەو کەسه نەبێ که بۆ سیخوڕیی و کاری قاچاغ و مافیایی و تیرۆر و کاری تری نایاسایی دێ یان لەلایەن ووڵاتێک یان دەزگایەکی هەواڵگریی دەنێردرێ .. ئەویش دەبێ بنێردرێتەوه ئەو شوێنەی لێیهاتووه و یان لێیەوه نێردراوه ، ئەگەر کەسێکیش به هۆی تاوان یان هەر کارێکی دژه مرۆیی له ووڵاتی خۆی هەڵدێ و دێته نێو ووڵات ئەوا لەو خاڵه دەردەکرێ که لێیهاتووه.

4 – هەرکەسێک که داوای په نابەریی دەکا دەبێ بۆ ماوەیەک بەگوێره ی توانای خۆی له وەرگرتنی زانیارییەکان ، تێگه یشتنی له یاسا و رێساکان و چۆنێتیی ژیانی کۆمەڵایه تیی نێوخۆ ،فێربوونی

یەکێک لە زمانەکانی وولات – بە هەڵبژاردنی خۆی – بە ئاخافتن و خوێندنەوە و نووسینەوە ، ناسینی مافی مرۆڤ بەگشتیی و مافەکانی پەنابەران بە تایبەتیی لە ( پەیمانگای تایبەت بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەریی) بخوێنێ و بروانامەی سەرکە وتن وەدەستبهێنێ .

5 – کاتێک داواکاری پەنابەریی مافی پەنابەریی وەردەگرێ – جگە لە مافەکانی هاتوچۆی وولاتان و کاری چەکداریی و خۆهەڵبژاردن و هەڵبژاردن و راپرسیی و یەکگرتنەوە لەگەڵ خێزانە کە ی – هەموو ماف و ئازادییەکی هەیە وەک هەر هاوڵاتییە کیتر و هەروا بۆ ماوە ی ساڵێک دەخرێتە ژێر چاودێریی کە ئایا دەتوانێ وەک هەر هاوڵاتییەک رێز لە یاسا و رێساکان و شێوازی ژیانی ئەم وولاتە بگرێ و لەگەڵیان بگونجێ .. ئەگەر سەرکەوتوو بێ ئەوا مافی هاوڵاتیبوونی پێدەدرێ ئەگەرنا ئەوا بۆی دووبارە یان چەندبارە دەکرێتەوە تا دەردەچێ و دەتوانێ وەک هەرکەسێکیتر لەم وولاتە بژیێ .

6 – کاتێک پەنابەر مافی هاوڵاتییبوون وەردەگرێ سەرەڕای ئەوەی وەک هەر هاوڵاتییەک هەموو ماف و ئازادییەکی دەبێ مافی هێنانی خێزانەکەشی دەبێ بۆلای خۆی بەڵام ناتوانێ لە هاوسەرەکە ی و دوو منداڵی تەمەن خوار 19 ساڵیی زیاتر رابکێشێ .

7 – ئەگەر هەر ( پەنابەرێک یان داواکارێکی پەنابەریی ) ی سیاسیی وای هەستکرد کە لە وولاتی خۆی مەترسیی لەسەر گیانی نەماوە و ناچەوسێندرێتەوە و دەتوانێ بژیێ و بە ئارەزووی خۆی بڕیاری گەڕانەوەیدا ئەوا لەسەر حکومەتە بە بڕێک پارە هاوکاریی بکا .

8 – ئەگەر هەر ( پەنابەرێک یان داواکارێکی پەنابەریی) ی ئابووریی وای هەستکرد ئیتر دەتوانێ لە وولاتی خۆی بژیێ و بە ئارەزووی خۆی بڕیاری گەڕانەوەیدا ئەوا لەسەر حکومەتە ئاسانکاریی بۆ بکا.



### 2 – ئەرکەکان:

**مادەی 28 :**

1 – رێزگرتن لە ویست و ئامانجەکانی گەل و پابەندبوونی تەواو بە جێبەجێکردنی پێشنیار و راسپاردە و بڕیارەکانی لە چوارچێوە ی ئەو دە ستوور و یاسا و رێسایانەی سیستە می گشتیی ژیان و دەسەڵات کە گەل خۆی هەڵیبژاردوون ئەرکی تاک بە تاکی هاوڵاتییان و تێکڕای دەسەڵاتەکانی وولاتە .. بە مەرجێک رێگا لەو داهێنان و بەشدارییە فەلسەفیی و هزریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییە تاک و بەکۆمەڵانە نەگیردرێ کە لەلایەن کەسایەتییە بێلایەن و لایەنە جیاوازەکان و بەرهەڵستکارە کۆن و تازە سەرهەڵداوەکان پێشکەشدەکرێن .. بەڵکە بە پێچەوانەوە لەسەر دەسە ڵاتەکان پێویستە هاوکارییان بکە ن و هاندەریهەمەڕەنگییو فرەلایەنییبن بۆ نوێکردنەوەی شێوەی سیستەمی ژیان و دەسەڵات بە جۆری باشتر و باشتر .

2– پاراستن و گەشەپێکردنی ئەو بڕە چەسپاوە لە دەستکەوتە جوان و بایەخدارەکانی نێو سیستەمی ژیان و حوکم کە لە ئەنجامی خەبات و تێکۆشانی دووروودرێژی گەلانی کوردستان و سەرجە می مرۆڤە کان لە جیهان وەدەستهاتوون : ئاشتیی و ئاسایش ، ئازادیی و یەکسانیی، یەکێتیی و سەربەخۆیی ، ئارامیی و ئاسوودەیی .. ئەرکی سەرشانی هاوڵاتییان و دەسەڵاتەکانە بەیەکەوە .

3 – پاراستن و وەبەرهێنانی ئەو سامانە سروشتیی و ناسروشتییانەی کە موڵک و سامانی گشتیی گەلن دەکەوێتە ئەستۆی جەماوەر بە گشتیی و دەسەڵاتەکان بە تایبەتیی .. بە جۆرێک کە بە گوێرەی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و پێویستییەکانی ژیان و گوزەرانێکی سەردەمییانە و سوودمەندبوونی گشتیی وەبەربهێندرێن .

4 – دابینکردنی هەموو ئەو بیمە و بەخشش و کۆمەک و داهاتە خزمەتگوارییە گشتیی و تایبەتییانەی کە لە بەشی یەکەمی ئەم دەروازەیە هاتوون ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتەکانە و دەبێ بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بگەیەندرێنە هاوڵاتییان هەروا بەپێی بەرزبوونەوەی نرخ و دەرکەوتنی پێویستییەکانی ژیان و گوزەرانی نوێ زیاد بکرێن و پێویستییە نوێیەکانیش دابینبکرێن .

5 – باج :

1 – باج تاکە پارە وەرگرتنێکە لەو هاوڵاتییانەی کاردەکە ن یان کاردەکەن و خاوەنکارن یان تەنیا خاوەنکارن یان جۆرێک بیمەی لەکاردابڕان وەردەگرن .. هەر باجێکیش دەچێتە خەزێنەی ووڵات .

2 – ڕێژەی باجەکان .

ا – کرێکار– حکومیی یان خەڵکیی – 10% ی دە ستکەوتی کارەکەی.

ب– فەرمانبەر– حکومیی یان خەڵکیی– 15% ی دەستکەوتی کارەکەی.

ج – خاوەنکار – حکومیی یان خەڵکیی – 25% ی قازانجی کارەکەی، ئەگەر خاوەنکار لەنێو کارەکەی خۆی ئیش بکا ئەوا کرێی کارەکەی لە قازانجی خاوەنکارییەکەی جیادەکرێتەوە و بەپێی جۆری کارەکەی – کرێکار یان فەرمانبەر – باجی خۆی دەدا ، پارەکەی تریش کە دەمێنێتەوە وەک خاوەنکار باجی لەسەر دەدا.

د– جۆتیار :– کەرتی هەرەوەزیی جۆتیاران و حکومەت 15% و کەرتی هەرەوەزیی جۆتیاران 10% و کەرتی تایبەت 25% – ی قازانجیان .

6 – هەر بازرگانێک (هاوڵاتیی یان بیانیی) دەبێ 25% ی قازانجی کارە بازرگانییەکەی بە قازانجی پارە گۆڕینەوەکەشی وە ک گومرگ بدا .

7– بە پێی ئاستی پارەی داکراوی ووڵات و ڕەچاوکردنی ژیانێکی شیاو ڕێژەی باج و گومرگ بە بڕیاری 3/4 ی ئەندامانی پەرلەمان دەگۆڕێن .



## دەروازەی سێیەم :

**دەسەڵاتەکان :**

1- ئەنجوومەنی یاسادانان( پەرلەمان)
2- جێبەجێکردن
ا – دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار
ب- ئەنجوومەنی وەزیران(حکومەت)
3- ئەنجوومەنی میللیی
4- ئەنجوومەنی دادوەریی
5- ئەنجوومەنی میدیا
6- ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی(پێشمەرگە و پۆلیس)

**1 – ئەنجوومەنی یاسادانان ( پەرلەمان ):**

**مادەی 29 :**

1 – پەرلەمان پێکدێ لە تێکڕای ئەو ئەندامانەی کە لە هەڵبژاردنێکی گشتیی جەماوەریی و ئازاد و نهێنیی هەڵدەبژێردرێن بە لێدەرکردنی ئەو ئەندامانەی کە لەنێو کۆی ئەندامانی لایەنی براوەی نێو پەرلەمان دیسان لە هەڵبژاردنێکی گشتیی جەماوەریی و ئازاد و نهێنیی بۆ سەرکۆمار و جێگرەکەی و ئەندامانی کابینەی حکومەت هەڵدەبژێردرێنو لە پەرلەمان جیادەکرێنەوە .

2 – شێوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان ( تاکیی ، سەرتاسەریی، گشتیی، ئازاد، نهێنیی)یە واتە هەرکەسێک بە ئازادیی خۆی لایەنداربێ یان بێلایە ن بە ناوی کەسیی خۆی – نەک لیست – خۆی دەپاڵێوێ و دەنگدەران لە چوارچێوەی سەرتاسەریی ووڵات دەنگی بۆ دەدەن و گشت جەماوەر – جگە لەوانەی لە خوار 18 ساڵییدان – بەشداریی تێدادەکەن و هەرکەسێک بە شێوەیەکی ئازاد و نهێنیی و ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێ .. ژمارەی ئەندامانیش بە پێی ڕێژەی دانیشتوان کە بۆ 50 000 کەس یەک ئەندامە دەردەکەوێ و براوەکانیش بە پێی وەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان و ژمارەی ویستراو دەردە چن.

3 – مانگێک بەر لە هەڵبژاردن لیژنەیەکی بێلایەنی هەڵبژێردراو لەلایەن گەل لە ماوەی 15 رۆژ فۆڕمی خۆپاڵێوان تاوتوێ دەکا و بە پێوانەی کۆمەڵێک مەرجی وەک دەستپاکیی و مرۆدۆستیی و ژیاندۆستیی و ... هتد دەیانپاڵێوێ و ناوەکانیان بڵاودەکاتەوە و لە ماوە ی 15 رۆژی دووەمیش بودجەیەک دەخاتە بەردەستی هەر پاڵێوراوێک بە یەکسانیی بۆ پڕوپاگەندەکردن هەروا هەمان لیژنە بەرپرس دەبێ لە وەڵامدانەوەی هەر زیادەڕۆیی و ناڕاستییەک کە پاڵێوراوان لە پێداهەڵگوتنی خۆیان ئەنجامیدەدەن .

4 – پاڵێوراو نابێ تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر بێ و لە هەردوو رووی جەستەیی و دەروونیی هێندە نەخۆش بێ کە ریگا لە کارکردنی بگرێ هەروا نابێ هیچ پێگەیەکی دینیی بەرپرسی هەبێ لەنێو کۆمە ڵ .

5 – پاش دوو هەفتە لە هەڵبژاردن ئەندامانی پەرلەمان یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجامدەدەن و بە پێی زۆریی وەدەستهێنانی ژمارەی دەنگەکان سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێری پەرلەمان دیاردەکرێن و لیژنەیەک لە نێو خۆیان هەڵدەبژێرن و رایدەسپێرن بۆ دانانی پەیڕەوی نێوخۆ کە تەنیا لە ساڵی سێیەمی دەستبەکاربوونیان دەتوانن دەستکاریی بکە ن بە مەرجێک 3/4 **ئەندامەکانی پەسندیبکە ن .**

6 – لایەنی براوەی پەرلەمان جا حیزبێک بێ یان هاوپەیمانیی بێ دەبێ 3/4 ی ژمارەی کۆی کورسییەکانی وەدەستهێنابێ .. پەرلەمان لە دووەم کۆبوونەوەی رۆژی د ووەمیدا بە بڕیارێک کاتی هەڵبژاردنێکی گشتیی جەماوەریی – لە دوو هەفتە زیاتر نەبێ – بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار و جێگرەکەی و تەواوی ئەندامانی کابینەی حکومەت رادەگەیەنێ و وەک هاوکار و یارمەتیدەری لایەنی براوە



سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکە دەکا و دەبێ ئەنجامی بێ ساختە و سەرکەوتووش پەسندبکا و یەکەم کۆبوونەوە بۆ حکومە ت رێکبخا.

7– کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکانی پەرلەمان بە ئامادەبوونی زیاتر لە نیوەی کۆی ئەندامان یاسایی و پەسندکراو دەبن .

**<u>مادەی 30 :</u> دەسەڵات و کارەکانی پەرلەمان :**

1 – یاسادانان کاری سەرەکیی پەرلەمانە بە مەرجێک دەبێ هەر یاسایەکی نوێ لەلایەن زیاتر لە نیوەی ئەندامان پەسندبکرێ .

2 – هەمواركردن یان هەڵوە شانەوەی یاسا بەمەرجێک لەلایەن 2/3 ی ئەندامان و پاشان لەلایەن ئەنجوومەنی میلليی پەسندبکرێ.

3 – هەمووارکردنی دەستوور بە مەرجێک لەلایەن 3/4 ئەندامان و پاشان لەلایەن ئەنجوومەنی میلليی و ئەنجا لەلایەن دادگای باڵا – دەستووریی – پەسندبکرێ .

4 – پەرلەمان بە پشتبەستن بە رای گشتیی سەرچاوەی سەرەکیی هەر بڕیارو پرسوڕاپێکردنێکە لەسەر هەر کێشەکی چارەنووسسازی وڵات هەروا بڕیاردەرە لەسەر یەکلاییکردنەوەی هەر کێشەیەکی نێو دەسەڵاتەکان کە رووبەڕووی گیروگرفت دەبێتەوە .

5 – پەرلەمان چاودێریی کارەکانی دەسەڵاتی جێبە جێکردن و هێزی بەرگریی دەکاو هەر مانگەی جارێک کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ سەرۆک دەسەڵاتەکان دەربارەی کارە پەیوەندییدار و هاوبەشەکان ئەنجامدەدا .

6 – پەرلەمان بە پشتبەستن بە دادگای باڵا و بە دەنگی 3/4 ی کۆی ئەندامەکانی بەرپرسە لە متمانەدان و لێپرسینەوە و لادانی هەر ئەندامێکی خۆی و سەرکۆمار و جێگرەکەی و وەزیرەکان و سەرۆکی وەزیران و 4 ئەندامەکەیتری ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی.

7 – به پێی زۆرترینی دەنگی هەڵبژاردن سەرۆک یان جێگر یان سکرتێر دادەندرێتەوە کە کورسییەکانیان بەهۆی وازهێنان یان لادان یان نەخۆشیی درێژخایەن و پەککەوتەیی و مردن چۆڵدەبن .

8 – دەبێ پەرلەمان بە گوێرەی پەیڕەوە نێوخۆییە کە ی – کە بۆ تەواوی ژیانی نێوخۆی داندراوە – کار بکا .

9 – یەک مانگ پێش کۆتایی هەر ساڵێک بودجەی گشتیی و هەر کارێکیتری مادیی پەیوەندار لەگەڵ بودجەی پەرلەمان بۆ ساڵی نوێ پە سنددەکا..یەک مانگونیو پێش کۆتایی خولە 4 ساڵییەکەی بڕیاری هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ دەدا .

10– رۆژی سێیەمی کاری هەر ئەندام پەرلەمانێک لە هەفتەدا بینینی جەماوەرە لە نووسینگەی تایبەتیی خۆی کە بە شێوەیەکی ئاسایی لەو شوێنە دەبێ کە زۆرترینی دەنگدەرەکانی لەوێن .

**مادەی 31 :** پەرلەمان بە هیچ جۆر و شێوەیەک بۆ هیچ کەس و دامەزراوەیەک نە دەستبەرداری دەسەڵاتەکانی خۆی دەبێو نە کارەکانی خۆی دوادەخا یان پەکدەخا .

**مادەی 32 :**

1 – ماوەی کاری ئەندام پەرلەمان – مەبەست لە هەر ئەندامێکی کابینەی پەرلەمانە – 4 ساڵی رێکە .. کاتەکانی کارەکەی وەک هەر فەرمانبەرییەکی تری ئاسایی 5 رۆژی 7 کاتژمێرییە لە هەفتەیەکدا.

2 – مافی ئەندام پەرلەمانە هەر پێشێلکردنێکی ماف و ئازادییەکی خۆی و هاوڵاتییان و هەر پلان و پرۆژەیەکی خۆی یان هی جەماوەر بخاتە بەردەم پەرلەمان .

3 – ئەندام پەرلەمان بەبێ لە بەرچاوگرتنی هیچ جۆر و شێوە پەیوەستبوونێک نوێنەری گەلە نەک نوێنەری پێکهاتەی دینیی ، رەگەزیی ، نەتەوەیی ، ناوچەیی ، ... هتد .



4 – ئەندام پەرلەمان نابێ هیچ کارێکیتر بکا .. کاتەکانی کاری ئەندام پەرلەمانییەکەی بە خزمەت بۆ دەژمێردرێ .. ئەگەر پێشتر کاری هەبووبێ و کارەکەی مابێ دەتوانێ بگەڕێتەوە سەرکارەکەی .

5 – هەرکەسێک دەتوانێ تەنیا لە 3 خولدا ببێتە ئەندام پەرلەمان بەمەرجێک دەنگە بەدەستهاتووەکانی دووەم خولی لە یەکەم خولی زیاتر بن و هی سێیەم خولیشی لە دووەم خولی زیاتر بن .

6 – جگە لە ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی ئەندام پەرلەمان وەک فەرمانبەرێکی پەرلەمان هەموو ئەو ماف و ئازادییانەشی هەیە کە هاوڵاتییان هەیانە .

7 – ئەندام پەرلەمان ئازادە لەوەی لە هەر کاتێک بیە وێ واز لە کارەکەی بهێنێ بە بێ رێگا لێگرتن و بەکارهێنانی هیچ جۆرە پاڵەپەستۆیەک بۆ بەردەوامبوون لەسەری .

8– دەبێ کرێی هەفتانەی کاری ئەندام پەرلەمان گونجاوبێ لەگەڵ کار و ژیانەکەی وەک هەر مافێکی تری لەگەڵ ئازادییەکانی و بودجەی پەرلەمان لە پەیڕەوی نێوخۆی پەرلەمان تۆماربکرێن .

**مادەی 33 :** لێژنەی یاسایی پەرلەمان و هەر لێژنەیەکی کاتیی و هەمیشەیی ، ماف و ئازادیی و ئەرکەکانی ئەندامان ، دامەزراندنی فەرمانبەران و کرێکارانی سەر بە پەرلەمان ، دیارکردنی کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکان ، هەر کاروبار و بابەتێکی تری نێوخۆی پەرلەمان دەبێ بە شێوەیەکی یاسایی و روون لەنێو پەیڕەوی نێوخۆی پەرلەمان جێگای خۆیان بگرن .

**مادەی 34 : ئەو بارانەی کە پەرلەمانیان لێهەڵدەوەشێتە وە :**

1– کاتێک کە 3/4 ی ئەندامەکانی بڕیاری هەڵوەشانەوەی دەدەن .

2– ئەگەر زیاتر لە نیوەی ئەندامەکانی دەستیان لەکارکێشایەوە .

3–کاتێک کابینەی نوێی پەرلەمان یەکەم کۆبوونەوە ئەنجامدەدا.

4 – کاتێک پەرلەمان دەستوور و یاساکان جێبەجێ ناکا ، رای گشتیی جەماوەر ژێرپێدەنێ ، ناتوانێ بەسەر ئاسایش و برسێتیی و گەندەڵیی زاڵ بێ ، بە تاکڕەویی و کۆنەپارێزیی لایەنی دەسەڵاتدار رازییدەبێ، وولاتێکیتر داگیردەکا، وولات تووشی شەڕێکی کۆنەپەرستانە یان شەڕی نێوخۆ دەکا .. بە مەرجێک ئەنجوومەنی میللیی بە پشتبەستن بە بەڕاستگەڕانی هەریەک لەو پێشێلکارییانە لە دادگاییەکی دادگای باڵا و رەزامەندیی تەواوی ئەندامانی دیوانی سەرۆکایەتیی بڕیاری هەڵوەشانەوەی بدا .

**2 – جێبەجێکردن:**

**ا – دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار :**

**مادەی 35 :**

1– دیوانی سەرۆکایەتیی لە سەرۆک و جێگرەکەی و هەردوو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی میللیی و هەرسێ راوێژکاری ئەنجوومەنی دادوەریی و ئەنجوومەنی بەرگریی و ئەنجوومە نی میدیا پێکدێ .

2 – سەرۆکی کۆماری کوردستانی باشوور سەرۆکی گشتیی دیوانی سەرۆکایەتیی و نوێنەری گەلانی کوردستانە لە بۆنە نێودەوڵەتیی و نیشتمانیی و نەتەوەییەکان .

3 – سەرکۆمار و جێگرەکەی بە گوێرەی بڕگەی شەشەمی مادەی 29 لە بەشی یەکەمی دەروازەی سێیەم هەڵدەبژێردرێن ، بەڵام بە مەرجێک ململانێی بوون بە سەرکۆمار لە ئارادا بێ .. واتا دەبێ بە لایەنی کەم دوو کەس پاڵێوراو بێ بۆ سەرکۆمار .. ئەوەی زۆرترین دەنگ دەهێنێ دەبێتە سەرکۆمار و دوای ئەویش دەبێتە جێگر .

4 – سەرکۆمار و دیوانەکەی بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوام دەبن ..



ئەگەر لە هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمان دیسان هەمان لایەنی براوە سەرکەوتنی وەدەستهێنا ئەوا هەمان سەرکۆمار و جێگرەکەی دەتوانن وەک جاری پێشوو خۆیان هەڵبژێرنەوە بەڵام ئەگەر هێندە ی جاری پێشوو دەنگیان نەهێنایەوە ئەوا دەبێ دوو کەسیتر لە لایەنی براوە خۆیان بپاڵێون ، هیچ کەسێک بۆی نییە لە دوو جار زیاتر پۆستی سەرکۆمار یان جێگری سەرکۆمار وەربگرێ .

5 – دەبێ کرێی هەفتانەی سەرکۆمار و جێگرەکەی لەگەڵ کار و ژیانیان بگونجێ و لەگەڵ کرێی هەفتانەی فەرمانبەران و کرێکاران و دەرماڵەی دیوانی سەرۆکایەتیی بە یاسایەک دیاربکرێن .

6 – جێگر ئاگادار و یارمەتیدەری هەموو کاروبارێکی سەرکۆمار دەبێ و لە کاتی پشوودان یان ئامادەنەبوونی سەرکۆمار ئەو کاروبارەکان دەگرێتە ئەستۆ هەروا دەتوانێ سکاڵا و رەخنەکانیشی لە بەردەم پەرلەمان ئاراستەی سەرکۆمار بکا و هەر کەموکوڕییەکی دیوانیش بخاتە ڕوو .

7 – ئەگەر سەرکۆمار خۆی وازیهێنا یان لادرا یان کۆچی دوایی کرد یان بووە پەککەوتەی هەمیشەیی .. ئەوا جێگرەکەی جێگایەکەی دەگرێتەوە و پەرلەمانیش جێگرێکی تر بە هەمان رێگای دەستوور هەڵدەبژێرێتەوە ، بەڵام ئەگەر جێگر تووشی یەکێک لەم بارە نێوبراوانە هات ئەوا کەس جێگای ناگرێتەوە بەڵکە دەبێ یەکێکیتر لە لایەن پەرلەمان بە هەمان رێگای دەستوور هەڵببژێردرێتەوە .

**مادەی 36 : دەسە ڵاتەکانی سەرکۆمار و دیوانەکەی :**

1 – دەسەڵاتی سەرکۆمار دەسەڵاتێکی بە کۆمەڵە لە نێو دیوانی سەرۆکایەتیی .. دەبێ بە لایەنی کەم 5/7 ی ژمارەی ئەندامانی دیوان رەزامەندیی خۆیان لەسەر دەرکردنی هەر بڕیار و فەرمانێک و هەر

پێشنیارکردن و بەدواداچوون و پەسندکردنێک دەرببڕن کە سەرکۆمار دەیەوێ ئەنجامیانبدا .. هەر ئەنجامدانێکیش لە مانە دەبێ بە ناوی خۆی و دیوانی سەرۆکایەتییەوە تۆمار بکرێ .

2– ئەگەر هەر یاسا و بڕیار و فەرمانێک کە لە لایەن پەرلەمانەوە رادەگەندرێ رووبەڕووی نارەزایی جەماوەر – چەند بچووکیش بێ – بۆوە ئەوا هێزی یاسایی نامێنێ تا بەرەزامەندیی سەرکۆمار و دیوانەکەی فەرمانی پێدەرنەچێ .. بەڵام ئەگەر دیوان پەسندی نەکرد ئەوا لەگەڵ رەخنە و را و تێبینییەکانی خۆیان دەینێرنەوە پەرلەمان .. ئەگەر نیوە یان زیاتری ئەو رەخنە و را و تێبینییانە لەبەرچاوگیران ئەوا رێچکە ی یاسایی خۆی وەردەگرێتە وە .. ئەگەرنا ئەوا پەرلەمان بە بانگهێشتکردنی سەرکۆمارو دیوانەکەی لە کۆبوونە وەیەکی نائاسایی بەرەچاوکردنی نارەزایەتییە کانی جەماوەرو راوبۆچوونە کانی دیوان دوا بڕیاری خۆی وەردەگرێ .

3 – سەرکۆمار بە رەزامە ندیی دیوانی سەرۆکایەتیی دەتوانێ لە ژێر رۆشنایی دەستوور و پشتبەستن بە دەقی بڕگە و مادەکانی پێشنیاری پرۆژەی هەر یاسا و بڕیارێک بکا .. بەڵام پەرلەمان ئازادە لەوەی بە یەکجاریی رەتیبکاتەوە یان کاری لەسەربکا بۆ بڕیار لەسەردانی .

4 – سەرکۆمار دەتوانێ بە تەنیا یان بە هاوکاریی هەریەکێک لە سەرۆکی ئەنجوومەنی میللیی و راوێژکاری ئەنجوومەنی دادوەریی و راوێژکاری ئەنجوومەنی میدیا هەر 6 مانگ جارێک – ئەگەر پێویست بکا – کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بە پەرلەمان سازبکا بۆ پاراستنی دەستوور و یاساکان و وەستانەوەی توند دژ بە پێشێلکارییە کانی مافەکانیمرۆڤ و رای گشتیی و تێکڕای مافو ئازادییەکانی هاوڵاتییانو بە رەزامەندیی زیاتر لە نیوە ی ئە ندامانی پەرلەمانیش بڕیاری



پێویست لەسەر کێشە پەیوەندارەکان وەربگرێ .

5 – دەرکردنی فەرمانی دیوانی سەرۆکایەتیی بۆ هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمان لەو کاتانەی بە یەکێک لە بڕگەکانی ( 1،2، 4 ) ی مادە ی 34 **بەشی یەکەمی دەروازەی سێیەم پەرلەمان هەڵدەوەشێتە .**

6 – پەسندکردنی سزای زیندانیی تاهەتایی و بڕیاردان لەسەر پێکهێنانی لێژنەیەکی فرەلایەن بۆ دانانی لێکۆڵینەوەیەکی وورد لە هەموو رووە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو جۆرە زیندانییانە لە ماوەی ساڵێک تا دوو ساڵ بۆ دڵنیابوون لەراستیی و دروستیی یان چەوتیی و ناتەواویی بڕیاری سزادانەکەی .. ئەگەر راستیی و دروستییەکەی دەرکەوت ئەوا دیسان بڕیارەکە پەسند دەکاتەوە بەڵام ئەگەر چەوتیی و ناتە واویی بڕیارەکە دەرکەوت ئەوا بە فەرمانێکی دیوان بڕیاردەدا کێشەکە و بڕیاری سزاکە بدرێتەوە دادگای پێداچوونەوە بۆ دادگاییکردنێکی نوێ .

7 – کەمکردنەوەی ماوە ی سزای زیندانییان – جگە لە تاوانبارانی کارەسات و کوشتنی بە ئەنقە ست – بە مەرجێک ئە و کەمکردنەوانە تەنیا ئەو کەسانە بگرێتەوە کە دەتواندرێ لە ژێر سەرپەرشتیی لێژنەیەکی پسپۆڕ و بە بەرنامەیەکی زانستییانەی وورد کۆمەڵێک چاککاریی کۆمەڵایەتییان لەسەربکرێ و لێژنەکە دڵنیا بێ لەوەی کە دەگەڕێندرێنەوە نێو کۆمە ڵ تاوان و کاری خراپ ئەنجام نادەن .

8 – دەرکردنی فەرمان بۆ ئاگادارکردنەوە و خۆئامادەکردنی هێزی پێشمەرگە لە بەرامبەر هەر مەترسیی و مەرامێکی شەڕخوازانەی دەرەکیی ، کاتێکیش بە زۆر شەڕ هەڵدەگیرسێنن ئەوا بە زووترین کات بە فەرمانی دیوان کۆبوونەوەیەک بۆ تێکڕای دەسەڵاتەکان رێکدەخا و بۆ وەرگرتنی بڕیارێکی بەکۆمەڵ بۆ داواکردنی نێوبژیی لە

وولاتان و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵە ئاشتیخوازەکان .. ئەگەر بەمەش چارنەکرا ئەوا لە کۆبوونەوەی دووەم بە هەمان شێوە و بە بڕیارێکی بە کۆمەڵ و بە ڕەزامەندیی راوێژکار و فەرماندەی هێزی بەرگریی نیشتمانیی شەڕی بەرگریی رادەگەیەندرێ تا مەترسیی داگیرکردن دەڕەوێتەوە و ئاشتیی دەچەسپێ .

9 – بە فەرمانێکی دیوانی سەرۆکایەتیی و بە ڕەزامەندیی پەرلەمان باری نائاسایی یان قەدەغەکردنی هاتوچۆ بە پێی پێویست بە هۆی مەترسییەکانی جەنگ ، داگیرکاریی ، کاری تیرۆریستیی و مافیایی، کارەساتی سروشتیی ، بڵاوبوونەوەی پەتا رادەگەیەنێ .

10 – بەخشینی نیشانە و خەڵاتی تایبەت بە کەسانی هەرە چالاک و داهێنەرە هەرە بەرزەکانی هەموو بوارەکان بە مەرجێک لە هەر بەخشینێکی هەر بوارێک ڕەزامەندیی ئەندامانی لیژنەی لووتکەی هەرەبەرزی ئەو بوارە وەرگیرابێ .

**ب – ئەنجوومەنی وەزیران :**

**<u>مادەی 37 :</u>**

1– ئەنجوومەن لە سەرۆک و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێکدێ..پەرلەمان لە دووەم کۆبوونەوەیدا بڕیاری هەڵبژاردنێکی گشتیی جەماوەریی ئازاد و نهێنیی دەدا بۆ هەڵبژاردنیان لەنێو ئەندامانی لایەنی براوە کە بۆ ماوەی چوار ساڵە .. ژمارەی وەزارەتەکان و چۆنایەتییشیان هەر لە دەسەڵاتی پەرلەماندایە .. دەبێ بۆ هەر پۆستێکی ئەنجوومەن بەلایەنیکەم دوو کە س خۆی بپاڵێوێ .

2 – ئەنجوومەنی وەزیران ئەنجوومەنێکی جێبەجێکار و کارگێڕە .. بە پشتبەستن بە نێوەرۆکی دەقی دەستوور هەموو ئەو یاسا و بڕیار و ڕێنمایی و فەرمانانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە رادەسپێردرێن



بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و یاسایی جێبەجێدەکا .. هەموو کاروبارە کارگێڕییەکانیشی بە سەربەخۆیی ئەنجامدەدا .

3 – ئەنجوومەن لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بڕیاری دانانی پەیڕەوی نێوخۆی و بەرنامەی کارەکانی و دامەزرانی وەزارەتەکان دەدا .. لە سەرەتای ساڵی سێیەمی حوکمی دەتوانێ دەسکاریی پەیڕەوە نێوخۆیەکەی بکا بە مەرجێک 3/4 ئەندامەکانی پەسندیبکەن .

4 – ئەنجوومەن لەژێر ئاراستە و چاودێریی پەرلەمان کاردەکا و تەنیا ئەو کارانە رادەپەڕێنێ کە راستەوخۆ پەیوەستن بەخۆی و وەزارەتەکانی .. هەر وەزیرێکیش تەنیا خۆی بەرپرسە لە هەموو کاروبارەکانی وەزارەتەکەی خۆی .

5 – پەرلەمان دەتوانێ لە هەر کەموکوڕییەکی ئەنجوومەن بەگشتیی و وەزارەتەکان بە تایبەتیی بپێچێتەوە و بە راوێژکردن بە دیوانی سەرۆکایەتیی بڕیاری پێویست لەسەر هەر پێشێلکارییەکیان وەربگرێ تەنانەت ئەگەر بڕیارەکە لادانی سەرۆک یان جێگرەکەی یان هەر وەزیرێکی لێبکەوێتەوە .

**<u>مادەی 38 :</u> ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی وەزیران :**

1 – جێبەجێکردنی تەواوی یاساکان و هەموو ئەو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییانەی کە لە پەرلەمانەوە دەردەچن .. هەروا جێبەجێکردنی ئەو بڕیار و فە رمان و ڕێنماییانەی بۆ کارەکانی ئەنجوومەن خۆی و وەزارەتەکانی پێویست دەبن .

2 – ئەنجوومەن بە هاوکاریی لەگەڵ دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار پلان و پرۆژە ی گەشەپێدانی تەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵ و نەخشەی گشتیی بەڕێوەبردنی وولات دادەنێ .. پەرلەمان مافی ڕەتکردنەوەی بەشێک یان هەمووی هەیە بەڵام کاتێک رازییدەبێ

لە سەریان ئەوا تەنیا ئەنجوومەن لە ڕێگای وەزارەتەکانیەوە جێبەجێیان دەکا و هەر خۆشی بەرپرس دەبێ لێیان .

3 – بە پێی پێویست کۆبوونەوەکانی خۆی ئەنجامدەدا بە مەرجێک ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوە لە مانگێک زیاتر نەبێ .. دە بێ سەرۆک وەزیران یان جێگرەکەی لە کۆبوونەوەی گشتیی نێوخۆی هەر وەزارەتێک ئامادەبێ .

4 – ئەنجوومەن لە ڕێگای چاودێریی و لێپێچینەوە لە کارەکانی هێزی پۆلیس – کە دەبێ هێزی بەرگرییکردن بێ لە جەماوەر نەک سیخوڕیی و گەندەڵیی سیاسیی و سەرکوتکردنی ئازادیی و ژێرپێنەری مافەکانی هاوڵاتیان– بەرپرسە لە پاراستنی ئازادیی و ئاسایشی نێوخۆ.

5 – ئامادەکردن و پێشنیارکردنی پڕۆژەی بودجەی گشتیی ساڵانەی وولات و پڕۆژەی هەر یاسا و بڕیارێک کە بە پێویستی دەزانێ بۆ کاروبارەکانی بۆ پەرلەمان و ڕەزامەندیی وەرگرتن لەسەریان .

6 – ئەنجوومەن بە پشتبەستن بە بنەما یاساییەکان بەرپرسە لە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتییکردنی وەزارەتەکان و دامودەزگاکانی خوارەوەیان و سەرجەمی شوێنە گشتیی و خزمەتگوزارییەکان .

7 – بە هاوکاریی و بە یەکەوە لەگەڵ دیوانی سەرۆکایەتیی و بە ڕەزامەندیی پەرلەمان تەواویی پەیوەندییە بازرگانیی و ئابوریی و دیپلۆماسیی و سیاسیی ڕۆشنبیریی و مرۆڤایەتییە کانی وولات لەژێر ڕۆشنایی ئەم دەستووورە لەگەڵ تێکڕای وولاتان ڕێکدەخەن .

8 – بەپێی زۆرترینی دەنگی هەڵبژاردن سەرۆک یان جێگر دادەنێتەوە کە کورسییەکانیان بە هەر هۆیەک چۆڵدەبن .. چۆڵبوونی کورسیی هەر وەزیرێکیش بە هەڵبژاردن لە لایەن پەرلەمان لە ئەندام پەرلەمانانی لایەنی براوە پڕدەکرێتەوە .



9 – ڕۆژی سێیەمی کاری هەر وەزیرێک لە هەفتەدا بینینی جەماوەرە لە نووسینگەی تایبەتیی خۆی کە بە شێوەیەکی ئاسایی لەو شوێنە دەبێ کە زۆرترینی دەنگدەرەکانی لەوێن .

**مادەی 39 :**

1 – ماوەی کاری هەریەک لە سەرۆک و جێگرەکەی و وەزیرەکان 4 ساڵی ڕێکە .. کاتەکانی کارەکەیان وەک هەر فەرمانبەرییەکی تری ئاسایی 5 ڕۆژی 7 کاتژمێرییە لە هەفتەیەکدا .

2–مافی هەر ئەندامێکی ئەنجوومەنە هەر پێشێلکردنێکی مافوئازادییەکی خۆی و هاوڵاتییان و هەر پلان و پڕۆژەیەکی خۆی یان هی جەماوەر بخاتە بەردەم ئەنجوون یان پەرلەمان .

3 – ئەندامانی ئەنجوومەن بەبێ لە بەرچاوگرتنی هیچ جۆر و شێوە پەیوەستبوونێک نوێنەری گەل و وەزارەتەکەی خۆیانن نەک نوێنەری پێکهاتەی دینیی، ڕەگەزیی، نەتەوەیی، ناوچەیی،...هتد.

4 – ئەندامانی ئەنجوومەن نابێ هیچ کارێکیتر بکە ن .. کاتەکانی کاری ئەندام ئەنجوومەنییەکەیان بە خزمەت بۆ دەژمێردرێ .. ئەگەر پێشتر کاریان هەبووبێ و کارەکانیان مابن دەتوانن بگەڕێنەوە سەرکارەکانیان .

5– هەرکەسێک دەتوانێ تە نیا لە 3 خولدا ببێتە وەزیر بە مەرجێک دەنگە بەدەستهاتووەکانی دووەم خولی لە یەکەم خولی زیاتربن و هی سێیەم خولی لە دووەم خولی زیاتربن .. بەڵام سەرۆک وەزیر و جێگرەکەی دەتوانن تەنیا لە 2 خول پۆست وەربگرن کە دەنگە بەدەستهاتووەکانی دووەم خولیان لە یەکەم خولیان زیاتربن .

6 – جگە لە ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی ئەندامانی ئەنجوومەن وەک فەرمانبەرێکی ئەنجوومەن هەموو ئەو ماف و ئازادییانەشیان هەیە کە هاوڵاتییان هەیانە .

**7 – ئەندامانی ئەنجوومەن ئازادن لەوەی لە هەر کاتێک بیانەوێ واز لە کارەکەیان بهێنن بەبێ ڕێگالێگرتن و بەکارهێنانی هیچ جۆرە پاڵەپەستۆیەک بۆ بەردەوامبوون لەسەریان .**

**8 – دەبێ کرێی هەفتانەی ئەندامانی ئەنجوومەن لەگەڵ کار و ژیانیان بگونجێ و لەگەڵ کرێی هەفتانەی فەرمانبەران و کرێکاران و دەرماڵەی ئەنجوومەنو وەزارەتەکانی وەک هەرمافێکیتریان لەگەڵ ئازادییەکانیان لە پەیڕەوی نێوخۆ تۆماربکرێن .**

**<u>مادەی 40 :</u> لێژنەی یاسایی ئەنجوومەن و هەر لێژنە و دەزگایەکی کاتیی و هەمیشە یی، ماف و ئازادیی و ئەرکەکانی ئەندامان، دامەزرانی فەرمانبەران و کرێکارانی سەر بە ئەنجوومەن ، دیارکردنی کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکان ، هەر کاروبار و بابەتێکی تری نێوخۆی ئەنجوومەن دەبێ بەشێوەیەکی یاساییو روون لەنێو پەیڕەوی نێوخۆی ئەنجوومەن جێگای خۆیان بگرن .**

**<u>مادەی 41 :</u> ئەو بارانەی کە ئەنجوومەنیان لێهەڵدەوەشێتەوە :**

**1– کاتێک کە 3/4 ی ئەندامەکانی بڕیاری هەڵوەشانەوەی دەدەن .**

**2– ئەگەر زیاتر لە نیوەی ئەندامەکانی دەستیان لە کارکێشایەوە .**

**3 – کاتێک کابینەی نوێی ئەنجوومەن یەکەم کۆبوونەوە گرێدەدا .**

**4 – کاتێک ئەنجوومەن دەستوور و یاساکان جێبەجێ ناکا، رای گشتیی جەماوەر ژێرپێدەنێ ، ناتوانێ بە سەر ئاسایش و برسێتیی و گەندەڵیی زاڵ بێ ، بە تاکڕەویی و کۆنەپارێزیی لایەنی دەسەڵاتدار رازییدەبێ ، وڵاتێکیتر داگیر دەکا ، وڵات تووشی شەڕێکی کۆنەپەرستانە یان شەڕی نێوخۆ دەکا .. بە مەرجێک ئەنجوومەنی میلیی بە پشتبەستن بە بەڕاستگەڕانی هەریەک لەو پێشێلکارییانە لەدادگاییەکی دادگایبالاّ و ڕەزامەندیی ئە ندامانی دیوان بڕیاری هەڵوەشانەوەی بدا .**



**3- ئەنجوومەنی میلیی :**

**<u>مادەی 42 :</u>**

**1 – ئەنجوومەنی میلیی دەسەڵاتی سەربەخۆی میلیی و میکانیزمی کارگێڕیی و بەڕێوەبردنی ڕاستە وخۆی ژیان و کاروباری جەماوەرە و لە خەڵکی ناحیزبیی و بێلایەن پێکدێ .**

**2 – شێوەی کاری ئەنجوومەن و هەڵبژاردنەکەی شوراییە و بە پێی بچووکترین ناوچەی کارگێڕیی و بەستانەوەی بە شێوەی هەڕەمیی تا لووتکە بە سەربەخۆیی ئەنجامدەدرێ .**

**<u>مادەی 43 :</u>**

**1– هەموو وڵات لەسەر ناوچە ی 5 هەزار کەسیی – هەر تەمەنێک – دابەشدەکرێ جا ئەو ناوچەیە هەر یەکەیەکی دانیشتوان پێکبهێنێ .. بۆ هەریەکێکیان 5 کەس لەنێو خۆیان لە هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆ و ئازاد و نهێنیی بە زۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێردرێن و دەبنە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوچەکە کە بە سادەیی بەم شێوەیە ئەنجامدەدرێ :**

**ا – ئەنجوومەنی وەزیران سنوور و ناوی ناوچەکان و ناوی کەسانی سەروو18ساڵیی هەر ناوچەیەک و کات و شوێنی هەڵبژاردن دیاردەکا و پێویستییە میدیایی و مادییەکانی هەڵبژاردنیش دابیندەکا.**

**ب – لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان هەر ئەندام پەرلەمانێک چەند ناوچەیەکی پێدەدرێ بۆ ئەوەی بۆ هەر ناوچەیەک لێژنەیەکی 5 کەسیی– مەرجە خەڵکی ناوچەکە نەبن– پێکبهێنێ و لە ماوەی دیارکراو هەڵبژاردنەکە ئەنجامبدرێ کە دەبێ هەمووی لە ماوەی مانگێک لە دە ستبەکاربوونی ئەنجوومەنی وەزیران تەواو ببن .**

**ج – خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن لە یەککات ئەنجامدەدرێن .. هەرکەس ئازادانە دەتوانێ خۆی بپاڵێوێ .. سەرەتا دەنگدەران بە شێوەی ئازاد و نهێنیی دەنگ دەدەن بۆ ڕازییبوون یان ڕازیینەبوون لەسەر**

هەر پاڵێوراوێک – هەرکەس 1000دەنگی (نەخێر)هەبێ مافی‌خۆپاڵاوتنی پێنادرێ – پاشان هەڵبژاردن لەسەر ئەو پاڵێوراوانە دەکرێ کە دەمێننەوە بۆ هەڵبژاردنی 5 کەس کە دووانیان بە زۆرینەی دەنگە بەدەستهاتووەکان دەبن بە سەرۆک و جێگر .

2 – ئەنجوومەنی میللیی هەر ناوچەیەک کە دەسەڵاتی کارگێڕیی ناوچەکەیە جگە لەوەی نووسینگەیەکی کارگێڕیی تایبەتی خۆی هەیە ئەنجوومەنێکی جێبەجێکەریش بۆ خۆی دادەمەزرێنێ کە بە هەمووی دەگوترێ ( مەڵبەندی ئەنجوومەنی میللیی ناوچە ) .. ئەو ئەندامەی سێیەم زۆرینەی دەنگی لەنێو ئەنجوومەنی میللیی هەر ناوچەیەک وەدەستهێناوە دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکەری ئەو ناوچەیە .

3 – سەرۆکەکانی ئەنجوومەنە میللییەکانی سنووری هەر شارێک دەبن بە ئەندامانی ئەنجوومەنی میللی شارەکە و لە یەکەمین کۆبوونەوەیان بۆ دانانی نووسینگەیەکی کارگێڕیی وەک دەسەڵاتی کارگێڕیی شارەکە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و نهێنیی نێوخۆیان 5% لە کۆی ئەندامەکانیان بە سەرۆک و جێگرێکەوە بە زۆرینەی دەنگ هە ڵدەبژێرن پاشان ئەنجوومەنێکی جێبەجێکەر دادەمەزرێنن کە بە هەمووی دەگوترێ ( مەڵبەندی ئەنجوومەنی میللیی شار ) ..
ئەو ئەندامەی سێیەم زۆرینەی دەنگی لەنێو نووسینگەی کارگێڕیی ئەنجوومەنی میللیی هەر شارێک وەدەستهێناوە دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکەری ئەو شارە .

4 – بۆ پڕکردنەوەی شوێنی هەر کەسێک کە بۆ پلە ی ئەندامێتیی نووسینگەی کارگێڕیی – ناوچە ، شار ، وولات – بەرزبۆتەوە ئەوا دوا کەسی کە لەپاش ئەندامانی نووسینگەکە زۆرترین دەنگی هێناوە



دە بێتە ئە ندام و دە چێتە نێو نووسینگە کە و دیسان لە نێو خۆیان سە رۆک و جێگرێک بە پێی زۆرینەی دەنگ دادەنێنەوە .

5 – ئەنجوومەنی میللیی هەر ناوچەیەک بە هاوکاریی ئەنجوومەنی میللیی شارەکە ی خۆی ئەنجوومەنێکی شارەوانیی بۆ ناوچەی خۆی دادەمەزرێنێ و چاودێریی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی دەکا .

6 – ئەنجوومەنی میللیی هەر شارێک بەهاوکاریی ئەنجوومەنی میللیی وولات ئەنجوومەنێکی شارەوانیی بۆ شاری خۆی دادەمەزرێنێ و چاودێریی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی دەکا .

7 – ئەنجوومەنی شارەوانی هەر ناوچەیەک لە چوارچێوەی پلان و نەخشەی ئەنجوومەنی شارەوانیی شارەکە ی کاروبارەکانی خۆی ئەنجامدەدا و پێداویستییە مادییەکانیشی لەوێوە دابیندەکرێ .

8 – ئەنجوومەنە شارەوانییەکانی هەموو شارەکان ناوەناوە و بەپێی پێویست – بەلایەنی کەم هەر ساڵەی جارێک – کۆبوونەوەی تایبەت بۆ سوودوەرگرتن لەیەکدی لە ئەزموون و نەخشەوپلانی نوێ و پڕۆژە هاوشێوە و هاوبەشەکانیان سازدەدەن .

9 – ئەنجوومەنی میللیی وولات پێکدێ لە سەرۆک و جێگرەکانی نووسینگەی کارگێڕیی ئەنجوومەنە میللییەکانی هەموو شارەکان .. سەرۆکی نووسینگەی کارگێڕیی ئەنجوومەنی میللیی پایتەخت ئۆتۆماتیکیی دەبێتە سەرۆکیان و نووسینگەیەکی کارگێڕییش هەر لە پایتەخت دادەمەزرێنێ و لەنێوخۆشیان جێگرێک هەڵدەبژێرن .

10– ئەنجوومەنی میللیی وولات لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاری دانانی پەیڕەوی نێوخۆی ئەنجوومەن دەدا و لەسەرەتای ساڵی سێیەمی دە ستبەکاربوونی دەتوانێ دەستکاریی بکا .

<u>مادەی 44 :</u> **ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی میللیی :**

1 – ئەنجوومەنی میللی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و جیاوازە لە هەر دەسەڵاتێکی تری وولات بۆ هەڵسووڕاندن و راپەڕاندنی کاروبارە کارگێڕیی و شارەوانییەکانی خۆی .. لە لایەکیتریش بەگوێرەی ئەم دەستوورە ئەندامی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار و پاڵپشت و هاوکاری دەسەڵاتەکانی تری وولاتە لە هەر کاروبارێکی پەیوەستدار .
2 – جگە لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیار و فەرمان و رێنماییانەی کە بۆ کارەکانی خۆی پێویستن لە ژێررۆشنایی دە ستوور تەواوی یاساکان و هەموو ئەو بڕیار و فەرمان و رێنماییانەی پەرلەمان کە پەیوەستن بە ئەنجوومەن جێبەجێدەکا و مافی رەخنەلێگرتنیشیانی هەیە .
3– جگە لەو ئەرکو دەسەڵاتانەی لەنێو دیوانی سەرۆکایەتیی هەیەتی.. لەبەرئەوەی راستەوخۆ لەنێو خەڵک کاردەکا و لە هەر گرفت و ناتەواوییەکیان ئاگادارە و ئاشنای جۆر و شێوەی ژیان و گوزەرانیانە بە شێوەیەکی وورد چاودێریی کارەکانی دەسەڵاتەکان دەکا لە هەر پێشێلکارییەکی ماف و ئازادییەکانیان و مافی ئەوەشی هەیە بە رێنماییەکانی هاندەریان بێ بە هەر شێوازێکی یاسایی بەرگریی لە خۆیان بکەن و ماف و ئازادییەکانیان فراوانتربکەنەوە .
4 – هە موو پێویستییە مادییەکانی نووسینگە کارگێڕییەکانی و فەرمانگە شارەوانییەکانی و تێکڕای ئەو کرێکار و کارمەندانەی – بە جیاوازیی جۆر و ئاستەکان – پێویستیەتی لە رێگای ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکان دابینیاندەکا .
5 – ئەنجوومەنی میللیی خولی نوێ دەتوانێ هەندێک یان هەموو ئەو کرێکار و فەرمانبەرانەی کە ئەنجوومەنی پێشوو دایمەزراندوون بگۆڕێ ئەگەر هەست بکا وەک پێویست کارەکانیان ئەنجام نادەن.. بەڵام کارلێستاندنەوە لە هەر کرێکار یان فەرمانبەرێک بە هۆی



پێویست نەبوونی پێی ئەوا دەبێ بە هاوکاریی وەزارەتی پەیوەندار یان کارێکی بە هەمان ئاستی کارەکە ی خۆی بۆ بدۆزێتەوە یان بیمەیەکی بێکاریی بە هەمان کرێی هەفتانە ی خۆی بۆ ببڕێتەوە .
6 – هەموو دەستکەوتە مادییەکانی لە باج و قازانجی پرۆژەکانی و بەکارهێنانی شوێنە گشتییەکان و ... هتد لە رێگای وەزارەتی دارایی دەخاتە نێو خەزێنەی وولات .
7– سالانە نەخشەوپلانی نوێ بۆ کار و پرۆژە جیاجیاکانی دادەنێ و لە پاش وەرگرتنی رەزامەندیی پەرلەمان لەسەریان بە هاوکاریی و هەرەوەزیی دەزگا و دامەزراوە پەیوەندارەکان جێبەجێیاندەکا .
8 – رۆژی سێیەمی کاری هەر ئەندام ئەنجوومەنێکی میللیی لە هەفتەدا بینینی جەماوەرە لە نووسینگە کارگێڕییەکە ی خۆی .

**مادەی 45 :**

1 – ماوەی کاری ئەندامانی ئەنجوومەنە میللییەکان 4 ساڵی رێکە.. کاتەکانی کارەکەیان وەک هەر فەرمانبەرییەکی تری ئاسایی 5 رۆژی 7 کاتژمێرییە لە هەفتەیەکدا .
2 – مافی هەر ئەندامێکی ئەنجوومەنە هەر پێشێلکردنێکی ماف و ئازادییەکی خۆی و هاولاتییان و هەر پلان و پرۆژەیەکی خۆی یان هی جەماوەر بخاتە بەردەم ئەنجوونی میللیی وولات یان پەرلەمان .
3 – ئەندامانی ئەنجوومەن بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆر و شێوە پەیوەستبوونێک نوێنەری گەلو ئەنجوومەنەکەی خۆیانن نەک نوێنەری پێکهاتەی دینیی ، رەگەزیی ، نەتەوەیی ، ناوچە یی ،... هتد .
4 – ئەندامانی ئەنجوومەن نابێ هیچ کارێکیتر بکەن .. کاتەکانی کاری ئەندام ئەنجوومەنییەکەیان بە خزمە ت بۆ دەژمێردرێ .. ئەگەر پێشتر کاریان هەبووبێو کارەکانیان مابن دەتوانن بگەڕێنەوە سەرکارەکانیان .

5 – هەر کەسێک دەتوانێ تەنیا لە 3 خولدا ببێتە ئەندامی ئەنجوومەن بە مەرجێک دەنگە بەدەستهاتووەکانی دووەم خولی لە یەکەم خولی زیاتربن و هی سێیەم خولی لە دووەم خولی زیاتر بن .. بەڵام سەرۆک و جێگری ئەنجوومەنەکان و سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکەر دەتوانن تەنیا لە 2 خول پۆست وەربگرن کە دەنگە بەدەستهاتووەکانی دووەم خولیان لە یەکەم خولیان زیاتربن .

6 – جگە لە ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی ئەندامانی ئەنجوومە ن وەک فەرمانبەرێکی ئەنجوومەن هەموو ئەو ماف و ئازادییانەشیان هەیە کە هاوڵاتییان هەیانە .

7 – ئەندامانی ئەنجوومەن ئازادن لەوەی لە هەر کاتێک بیانە وێ واز لە کارەکەیان بهێنن بەبێ ڕێگالێگرتن و بەکارهێنانی هیچ جۆرە پاڵەپەستۆیەک بۆ بەردەوامبوون لەسەریان .

8 – دەبێ کرێی هەفتانەی ئەندامانی ئەنجوومەن لەگەڵ کار و ژیانیان بگونجێ و لەگەڵ کرێی هەفتانەی فەرمانبەران و کرێکارانی هەموو ئەنجوومەنە میللییەکانو ئەنجوومەنە شارەوانییەکانو دەرماڵەکانیان وەک هەر مافێکی تریان لەگەڵ ئازادییەکانیان لە پەیڕەوی نێوخۆ تۆماربکرێن .

<u>مادەی 46 :</u> لێژنەی یاسایی ئەنجوومەن و هەر لێژنیەکی کاتیی و هەمیشەیی ، ماف و ئازادیی و ئەرکەکانی ئەندامان ، دامەزراندنی فەرمانبەران و کرێکارانی سەر بە ئەنجوومەن ، دیارکردنی کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکان ، هەر کاروبار و بابەتێکی تری نێوخۆی ئەنجوومەن دەبێ بە شێوەیەکی یاسایی و روون لەنێو پەیڕە وی نێوخۆی ئەنجوومەن جێگای خۆیان بگرن .



**<u>مادەی 47 :</u> ئەو بارانەی کە ئەنجوومەنی میللییان لێهەڵدەوەشێتەوە :**

1– کاتێک کە 3/4 ی ئەندامەکانی بڕیاری هەڵوەشانەوەی دەدەن .

2– ئەگەر زیاتر لەنیوەی ئەندامەکانی دەستیان لە کارکێشایەوە .

3 – کاتێک کابینەی نوێی ئەنجوومەن یەکەم کۆبوونەوە گرێدەدا .

4 – کاتێک ئەنجوومەن دەستوور و یاساکان جێبەجێ ناکا، رای گشتیی جەماوەر ژێرپێدەنێ، ناتوانێ بەسەر برسێتیی و گەندەڵیی زاڵ بێ، بە تاکڕەویی و کۆنەپارێزیی لایەنی دەسەڵاتدار رازییدەبێ ، دەستی هەبێ لەوەی وولاتی تووشی شەڕێکی کۆنەپەرستانە یان شەڕی نێوخۆ کردبێ .. بە مەرجێک پەرلەمان و دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار بە پشتبەستن بە بەڕاستگەڕانی هەریەک لەو پێشێلکارییانە لە دادگاییەکی دادگای باڵا بڕیاری هەڵوەشانەوەی بدەن.

**4 – ئەنجوومەنی دادوەریی :**

**<u>مادەی 48 :</u> بنچینە گشتییەکان :**

1 – دادگا و یاساکان لە سەروو هەموو کەسێکەوەن بەبێ هەڵاواردن .. یاساکانیش بە ڕێکهاتنەوە لەگەڵ گەوهەر و نێوەرۆکی دەستوور بە یەکسانیی و بە بێلایەنیی لەسەر هەموو کەسێک جێبەجێدەبن بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ( دین ، بیروباوەڕ، نەتەوە، رەنگ، رەگەز، پلە و ئاست و ... هتد ) ی کەسەکان .

2– جگە لە دەسەڵاتی دادوەریی هیچ کەس و دەسەڵاتێکی تر بۆی نییە دەست لە دادوەریی و کاروباری دادپەروەریی وەربدا .

3 – هیچ جۆرە دادگاییەکی تایبەت و نائاسایی و سەربازیی نییە .

4 – لە سێدارەدان و گرتن و زیندانکردنی تەمەنی کەمتر لە 18 ساڵ ڕێگاپێدراو نییە ، دەکرێ زیندانیی هەتاهەتایی لە تەمەنی 82 ساڵیی ئازاد بکرێ ئەگەر پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەریی رازامەندیی

لەسەر دەرببڕن بەمەرجێک دڵنیابن لەوەی کەپاش ئازادبوونی نایەوێ یان ناتوانێ کاری دژە یاسایی و دژە مرۆیی ئەنجامبدا .

5 – سەرتاپای کاتی دانیشتنی هەر دادگاییکردنێک بە ئاشکرایی دەبێ ، هەرکەسێک بیەوێ دەتوانێ لە دادگاییکردنەکان ئامادەبێ و سێ کەسیش – ئەگەر زۆر بوون بە تیروپشک – دەتوانن لە کاتێکی دیارکراوی پێش بڕیاری دادگا را و تێبینیی خۆیان دەرببڕن .. بەڵام گەر لە هۆڵی دادگا جێگای ئامادەبووان نەبۆوە یان هەستکرا خەڵکێکی زۆر دەیانەوێ دادگاییەک ببینن ئەوا پێویستە لە کەناڵێکی (تی ڤی) راستەوخۆ بڵاوبکرێتەوە .

6 – نابێ هیچ فەرمانبەرێکی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی دادوەریی بە هیچ کەناڵێک سەر بە هیچ پارت و هەرجۆر و شێوە رێکخراوبوونێکی تری سیاسیی بێ .. نابێ لە نێو فەرمانگە و کاتەکانی کارکردنی هیچ جۆرە هەڵسوکەوت و چالاکییەکی حیزیی و سیاسییش بنوێنێ و لە هیچ جێگایەکی تریش کاربکا .

7– جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادوەریی لەکاتی خۆی،یاریکردن بە یاساو رێساکان ، فرتوفێڵ و بەرتیل و گرتنەبەری رێکاری نایاسایی و بە کارهێنانی دەسەڵات بە ناڕەوایی لە لایەن فەرمانبەرانەوە بە تاوان دادەندرێن و دەبێ تاوانبار بەپێی تاوانەکەی چ وەک کەمکردنەوەی دەسەڵاتو سوودوەرگرتن لە کارەکە ی تا رادە ی دەرکردن لەسەر کارەکەی چ وەک هەر سزایەکی تری ئاسایی کە لە دەرەوەی کار و لە نێو کاریش روودەدەن سزابدرێ ، هاوکات ئەگەر تاوانبارکراو تاوانبار دەرنەچوو مافی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی هەیە کە لێیکەوتووە .

8 – نابێ هیچ دەقێکی یاسایی ئەوتۆ هەبێ رێگا لە پێشکەشکردن و



بینینی هەر سکاڵا و داوایەک بگرێ یان رێگا لە توانجلێدان لە هەر کار و رێکار و بڕیار و شتێک بگرێ جا لە لایەن هەر کەسێک و لە هەر شوێنکاتێک دەربچێ یان ئەنجامبدرێ .

9 – ئەگەر ناڕەوایی زیانکەوتن لە هەرکە س و لایەنێک بە رێگای یاسایی سەلمێندرا ئەوا دەبێ ئەو کەسە یان ئەو لایەنە قەرەبووی بکاتەوە کە زیانەکەی گەیاندووە .

**<u>مادەی 49 :</u> دەسەڵاتی دادوەریی :**

1– دەسەڵاتێکی دەستووریی و یاسایی گشتگیرە و بە سەربەخۆیی لە دەسەڵاتەکانیتر دەسەڵاتو میکانیزمێکی تایبەتمەندە بۆ بەڕێوەچوونی دادوەریی و جێبەجێکردنی یاسا و پیادەکردنی دادپەروەریی و پاراستنی تەواوی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتییان .

2 – دەسەڵاتی دادوەریی لە ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی و دادگای باڵا و دادگای پێداچوونەوە و دەستەی سەرپەرشتیی دادوەریی و ئەنجومەنی شووراو دەزگای داواکاری گشتیی و دەزگای داواکاری تایبەتیی– دەزگای پارێزەران – و دادگاکانی دیکەی وواڵت پێکدێ .

3 – دەسەڵاتی دادوەریی پەیوەندیی بە ماوەی 4 ساڵەی پەرلەمان و دەسەڵاتەکانی ترەوە نییە و بەردەوام بوونی هەیە و هیچ کەس و لایەنێکی دەسەڵاتدار ناتوانێ هەڵیبووەشێنێتەوە .. ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە ماوەی کاری خۆی کە 2 ساڵە بە دەنگی 3/4 ی کۆی ئەندامانی دەتوانێ تەنیا دووجار و هەر جارەی بۆماوەی یەک مانگ هەڵیپەسێرێ .

**<u>مادەی 50 :</u> ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی :**

1 – بەڕێوەبردن و سەرپەرشتییکردنی دادوەریی و کاروباری دەستە دادوەرییەکان و هەموو کاروباێکی پەیوە ست بە یاسا و رێساکان و

بڕیار و ڕێنماییەکانیان کاری ڕەسەن و پراکتیکیی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریین‌و یاساش پێکهاتەو تایبەتمەندییەکان دەسەڵاتەکانی و ڕێسای ڕەوتی کارەکانی و ماف و ئازادیی ئەندامەکانی دیاردەکا.

2–ئەنجوومەنی‌باڵای دادوەریی وەک لووتکەی باڵای دەسەڵاتی دادوەریی لە سەرۆکەکانی دادگای باڵا و پێداچوونەوە و دەستەی سەرپەرشتیی دادوەریی و ئەنجومەنی شوورا و دەزگای داواکاری گشتیی و دەزگای داواکاری تایبەتیی و دادگاکانی دیکەی ووڵات پێکدێ .

3 – ئەندامانی ئەنجوومەن لەنێوخۆیان یەکێک – جگە لە سەرۆکی دەزگای داواکاری تایبەتی – لە لێهاتووترین و پڕخزمەتترین ئەندامی خۆیان وەک ڕاوێژکار نەک سەرۆک – بۆ ئەنجوومەن هەڵدەبژێرن ئەویش تەنیا بۆ ڕاوێژپێکردن و سەرپەرشتییکردنی کۆبوونەوەکان .

4 – بڕیاری ئەنجوومەن بەکۆمەڵ دەدرێ و هەموو ئەندامەکانیش بە ڕاوێژکاریشەوە لە دەنگدان یەکسانن و هەرکەس خاوەنی دەنگێکە .

5 – ئەنجوومەن لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بڕیاری دانانی پێکهاتە و دەسەڵات و تێکڕای کاروبارەکانی و دامەزران و کرێی ئەندام و کرێکار و فەرمانبەر و دەرماڵەی دامودەزگاکانی و مافو ئازادییە کان‌و دامەزرانی سەندیکا و بودجەی ساڵانە و شێوەی هەڵبژاردن و...هتد .

6 – هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی کە لووتکەی باڵای دەسەڵاتی دادوەرییە لە خوارەوەڕا بۆ سە رەوە و بەگوێرەی توانا و شارەزایی پێویستی کەسەکان بۆ هەر کار و بەرپرسییەک بەپێی پێویستیی دەستە و ئەنجوومەن‌و دادگا و دەزگا و فەرمانگە پێویستەکان بە شێوەیە کی ئازاد و نهێنیی لە نێو دادوەران و مامۆستایانی یاسا و پارێزەران ئەنجامدە درێ .. لە دوا پرۆسێس کە سەرۆکەکان – ئەوانەی لە خاڵی دووەم دەستنیشانکراون – هەڵدەبژێردرێن



ئۆتۆماتیکی دەبنە ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی .

7 – هەڵبژاردن هەر 2 ساڵ جارێکە ، ڕێسا و پرۆسێسی هەڵبژاردن لە لایەن لێژنەیەکی 10 کەسیی لە دادوەرە هەرە بەرزەکانی ووڵات بەرەزامەندیی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی بە یاسایەک ڕێکدەخرێ .

8 – ئەنجوومەن پڕۆژەی بودجەی ساڵانەی ئەنجوومەنی دادوە ریی ئامادە دەکاو دەیخاتە بەردەمی پەرلەمان.. پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی لەسەری دەخرێتە نێو بودجەی ساڵانەی ووڵات .

**مادەی 51 : دادگای باڵا :**

1– دادگای دەستووریی ووڵاتە ، دەستەیەکی دادوەریی سەربەخۆیە و لە کۆمەڵێک دادوەرو پسپۆڕ و شارەزایانی بوارە یاساییەکان پێکدێ.

2 – لەژێر چاودێریی و سەرپەرشتیی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی و لە نێوان دادوەران و مامۆستایانی یاسا و پارێزەرە بە ئەزموون و لێهاتووەکان بە شێوەیەکی ئازاد و نهێنیی هەڵدەبژێردرێن و پاشان لەنێو خۆیان سەرۆکێکی گشتیی بۆ دادگا هەڵدەبژێرن .

3 – مەرجی ئەندامێتیی و ئەرک و ماف و ئازادییەکانیان ، شێوە ی بەڕێوەبردنی کارەکان ، چۆنییەتیی وەرگرتنی داوا و داواکارییەکان ، کرێ و دامەزرانی فەرمانبەران و کرێکاران ، و ... هتد بە یاسایەک دیاردەکرێن و پاشان بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی دەخرێنە نێو پەیڕەوی نێوخۆی دەسەڵاتی دادوەریی .

**مادەی 52 : دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی دادگای باڵا :**

1 – ڕاڤەکردنی دەقەکانی دەستوور و وەرگێڕانی زمانی یاسا لە زمانی پلاستیکیی و ( کەزەمزێ ) ی توێژێکی کۆمەڵ بۆ زمانی پاراوی خەڵک.

2 – هاوکارییکردنی ئەنجوومەنی شوورا لە ئامادەکردن و داڕشتنی

**پرۆژەی یاساکانی وولات .. ئەو یاسایانەی کە بۆ ڕێکخستنی کارکردنی دەسەڵاتەکانی گەل و بەڕێوەبردنی تێکڕای لایەنەکانی ژیان پێویستن.. بە مەرجێک لە نووسینیاندا زمانێکی بێ گرێوگۆڵ و ڕەوانی ئەوتۆ پەیڕەو بکرێ کە هەموو کەسێک بە ئاسانیی لێیان تێبگا.**

**3 – سانسۆرکردنی بە دەستوورییبوونی یاسا و ڕێسایە بەرکارەکان لە سەرداوای هەر داواکا ر و زیانلێکەوتوویەکەوە .**

**4 – یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی کەلە جێبەجێکردنی یاساو ئەو ڕێساو بڕیار و ڕێنمایی و ڕێکارانەی دەسەڵات پەیدادەبن یان لە ئەنجامی دەستوورییینەبوونی یاسا و ئەو ڕێسا و بڕیار و ڕێنمایی و ڕێکارە ناڕەوایانەی کە دەردەچن پەیدادەبن لەسەر داوای هەر داواکار و زیانلێکەوتوویەکەوە .**

**5 – یەکلاکردنەوەی ئەو کێشە و ناکۆکییە لە چارەسەرنەهاتووانەی کە لە نێوان دەسەڵاتەکانی وولات لە بەرامبەریەکدی پە یدادەبن .**

**6 – بە دواداچوون و یەکلاکردنەوەی ئەو تاوانانەی کە لەلایەن هەر کەس و لایەنێکەوە ئاراستەی بەرپرسە باڵاکانی دەسەڵاتەکانی وولات بە تایبەتیی و بەرپرسان بە گشتیی دەکرێن بەڵام بە تەواویی لێانناکۆڵدرێتەوە یانهەر فەرامۆشدەکرێن، هەر پەیوەست بەم کێشانەش چاودێریی و دڵنیابوون لە گرتنبەری ڕێکاری یاسایی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارە سزاییەکان هەر لە ئەستۆی دادگای باڵایە .**

**7 – بڕیاردان لەسەر ڕاستیی و دروستیی یان ناتەواوی و ساختەیی هەر هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکی گشتیی جە ماوەریی کە ئەنجامدەدرێ بە ڕوونکردنەوەی کەموکوڕییەکان و دیارکردنی چەند و چۆنیی ساختەو ناتەواوییەکان بە کەس و لایەنە ئەنجامدەرکانیشیانەوە .**

**8 – بڕیار و حوکمەکانی دادگای باڵا بنبڕ و یەکلاکەرەوەن و دەبێ**



هەموو کەس و لایەنێک پابەندبن پێیانەوە و جێبەجێیانبکەن .

9 – کاتێک دادگای باڵا لە پرۆسێسی پیادەکردنی ئەو دەسەڵات و تایبەتمەندییانەی ڕووبەڕووی هەر سەرپێچییکردنێکی یاسایی و دەستووریی دەبێتەوە دەبێ دەسەڵاتی پەیوەندار ئاگاداربکاتەوە تاکو ڕێکاری پێویست بگیردرێتەبەر بۆ لادانی یان ڕاستکردنەوەی.

**مادەی 52 : داواکاری گشتیی :**

**1– داواکاری گشتیی نوێنەری یاسایی تێکڕای کۆمەڵە ، بۆ پاراستن و بەرگرییکردن لە ماف و ئازادیی گشتیی و هێنانەدی و سەقامگیرکردنی دادپەروەریی داوای گشتیی بە ناوی خۆیەوە دەخاتە ئەستۆی خۆی.**

**2 – یەکێک لە کارە گرنگەکانی داواکاری گشتیی کۆششکردنێکی لێبڕاوانەیە بۆ پیادەکردنی یاسایە سزاییەکان لە کاتی پێویست .**

**3 – سەرپەرشتییکردن و ڕەوتگرتنی هەر کاروبارێکی بەرزەفتکاریی دادوەریی و چاودێرییکردنی پێشێلکارییە یاساییەکان و جێبەجێکردنی تەواوی بڕیار و حوکم و سزاکان لە ئەستۆی داواکاری گشتییە .**

**4 – پێکهاتەی دەزگای داواکاری گشتیی ، شێوەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان ، ئەرک و ماف و ئازادییەکان ، و ... هتد بە یاسایەک دیاردەکرێن و پاشان بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی باڵای دادوە ریی دەخرێنە نێو پەیڕەوی نێوخۆی دەسەڵاتی دادوەریی .**

**مادەی 53 : ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی بەچەند یاسایەک تێکڕای ( کارەکان ، شێوەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان ، ئەرک و ماف و ئازادییەکان، دەسەڵات ، دامەزراندنی فەرمانبەر و کرێکار و ...هتد) ی هەریەک لە ئەنجومەنی شوورا و دادگای پێداچوونەوە و دەستە ی سەرپەرشتیی دادوەریی و دەزگای داواکاری تایبەتیی و دادگاکانی دیکە دیاردەکا و دەیخاتە نێو پەیڕەوی نێوخۆی دەسەڵاتی دادوەریی .**

**5 – ئەنجوومەنی میدیا :**

**مادەی 54 : بنچینە گشتییەکان :**

1 – نابێ هیچ کەسێک بە هۆی پەخش و بڵاوکردنەوەی بیروڕا و بەرهەمەکەی دژایەتیی بکرێ یان بەند بکرێ و بدرێتە دادگا جا نێوەرۆکی بیروڕا و بەرهەمەکە ی هەرچییەک بێ .

2 – جگە لەو بیروبۆچوونانە ی دەبنە هۆی دروستکردن و گەشەپێدانی رەوتی کۆنەپەرستیی ، خورافە و دابونەریتە دواکەوتووەکانی ژیان ، سەپاندنی بەزۆری دین و حیزب و هزر و... هتد، جۆرەکانی ئەشکەنجەو توندوتیژیی ، جۆرەکانی جیاوازیی ، شەڕ و نائارامیی و تیرۆر و هەر جۆر و شێوە پێشێلکردنێکی تری ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ هەرکەس و لایەنێک دەتوانێ بە ئازادیی و بەگوێرەی تواناکانی خۆی دەزگاکانی میدیا بەکاربهێنێ بۆ بڵاوکردنەوەی هەرشتێک کە خۆی دەیەوێ .

3 – هەرکەسێک بەرهەمی کەسێکی تر بدزێ یان بازرگانیی بە بەرهەمی یەکێکی تر بکا یان خاوەنبەرهەم بە هۆی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەی تووشی کێشە وگرفت بکا رووبەڕووی یاسا دەبێتەوە .

4 – کرێی هەفتانەی هەر کارمەندێکی میدیا و بەخششی مادیی بۆ هەر بەرهەمێک بەپێی کارەکانیان لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی تریان لە لایەن لێژنەیەکی سەر بە ئەنجوومەنی باڵای میدیا دیاردەکرێن .

6 – نابێ هیچ ئەندامێکی دەستەی سەرپەرشتیی دەزگاکانی میدیا لە هیچ شوێنێکیتر کاربکا و سەربەهیچ پارتو رێکخراوێکی سیاسیی بێو هیچ چالاکییەکی سیاسیی حیزبیی لەنێو نووسینگە و فەرمانگەکان ئەنجامبدا یان دەزگاکان وەک ئۆرگانێک بۆ پەخش و بڵاوکردنەوەی کاروبار و پروپاگەندەی حیزبیی و دینیی یان هەر هزر و فەلسەفەیەکی دیارکراو بەکاربهێنێ .



7 – هەر پارت و لایە ن و رێکخراوێکی سیاسیی ئازادن لەوەی لەسەر ئەرکی خۆیان – نەک دارایی حکومەت – دەزگای میدیایی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن بە مەرجێک نەبنە هۆی دروستکردن و گەشەکردنی ئەو رەفتارانەی کە لە خاڵی دووەم باسکراون .

8 – هیچ مۆڵەتدانێک پێویست نییە بۆ پە خش و بڵاوکردنەوە و دانانی هەر دەزگایەکی ئازادی میدیایی دەرەوەی ئەنجوومەنی میدیا لە لایەن هەر تاکە کەس و دەستە و کۆمەڵە و رێکخراوێکی پیشەیی و رۆشنبیریی و جە ماوەریی تەنانەت ئازادن لەوەی ئەگەر بەرهەمی توندی رەخنەگرانەش لە هەرکەس و شتێک پەخش و بڵاوبکە نە وە ، دەبێ لێژنەیەکی تایبەت لە ئەنجوومەنی باڵای میدیا بۆ هەریەک لەمانە بە گوێرەی توانا و پێویستییەکانی و گرنگیی کارەکەی بۆ خزمەتی گشتیی کۆمەڵ یارمەتییەکی مادیی و مەعنەویی بدا .

**مادەی 55 : دەسەڵاتی ئەنجوومەنی میدیا :**

1 – ئەنجوومەنی میدیا جگە لەوەی ناوەندی فەرهەنگی تێکڕای گەل و نەتەوەکانی وڵاتە بەبێ جیاوازیی دەسەڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆشە لە تێکڕای دەسەڵاتەکانی تری وڵات .

2 – ئەنجوومەن یەکێکە لە شەش دەسەڵاتە سەرەکییەکەی وڵات و لە رێگای ئەندامبوونی لە دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار بە گوێرەی تایبەتمەندییە پیشەییەکانیخۆی هاوکار و هاوبەشی دەسەڵاتەکانیترە بۆ بەرێوەبردنی وڵات .

3 – دەسەڵاتی میدیا بە سەربەخۆیی خۆی کارەکانی بەڕێوەدەبا و هیچ کەس و دەسەڵاتێک بۆی نییە دەست لە کاروبارەکانی وەربدا .

4 – دەسەڵاتی ئەنجوومەنی میدیا لە ئەنجوومەنی باڵای میدیا ،

دەزگای چاپ و دابەشکردن ، دەزگای رۆژنامە و گۆڤار و پەرتووک ، دەزگای رادیۆ و تەلەفزیۆن ، دەزگای ئەنتەرنێت ، دەزگای سینەما و شانۆ ، دەزگای هۆڵ و سەکۆیە گشتییە کان ، دەزگای ریکلام پێکدێ .

5 – ئەنجوومەنی میدیا بە تێکڕای دەزگاکانییەوە نە سەر بە پارت و لایەنی دەسەڵاتدار و هیچ پارت و لایەنێکی ترە نە قۆرخکراوی هیچ لایەنێکی ئایدیۆلۆژیی و فەلسەفیی دیارکراویشە .

6 – دەسەڵاتی میدیا پەیوەندیی بە ماوەی 4 ساڵەی پەرلەمان و دەسەڵاتەکانی ترەوە نییە و بەردە وام بوونی هەیە و هیچ کەس و لایەنێکی دەسەڵاتدار ناتوانێ هەڵیبووەشێنێتە وە .. ئەنجوومەنی باڵای میدیا لە ماوەی کاری خۆی کە 2 ساڵە بە دەنگی 3/4 ی کۆی ئەندامانی دەتوانێ تەنیا دووجار و هەر جارەی بۆ ماوەی یەک مانگ هەڵیپەسێرێ .

**مادەی 56 : ئەنجوومەنی باڵای میدیا :**

1 – ئەنجوومەنی باڵای میدیا وەک ناوەندێکی باڵا میکانیزمێکی گشتگیرە بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتییکردنی پە خش و بڵاوکردنەوەی تێکڕای بوارە فەرهەنگییەکانی کۆمەڵ.

2– ئەنجوومەنیباڵای میدیا وەک لووتکەیباڵای دەسەڵاتی ئەنجوومەنی میدیا لە سەرۆکەکانی هەموو ئەو دەزگایانەی کە لە بڕگەی چوارەمی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی میدیا باسکراون پێکدێ .

3 – ئەندامانی ئەنجوومەن لە نێو خۆیان یەکێک لە لێهاتووترین و پڕ خزمەتترین ئەندامی خۆیان وەک راوێژکار – نەک سەرۆک – بۆ ئەنجوومەن هەڵدەبژێرن ئەویش تەنیا بۆ راوێژپێکردن و سەرپەرشتییکردنی کۆبوونەوەکان .

4 – بڕیاری ئەنجوومەن بەکۆمەڵ دەدرێ و هەموو ئەندامەکانیش بە



راوێژکاریشەوە لە دەنگدان یەکسانن و هەرکەس خاوەنی دەنگێکە .

5 – ئەنجوومەن لەیەکەم کۆبوونەوەیدا بڕیای دانانی پەیڕەوی نێوخۆی ئەنجوومەنی میدیا دەدا بۆ دیارکردنی شێوەی پێکهاتە و دەسەڵات و تێکڕای کاروبارەکانی و دامەزران و کرێی ئەندامان و فەرمانبەران و کرێکاران و دەرماڵەی دامودەزگاکانی و نرخی فرۆشتنی بەرهەمەکان و ماف و ئازادییەکان و دامەزرانی سەندیکاکان و بودجەی ساڵانە و شێوەی هەڵبژاردن و ... هتد .

6 – هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی باڵای میدیا کە لووتکەی باڵای دەسەڵاتی ئەنجوومەنی میدیایە لە خوارەوەڕا بۆ سەرەوە و بە گوێرەی توانا و شارەزایی پێویستی کەسەکان بۆ هەر کار و بەرپرسییەک بە پێی پێویستیی بەشە جیاجیاکانی هەر دەزگایەک بە شێوەیەکی ئازاد و نهێنیی لە نێوان بیرمەندان و بەرهەمدارانی تەواوی لایەنە رۆشنبیرییەکان و تەکنیکار و کارمەندە هونەرییەکان ئەنجامدەدرێ .. لە دوا پرۆسێس کە سەرۆکەکان – ئەوانەی لە برگەی دووەم باسکراون – هەڵدەبژێردرێن ئۆتۆماتیکی دەبنە ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای میدیا .

**مادەی 57 :** ئەنجوومەنی باڵای میدیا بە چەند یاسایەک تێکڕای ( کارەکان ، شێوەی بە رێوەبردنی کاروبارەکان ، ئە رک و ماف و ئازادییەکان ، دەسە ڵات ، دامەزراندنی فەرمانبەر و کرێکار و ...هتد)ی هەریەک لە دەزگای چاپ و دابەشکردن ، دەزگای رۆژنامە و گۆڤار و پەرتووک ، دەزگای رادیۆ و تەلەفزیۆن ، دەزگای ئەنتەرنێت ، دەزگای سینەما و شانۆ ، دەزگای هۆڵ و سەکۆیە گشتییە کان، دە زگای ریکلام دیاردەکا و دەیخاتە نێو پەیڕەوی نێوخۆی دەسەڵاتی میدیا.

**5 – ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی :**

**مادەی 58 : بنچینە گشتییەکان :**

1 – کەسانی خۆبەخش بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە ریزەکانی هێزی بەرگریی هەڵدەبژێرن .. واتا هیچ کەسێک بەزۆر ناچارناکرێ لەنێو هێزی بەرگریی خزمەت بکا .

2 – نابێ بە هیچ شێوەیەک هیچ کەسێک لەنێو هێزی بەرگریی تەمەنی لە خوار تەمەنی 21 ساڵیی بێ و دەبێ پێش ئامادەکردنی بۆ چوونەڕیز و کاتی چوونەڕیز هەموو ئەزموونێکی تەندروستیی بۆکرابێ‌و هیچ جۆرە نەخۆشییەکی جەستەیی و دەروونیی نەبێ .

3 – پێویستە لە زانکۆکانی وولات کۆلێژی هێزی بەرگریی بە هەردوو بەشی (پێشمەرگە و پۆلیس) بکرێتەوە و ریگا بە هیچ کەسێک نەدرێ بەبێ بڕوانامەی ئەم کۆلێژە بچێتەریزی هێزی بەرگریی .

4 – نابێ هیچ پێشمەرگە و پۆلیسێک لە هیچ شوێنێکی تر کار بکا و سە ر بە هیچ پارت و رێکخراوێکی سیاسیی بێ و هیچ جۆر و شێوە هەڵسوکەوت و چالاکییەکی سیاسیی حیزبییش لەنێو هیچ بنکەیەکی هێزی بەرگریی بنوێنێ .

5 – کرێی هەفتانەی هەر پێشمەرگە و پۆلیسێک بەپێی سەختیی و ئاسانیی کارەکانیان و بەخششی مادیی بۆ کار و چالاکییە گرنگ و جەربەزەییە پێشمەرگەیی و پۆلیسییەکان لەگەڵ تێکڕای ماف و ئازادییەکانی تریان لە لایەن لێژنەیەکی سەر بە ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی دیاردەکرێن.

6 – جگە لە دەسە ڵاتی هێزی بەرگریی هیچ کەس و لایەن و حیزبێک ناتوانێ هێزە چە کدارەکان بە کاربهێنێ یان هیچ چەکدار و هێزێکی چەکداریان هە بێ ، هەرجۆرە بازاڕێکی چەکفرۆشییش قەدەغەیە.



7 – هێزی بەرگریی نێوخۆ – پۆلیس – هێزێکی چە کدارە بەڵام تەنیا لە کاتی پێویست و باری هەبوونی مەترسیی رووبەڕووبوونەوەی چەکداریی چەکهەڵدەگرن .

**مادەی 59 : دەسەڵاتی هێزی بەرگریی :**

1 – هێزی بەرگریی سەرجەمی هێزە چە کدارەکانی وولات پێکدێنێ، پاراستن و بەرگرییکردن لە نیشتمان لە هێزی دەرکیی و پاراستنی هاوڵاتییان لە کارەساتی سروشتیی و پاراستنی ئارامیی و ئاسایشی نێوخۆ و ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتییان کاری سەرەتا و کۆتایی دەسەڵاتی هێزی بەرگرییە .

2 – دەسەڵاتی هێزی بەرگریی لە هەردوو بەشی فەرماندەیی هێزی بەرگریی نیشتمانیی – پێشمە رگە – و فەرماندەیی هێزی بەرگریی نێوخۆ – پۆلیس– پێکدێ .

3 – دەسەڵاتی ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی یەکێکە لە شەش دەسەڵاتە سەرەکییەکەی وولات و لە رێگای ئەندامبوونی لە دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار بەگوێرەی تایبەتمەندییە پیشەییەکانی خۆی هاوکار و هاوبەشی دەسەڵاتەکانی ترە بۆ بەرێوەبردنی وولات .

4 – دەسەڵاتی هێزی بەرگریی لەژێر چاودێریی پەرلەمان و دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران کارەکانی خۆی بە سەربەخۆیی بەرێوەدەبا و هیچ کەس و دەسەڵاتێک بۆی نییە دەست لە کاروبارە پێشمەرگەیی و پۆلیسییەکانی وەربدا .

5 – ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی بە تێکڕای هێز و بنکەکانیەوە نە سەر بە پارت و لایەنی دەسەڵاتدار و هیچ پارت و لایەنێکی ترە نە قۆرخکراوی هیچ لایە نێکی ئایدیۆلۆژیی و فەلسەفیی دیارکراویشە.

6 – ماوەی کاری دەسەڵاتی هێزی بەرگریی وەک پەرلەمان 4 ساڵە .

**مادەی 60 : ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی :**

1 – ئەنجوومەنی باڵا ی هێزی بەرگریی وەک ناوەندێکی باڵا فەرماندەی گشتییە بۆ بە ڕێوەبردن و سەرپەرشتییکردنی تێکڕای کاروبارەکانی هێزی بەرگریی .

2 – ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی وەک لووتکەی باڵای دەسەڵاتی ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی لە راوێژکاری گشتیی و جێگرەکەی و فەرماندەی فەرماندەیی هێزی بەرگریی نیشتمانیی (پێشمە رگە) و جێگرەکەی و فەرماندەی فەرماندەیی هێزی بەرگریی نێوخۆ (پۆلیس) و جێگرەکەی پێکدێ .

3 – راوێژکار و جێگرەکەی دەبێ دووکەسی مەدەنیی و شارەزابن لە زانست و هونەریی پێشمەرگەیی و پۆلیسیی .. پەرلەمان لەگەڵ دەستبەکاربوونی دوو کەس لە ئەندام پەرلەمانەکانی لایەنی براوە لەنێو تێکڕای ئەندامەکانی بە شێوەی ئازاد و نهێنیی بە زۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێرێ و پێویستە دیوانی سەرۆکایەتیی کۆماریش بە ئەنجامەکە رازییبێ .

4 – بڕیاری ئەنجوومەن بە کۆمەڵ دەدرێ و بۆ بڕیاردان لەسەر هەر کارێکی گرنگی نێو ئەنجوومەن دەبێ بە لایەنی کەم ( سێ دەنگ لەگەڵ دە نگی راوێژکار) وەربگیردرێ .. جگە لە راوێژکار هەموو ئەندامەکان لە دەنگدان یەکسانن و هەرکەس خاوەنی دەنگێکە .

5 – ئەنجوومەن لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بڕیای دانانی پەیڕەوی نێوخۆی ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی دەدا بۆ دیارکردنی شێوەی پێکهاتە و دەسەڵات و تێکڕای کاروبارەکانی و دامەزران و کرێی پێشمەرگە و پۆلیس و دەرماڵەی دامودەزگاکانی وماف و ئازادییەکان و بودجەی ساڵانە و شێوەی هەڵبژاردن و ... هتد .



6 – هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی کە لووتکەی باڵای دەسەڵاتی ئەنجوومەنی هێزی بەرگرییە – جگە لە راوێژکار و جێگرەکەی – لەنێوان پلە پێشمەرگەیی و پۆلیسییە هەرە بەرز و لێهاتوو و بە ئەزموونەکان ئەنجامدەدرێ .. ئەنجا لە سەرەوە ڕا بۆ خوارەوە بە گوێرەی پلە پێشمەرگەیی و پۆلیسییەکان کە توانا و شارەزایی پێویستی کە سەکان بۆ هەر کار و بەرپرسییەک دەردەخا بەپێی پێویستیی بچووکیی و گە ورەیی هێزە جیاجیاکانی هەر بنکە و نووسینگە و مە ڵبە ند و فە رماندەییەک لە ناوچەکان ڕێکدەخرێن .

**مادەی 61 :** فەرماندەیی هێزی بەرگریی نیشتمانیی نابێ بە هیچ شێوەیەک وڵاتێکی تر داگیربکا هەروا ناتوانێ بەبێ ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی و دەسەڵاتەکانی تری وڵات بڕیاری شەڕی پاراستن و بەرگرییکردن لە نیشتمان بدا یان بەشداریی لە هاوپەیمانییە سەربازییە ناوچەیی و جیهانییەکان بکا .. نابێ بەشدارییش لەو هاوپەیمانییانە بکا کە دژی بەرژەوەندیی گەلانن .

**مادەی 62 :** نابێ بە هیچ شێوەیەک هێزی پۆلیس بکرێتە دەستکەلای دەسەڵات بۆ سەرکوتکردنی جەماوەر و بزاڤی سیاسیی و رۆشنبیریی.

**مادەی 63 :** ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی بە چەند یاسایەک تێکڕای ( پێکهاتە ، کارەکان ، شێوەی بەرێوەبردنی کاروبارەکان ، ئەرک و ماف و ئازادییەکان ، پلە پێشمەرگەیی و پۆلیسییەکان ، دەسەڵاتەکان ، بەخشینی نیشانە و خەڵاتی تایبەت ، دامەزرانی پەیکەر و پێکهاتەی هێزەکان و ... هتد ) ی هەریەک لە فەرماندەیی هێزی بەرگری نیشتمانیی و فەرماندەیی هێزی بەرگریی نێوخۆ و هێزەکانی خوارەوەیان دیاردەکا و دەیخاتە نێو پەیڕەوی نێوخۆی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی .

## دەروازەی چوارەم :

**لێژنە ئازاد و سەربەخۆكان :**

**<u>مادەی 64 :</u>**

1 – ئەم لێژنانە بە ئازادیی و لە دەرەوەی دەسەڵاتەكان لەنێو كەسانی دەستپاك و شارەزای بواری جیاجیا و تەواوی چین و توێژە كۆمەڵایەتییەكانی جەماوەر بە شێوەیەكی سەربەخۆ پێكدێن .

2– كارەكانی ئەم لێژنانە دەسپاكیی و راستگۆیی و چارەسەركردن و پاراستن و گەشەپێدان و سكاڵاكردن و راستكرنەوە و بەرانگژبوونەوە و لێكۆڵینەوە و چاودێرییكردنە بۆ پڕكردنەوەی ئەو كەلێن و بۆشاییە كارگێڕیی و بەرێوەبەرییانەی هەر كارێك كە دەسەڵاتەكان ناتوانن پڕیانبكەنەوە یان باش و شیاو و جێگای متمانە نیین بۆ ئەنجامدانیان.

3 – تەنیا دڵنیابوون لە ئەنجامدانی كار و دەستپاكیی و شارەزایی هەر كۆمەڵە كەسێک بۆ دامەزرانی هەر لێژنەیەكی دیاركراو تاكە مەرجێكە بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی میللی ووڵات بە فەرمیی بیناسێ .

4 – هەر لێژنەیەک دەبێ ئەمانەی خوارەوەی هەبێ :

ا – دەستەی سەرپەرشتیی كە بە لایەنی كەم لە 5 ئەندام پێكدێ .. سە رپەرشتیكەری دەستە و سكرتێر و بەرپرسی دارایی لەنێو خۆیان هەڵدەبژێرن ، ئەم دەستەیە خۆبەخشە و بێ بەرامبەر كاردەكا .

ب – هەبوونی پەیڕەوی نێوخۆ و بەرنامەی كاركردن .

ج – هە بوونی ژمارە ی ژمێریاریی بانكیی .

د – دامەزرانی چەند فەرمانبەر و كرێكارێک وەک ستافێكی كارگێڕیی .

5 – دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران لایەنی مادیی ئەو لێژنانە دابینبكا : كرێی هەفتانەی ستاف ، خەرجیی چالاكییەكان ، كرێی نووسینگە و پێویستییەكانی تری .



6– نابێ هەر سێ بەرپرسی دیاركراوی هیچ لێژنەیەک و بەرپرسی یەكەمی ستافی كارگێڕیی بە هیچ شێوەیەک سەر بە هیچ پارت و رێكخراوێكی سیاسیی بن و هیچ ئەندامێكی لێژنە و ستافەكە شی مافی ئەوەیان نییە لێژنەكە بۆ چالاكیی حیزبیی و سیاسیی بەكاربهێن.

7 – ئەنجوومەنی میللیی ووڵات مافی بڕیاردانی هەڵوەشاندنەوەی هەر لێژنەیەكی هەیە كاتێک لێژنەكە ناتوانێ كاری سەرشانی خۆی ئەنجامبدا یان جوولە و توانا ماددییەكانی بۆ بەرژەوەندیی و ئامانجی دەرەوەی لێژنەكە بەكاردەهێنێ یان كاروبارەكانی دیموكراسییانە بەرێوەناچێ یان لێژنەكە هەر بێكارە و پێویست نییە هەبێ .

8 – سەرجەمی لێژنەكان بە یەكەوە دەبێ سەندیكایەكی گشتیی پێكبهێنن بە ناوی ( سەندیكای گشتیی لێژنە ئازاد و سەربەخۆكان ) :

ا – ئەم سەندیكایە وەک خاڵی چوارەم – جگە لەوەی ژمارەی ئەندامانی دەستە سەرپەرشتییەكەی لە كۆی ژمارەی لێژنەكان ( هەر لێژنەی نوێنەرێک) پێكدێ – دادەمەزرێ .

ب– كاری هە رە گرنگی ئە م سە ندیكایە پاراستنی ماف وئازادییە كانی لێژنە كان و پشتگیرییكردنیانە لە دابینكردنی لایە نە ماددییە كانیان.

**<u>مادەی 65 :</u>** ئەم لێژنانەی خوارەوە و چەندین لێژنەی تری لەم بابەتانە كە لە لایەن كۆمەڵێكی بەرچاو لە جەماوەر پێویستیی بوونیان بە بەڵگەوە دەسەلمێندرێ كراوەن بۆ ئەوەی هەر كۆمەڵە كەسێک بە لەبەرچاوگرتنی تەواوی برگەكانی مادەی 64 داواكاریی خۆیان پێشكەشبكەن بۆ دامەزرانی هەر یەكێكیان :

1 – لێژنەی باڵای مافەكانی مرۆڤ .

2 – پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییەكانی هاوڵاتییان .

3 – پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییەكانی كرێكاران و جۆتیاران .

4 – پاراستن و گه شەپێدانی ماف و ئازادییەکانی بێکاران .

5 – پاراستن و گه شەپێدانی ماف و ئازادییەکانی کیژان و ژنان .

6 – پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییەکانی منداڵان .

7 – پاراستن و گه شەپێدانی ماف و ئازادییەکانی لاوان .

8 – پاراستن و گه شەپێدانی ماف و ئازادییەکانی کەمئەندام و پیران .

9 – پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان .

10– پاراستن و گه شەپێدانی ماف و ئازادیی سێکس و ئەوین .

11– سەرپەرشتیی بانکی ناوەندیی .

12– چاودێریی دارایی و تێکڕای بانکەکان .

13– چاودێریی و تەرخانکردنی داهات .

14– چاودێری سامانە سرووشتییەکان .

15– چاودێریی چاکیی و نایابیی بەرهەمی هاوردە و خۆجێیی .

16– چاودێریی کڕین و فرۆشتن و گومرگ و بازرگانیی .

17– پاراستنی مافەکانی بەکاربەران .

18– چاودێریی چارەسەرکردنی کێشەکانی جەماوەر .

19– چاودێریی بەرپرس و کاروباری دەسەڵاتەکان .

20– وەستانەوە دژ بە تەواوی گەندەڵییەکان .

21– چاودێری پەیوەندیی و کاروبارەکانی دەرەوە .

22– دەستپاکیی و راستگۆیی .

23– لێژنەی باڵای هەڵبژاردن و راپرسییە گشتییەکان .

24– چاودێریی و سەپەرشتیکردنی سەرژمێرییەکان .

25– پاراستنی ئازادیی گەیاندن و پەیوەندییەکان .

26– چاودێریی کاروبارە تەندروستییەکان .

27– پاراستن و گه شەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان .



28– پاراستنی نیشتمان و مافەکانی گەل .

29– پاراستنی مافی نەتەوەکان و ناوچەکان .

30– پاراستنی مافی کەسوکاری شەهیدان و زیانلێکەوتووان .

31– پاراستنی مافی رادەربڕین و پەخش و بڵاوکردنەوە .

32– پاراستنی مافی رێکخراوبوون و خۆپیشاندان و مانگرتن .

33– پاراستنی ئازادیی سیاسیی و رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی .

34– پاراستنی ئازادیی هزریی و فەلسەفیی .

35– ئازادیی و پاراستنی تەواوی داهێنانە جیاجیاکان .

36– پاراستنی دەستوور و یاسا و رێساکان .

37– بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی گشتیی .

38– سەقامگیرکردنی روونیی و ئاشکرایی .

39– سکاڵا و لێپێچینەوە لە سکاڵاکردن .

40 – وەستانەوە دژ بە جیاوازییکردنەکان .

41 – پاراستنی ماف و ئازادییەکانی پەنابەر و داواکاری پەنابەریی .

42 – وەستانەوە دژ بە ئەشکەنجە و توندوتیژییەکان .

43 – پاراستنی ماف و ئازادییە کانی زیندانییان .

44 – وەستانەوە دژ بە چەک و مادە قەدەغەکراوەکان .

45 – وەستانەوە دژ بە شەڕ و کوشتن و تیرۆر .

46 – پاراستنی ئاشتیی و ئارامیی و ئاسایش .

47 – پاراستنی مۆزەخانە و شوێنەوارە کۆنەکان .

48 – پاراستنی گیانلەبەران و پاکیی و سەوزیی ژینگە و سرووشت .

**مادەی 66 :** دەکرێ لە داهاتوو پێبەپێی گۆڕان و گەشەکردنی ژیان و دەرکەوتنی کاروباری نوێ و بەپێی پێویست داوای دامەزرانی لێژنەی نوێ بکرێ و لێژنەی بێکار و بەسەرچووش هەڵبوەشێندرێتەوە .

## دەروازی پێنجەم :

### ئابووریی :

**<u>مادەی 67</u> : نەوت و گاز و کانەکان :**

1 – کەس خاوەنی نەوت و گاز و کانەکان نییە و بەڵکە موڵکێکی گشتییە و دەبێ حکومەت وەک نوێنەری گەل لە هەموو رووەکانی دەرهێنان و ئامادە کردن و وەبەرهێنان و بەکارهێنان و فرۆشتنی بۆ سوودی گشتیی سەرپەرشتییان بکا .

2 – دەبێ هەردەم لە خستنەگەڕی ئەو مادانە لە بواری بازرگانیی رەچاوی بنیاتنانی پیشەسازییەکی هەمەلایەنەی نیشتمانیی بکرێ .

3 – حکومەت بەرپرسە لەوەی بەپێی پێویست کارگە و دامودەزگایان بۆ دابینبکا و بەپشتبەستن بە زانست و تەکنەلۆژیای سەردەم و بە رەچاوکردنی ئاستی پێشکەوتنی وولات و گەشەپێدان و بوژانەوەی ژیان لە هەردوو رووی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی ئابوورییەکی بەهێز هونەری بەرهەمهێنان و بەرێوەبردنی بگرێتە ئەستۆ .

4 – پێویستە بە وەگەڕخستنی نەخشە و پلانێکی بەرنامە بۆدارێژراو بڕێکی زۆر لەو مادانە بە خاویی و چاکنەکراویی و بڕێکی زۆریش لە بەرهەمە پاڵاوتەکراو و ئامادەکراوەکان وەک یەدەگێکی ئابووریی بۆ پاشەرۆژ بهێڵدرێنەوە و دابکرێن بۆ ئەوەی بەپێیی پێویست و بە بەردەوامیی سوودیان لێوەربگیردرێ زووبەزوو تەواو نە بن .

5 – نابێ بهێڵدرێ بە هیچ شێوەیەک دەسەڵاتی دەرەکیی چ وەک داگیرکاریی راستەوخۆ چ بە هۆی مۆرکردنی رێکەوتنامەی سیاسیی و ئابووریی چ بە هۆی پێویستیی زانستیی و تەکنیکیی بۆ ئامادەکردنی بەرهەمەکان پاوانی ئەو ژێرخانە ئابوورییە گرنگانە بکا بەڵکە دەبێ بە پێداگرتنێکی توندەوە بۆ هەمیشە بە سەربەخۆیی لەژێر



دەسەڵات و هەڵسوکەوتی ئازاد و خۆماڵییانەی نیشتمان بمێننە وە .

6 – بەشدارییکردن و رێکخراوبوونی بەرێوەبەرایەتیی ئەم بەرهەمە سرووشتییانە لە گروپ و رێکخراوە ئابوورییە ناوچەیی و جیهانییەکان دەبێ پێش هەمو شتێک بە قازانجی بەرەوپێشەوەچوون و زیاتر سوودلێوەرگرتنی ئەم بەرهەمانە و بوژانەوەی باشتری ئابووریی وولات بێ و هاوکات نەبێتە مایەی زیان بۆ بەرژەوەندییەکانی هیچ لایەن و وولاتێکی دوورونزیک و پیسبوون و تێکدانی ژینگە .

**<u>مادەی 68</u> : ئاو و ئاوهەوا و هەتاو :**

1 – کوردستان یەکێکە لە وولاتە زەنگینەکانی سەرچاوەی ئاوی شیرین و بەهێزیی هەتاو و ئاوهەوایەکی پاک و لەبار و پێویستە لە لایەن هاولاتییان و نێوەندەکانی دەسەڵات وەک کۆمەڵە کەناڵێکی گرنگ و پڕسوود بۆ ئابووریی هاوچەرخ مامەڵەیان لەتەک بکرێ .

2 – هەموو ئاوەکان – بەربەست و گۆم و کانیی و رووبار و باراناو و ئاوی ژێرزەوی – موڵکی گشتیین وهیچ کەسێک ناتوانێ تاپۆیان بکا .. هەموو هاوڵاتیانیش بە گوێرە ی یاساکان یەکسانن لەوەی بۆ سوودی تایبەتیی خۆیان و بەرژەوەندیی گشتیی بەکاریانبهێنن .

3 – پێویستە حکومە ت بە شێوەیەکی زانستییانە و مۆدێرن بە دانانی نەخشەوپلانی جۆراوجۆر بڕێکی زۆری ئەو ئاوانە و هەتاو و ئاوهەوا لە پرۆژەی جیاجیای کشتوکاڵ و ئاودێریی و ئاژەڵداریی و وزە و...هتد بەکاریانبهێنێ و وەک یەدەگێکی ژێرخانی ئابووریی گرنگییان پێبدا .

4 – دەبێ حکومەت لە رێگای داب و یاسا و رێسایە نێودەوڵەتییەکان پارێزگاریی لە چەندوچۆنیی ئەو ئاوانە بکا کە بە شێوەی رووبار لە وولاتە دراوسێکان دەرژێنە سەر خاکی نیشتمان .. هەروا رەچاوی پاکوخاوێنیی ئاوهەوا بکا و لە پیسبوون بیپارێزێ .

**<u>مادەی 69 :</u> کشتوکاڵ :**

1- کوردستان بە هۆی بەپیتیی خاکەکەی‌و لە باریی ئاوهەواکەی یەکێکە لە وولاتە کشتوکاڵییە پڕ بەرهەمە نایاب و جۆراوجۆرەکان .. پێویستە دەسەلاتی‌حوکم زۆر بەگرنگییەوە لە هەردوو رووی دانانی یاساو ڕێسای چاککردنی کشتوکاڵیی و وەبەرهێنانی زەوییەکان بەپشتبەستن بە زانست و تەکنەلۆژیای نوێی کشتوکاڵیی بایەخی پێبدا .

2 – دەبێ تەواوی ئەو یاسا و ڕێسا و بڕیارە پەڕپووت و دواکەوتووە کۆنە بەنێو کشتوکاڵییانەی دەسەلاتی عێراقیی هەڵبوەشێندرێنەوە .

3 – جگە لە حکومەت نابێ هیچ کەس و لایەنێک خاوەنی هیچ پارچە زەوییە کی وولات – ئاویی یان دێمیی – بێ، دەبێ حکومەت بەدابڕینی ئەو زەوییانەی بۆ مەبەستی خانووبەرەی دانیشتووان و کارگە و دامودەزگاکان و ئاژەڵداریی و دارستانی گیانلەبەرە کێوییەکان و سەوزایی و دارستانەکان بەکاردێن سەرجەمی زەوییەکانی تر کە بۆ کشتوکاڵ دەمێننەوە سەرپەرشتییان بکا و بەم شێوانەی خوارەوە بەگوێرەی پێویست بۆ کشتوکاڵی هەمەجۆر وەبەریانبهێنێ :

ا- بۆ بنیاتنانی کشتوکاڵێکی مۆدێرن و پڕبەرهەمی نایاب وجۆراوجۆرو لەبەرچاوگرتنی قازانجی جۆتیار و بەرژە وەندیی گشتیی تێکڕای زەوییە دێمیی و ئاوییەکان بە 4 کەرت :- کەرتی دەوڵەت ، کەرتی هەرەوەزیی حکومەت و جۆتیاران ، کەرتی هەرەوەزیی جۆتیاران ، کەرتی تایبەت – ڕێکدەخرێن و وەبەردەهێنرێن .

ب – لە کەرتی دەوڵەت هەموو خەرجیی و کارە کارگێریی و کردەییە جۆتیارییەکان لەسەر حکومەتە و قازانجیش بۆ خەزێنەی وولاتە ، لە کەرتی هەرەوەزیی حکومەت و جۆتیاران بەپێی پشکی خەرجیی و کارەکان قازانج دابەشدەکرێ و هەر جۆتیارێکیش 15% ی قازانجی



کارەکەی وەک باج دەدا ، لە کەرتی هەرەوەزیی جۆتیاران بە پێی پشکی خەرجیی و کارەکانی هەر جۆتیارێک قازانج لە نێوان خۆیان دابەشدەکەن و هەر جۆتیارێکیش 10% ی قازانجی کارەکەی وەک باج دەدا ، لە کەرتی تایبەت جۆتیار خۆی بەرپرسە لە قازانج و خەرجیی‌و کارەکان و 25% ی قازانجی کارەکەشی وەک باج دەدا .

ج – بە گوێرە ی پلەی سەرکەوتوویی هەر کەرتێک لە رووەکانی چاکیی و زۆریی و جۆراوجۆریی بەرهەم و سوود و قازانجی حکومەت و جۆتیاران و بەرژەوەندیی گشتیی ئەو کەرتە زۆرترینی زەوییەکان بۆخۆی کێشدەکا .

د – وەرگرتنی زەوی یان بەشدارییکردن لە هەر کەرتێک بە گوێرەی ژمارەی داواکاریی جۆتیاران دەبێ .. واتا بڕی زەویی هەر کەرتێک بە یەکسانیی لەسەر کۆی جۆتیارە داواکارەکانی دابەشدەکرێ ، بەلام ئەگەر زەویی زیادیکرد ئەوا ئەوکات هەر جۆتیارێک ئازادە لەوەی چەند زەویی داوادەکا .

ه – ماوەی گرێبەستی نێوان حکومەت و جۆتیارانی هەر کەرتێک بۆ یەک یان چەند وەرزیی کۆکردنەوە و فرۆشتنی هەر بەرهەمێک ، بەخاوەنبوونیی کەرستە و ئامێرە جێهێڵدراوەکانی پاش تەواوبوونی کار یان سەرنەکەوتنی کار یان زەرەرمەندبوونی جۆتیار، دووبارەکردنەوەی گرێبەست ، ئەرک و مافەکانی جۆتیاران، کۆمەک و قەرزی حکومەت بۆ جۆتیاران ، و ... هتد بە یاسا ڕێکدەخرێن .

4 – جۆتیاران ئازادن لەوەی لە هەر شوێنێک – شار ، شارۆچکە ، کۆمەڵگە ، گوند ، سەرکارەکانیان – دابنیشن و لە لایەن حکومەتەوە ژیان و پێویستییەکانی کاریان بۆ دابینبکرێ .. هەروا مافی دروستکردنی یەکێتیی و هەر ماف و ئازادییەکیتریان هەیە کە هاولاتییان هەیانە .

## دەروازەی شەشەم :

**دارایی :**

**مادەی 70 :**

1 – جگە لەو کەسانەی کاردەکەن یان خاوەنکارن ئەوانەی بە هۆی لە کاردابڕانیش بیمە وەردەگرن دەبێ بەپێی کارەکەیان باج بدەن .

2 – ئە وانەی باجدان دەیانگرێتەوە بە هیچ جۆروشێوەیەک لە باجی دیارکراو زیاتریان لێوەرناگیردرێ و لەهیچ باجێکیش نابووردرێن .

**مادەی 71 : داهاتەکانی وولات :**

1 – دەستکەوتی باجەکان .

2 – کرێی کارە خزمەتگوزارییە گشتییەکان .

3 – داهاتی کارگە و دەزگا و دامەزراوەکان .

4 – داهاتی گومرگ .

5 – کرێی هەموو جۆرە بەکرێدانێک .

6 – دەستکەوتی هەموو جۆرە فرۆشتنێک .

7 – قەرزە دەرەکیی و نێوخۆییەکان .

8 – بەخشین و کۆمەکەکان .

9 – تێکڕای سامانی هەر کەسێک کە لە پاش مردنی دەمێنێتەوە .

10 – تێکڕای سامانی هەر کارگە و دامودەزگایەکی حکومیی یان سە ربەخۆی بنیاتنراو لەسەر کار و سامانی گشتیی کە لە پاش تە واوبوونی کارەکەی یان تێکچوون و وەستانی دەمێنێتەوە .

**مادەی 72 :** دەبێ هەر داهاتێک یەکسەر و بەبێ هیچ دەستکارییەک بخرێتە سەر خەزێنەی وولات .. بە مەرجێک هیچ داهاتێک لە 3 مانگ زیاتر لە هیچ شوێنێک نەمێنێتەوە و 3 مانگیش پێش کۆتایی ساڵ کۆی داهاتەکان بگەنە خەزێنە و لەگەڵ کۆی خەرجییەکان و بودجەی پێشوو بەراوردبکرێن و لە رۆژنامە بەربڵاوەکانی وولات بڵاوبکرێنەوە.



## دەروازەی هەفتەم :

**پابەندییەکانی دەسەڵاتەکانی وولات :**

**مادەی 73 : دەبێ تێکڕای کارمەندانی نێو هەموو دەسەڵاتەکانی** وولات دەستوور و یاسا و رێساکان لە سەرووی خۆیانەوە ببینن و پێش هەر کەسێک زۆر بە توندیی پابەندبن پێانەوە و دەقاودەق نێوەرۆکەکانیان بە خاڵ و کۆماکانیانەوە جێبەجێبکە ن .

**مادەی 74 :** دەسەڵاتی حوکم واتای ئەوە ناگەیەنێ دەسەڵاتداران پاش ئەوەی هەڵدەبژێردرێن ئیدی بەئارەزووی تاکپەرستانەیان و بەگوێرەی ویست و بەرژەوەندییە خۆپەرستییەکانیخۆیان بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ناوبانگ و بڕی سامانەکانیان نەخشەوپلانی بەرێوەبردنی ژیان و دەسەڵات دابڕێژن و کەسیش نەتوانێ پێیان بڵێ (لە ل) !.. بەڵکە دەبێ دەسەڵاتداران بۆ هەر دەستبەکاربوونێک بە بەردەوامی بیروڕای تێکڕای ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییانەی گەلیان لەبەردەستبێ کە ژیان و ژیاری کۆمەڵ لەسەرشانی ئەوان دروستدەبێ نەک هوڕێنە و پرتەپرتی مشەخۆر و بیرۆکراسەکان کە هەردەم وەک ڤایرۆسێکی مەرگبەخش دەکەونە گیانی خەڵک .

**مادەی 75 :** دەبێ بەرپرسەکان دەرفەتی پەیوەندییەکانیان بەجەماوەر هەر لە پەیوەندیی رووبەڕوویان لەگەڵ هەر تاکێک تا دەگاتە راپرسییەکان تەواو روون و کراوەبێ و بە گوێرەی پێویست تادێ فراوان و فراوانتریان بکەنەوە .. بە جۆرێک ئەگەر هەر گرفت و کێشەیەک بەزوویی چارەسەری پێویستی نەکرا و مقۆمقۆی تێکەوت ئەوا 10% ی جەماوەری دەنگدەر – هی شوێنێکی دیارکراو یان گشت وولات – مافی ئە وەیان هەیە راپرسییەک بۆ شوێنە دیارکراوەکە یان بۆ گشتییەکە لەسەر گرفت و کێشەکە ئەنجامبدەن .

**<u>مادەی 76 :</u>** نەخشەکێشان و داڕشتنی بەرنامە و پلانی بەڕێوەبردنی وولات بۆ هەموو بوارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان وەک – پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەریی نیشتمان ، بنیاتنانی کۆمەڵێکی ئازاد و یەکسان و سکۆلاریست و مۆدێرنیست ، پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک ، پاراستنی ژیان و ئاسوودەیی، دیپلۆماسیی و پەیوەندیەکانی دەرەوە ، بودجە و دراو و قەرز و بانک و بازرگانیی و دارایی و نەخشەوپلانە ئابوورییە کانی‌تر ،ئاسایشی نێوخۆو ئاشتیی و پاراستنی سنوور ، نیشتەجێکردن و مافی پەنابەریی ، وەبەرهێنانی سامانە سرووشتیی و ناسروشتییەکان و نەخشەوپلانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان ئامار و سەرژمێریی گشتیی،و...هتد– (ئە رک) ی سەرشانی بەرپرسانی نێو دەسەڵاتەکانە نەک ( دەسەڵات ) ی رەها و تاکڕەویی بەرپرسان..واتا ئەوکاتەی‌بەرپرسان وەک دەسەڵاتی‌گەل هەڵدەبژێردرێن دەبێ‌بەدڵسۆزیی و بەپێی ویست و خواستەکانی جەماوەر نەخشەوپلانی گشتیی ئەرکەکانیان بکێشن و جێبە جێکردنی ئەرکەکانیشیان بە هاوکاریی و هەرەوەزیی و یارمەتیی جەماوەر جێبە جێبکە ن نە ک بە بڕیار و رێنماییەکانیان دەسەڵات بکەنە فرمانی شاهانە .

**<u>مادەی 77 :</u>** نابێ هیچ کارمەندێکی دەسەڵات – لە فەرمانبەری مامناوەندییەوە بەرە و سەروو – هیچ تێکەولێکە و پەیوەندییەکی کاری مادیی‌و مەعنەویی تایبەت‌و دەرەوەی کاری خۆی لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت هەبێ و دەرفەتی کارەکەی بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی و دەوروبەری خۆی بەکاربهێنێ .. هەروا زۆر بەتوندیی چاودێریی جووڵەکانی بکرێ لەوەی کە نەکا ژێرەوژێر بە بەکارهێنانی ناوی خە ڵکیتر ئەم کار و کردەوە بیرۆکراسییانە ئەنجامبدا.. سزای توندی یاساییش بۆ ئەو جۆرە کارمەندانە هەیە .



**<u>مادەی 78 :</u>** پابەندبوون بەم خاڵانەی خوارەوە ئەرکێکە و دەبێ دەسەڵاتداران زۆر بە تووندیی و راشکاویی جێبەجێیان بکەن :

ا– کاتێک دەستوور کارا دەبێ کە سەرەتا لەلایەن لیژنەیەکی لێهاتوو و هەڵبژێردراوی گەل دارێژدرابێ ئەنجا بخرێتە بەردەمی جەماوەر بۆ ئەوەی پاش بەشداریکردنێکی کردەیی و راستەوخۆیان لە چاکترکردن و دەوڵەمەندترکردنی بە داڕشتنێکی نوێ راپرسییەکی گشتیی‌لەسەربکرێ و 75% ی دەنگدەران پەسندیبکەن .

ب – هەرکەس یان کۆمەڵە کەسێکی نێو دەسەڵات یان دەرەوەی دەسەڵات مافی ئەوەیان هەیە پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور بکەن بە مەرجێک نابێ هیچ هەموارکردنێک ببێتە هۆی پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان و دابەزاندنی پلە و ئاستی جێگرتووی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵ و لەدەستدانی سەروەریی و سەربەخۆیی نیشتمان .

ج – هەر هەموارکردنێک دەبێ پەرلەمان بە رێژە ی 3/ ی کۆی ئەندامەکانی بڕیاری لەسەربدا ئەنجا رەزامەندیی ئەنجوومەنی میللیی و دادگای باڵا– دەستووریی – ی لەسەر وەربگیردرێ .

**<u>مادەی 79 :</u>** هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ رێژەی پێویست بۆ بڕیاردان لەسەر راپرسیی گشتیی یان هی شوێنێکی دیارکرا و کە بۆ هەردوو بار 10% ی دەنگدەرانە زیاد بکا .. دەبێ هەمووان پابەندبن پێیەوە.

**<u>مادەی 80 :</u>** ناوەندەکانی دەسەڵاتەکان بە تایبەتییش دەسەڵاتی میدیا بەرپرسن لەوەی یاسا و رێسا و دەستوور و پڕۆژەکانیان و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و راپرسییەکان لە چەند رۆژنامەیەکی گەورە و بەرفراوان – نەک لە رۆژنامەیەکی فەرمیی تایبەتمەند کە خەڵکێکی کەم ئارەزووی خوێندنەوەی هەیە – بڵاوبکرێنەوە .

## بەشی دووەم

# چەند تێبینییەکی رەخنەگرانە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان

لێرەدا دەمەوێ بەم چەند خاڵەی خوارەوە سەرنجی خوێنەران بە گشتیی و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە تایبەتیی بۆ ئەم تێبینییانە رابکێشم کە لە راستییدا زۆر پڕبایەخن و فەرامۆشکردنیان کۆمەڵێ لەمپەر لەبەردەم کاری پێشنیار و نووسین و تاوتوێکردنی دەستوورێکی سەرکەوتوو قوتدەکەنەوە بە تایبەتیش دەستوورێک بۆ یەکەمینجارە گەلانی ستەمدیدە و بێبەشی(کوردستانی باشوور) دەرفەتی نووسین و چەسپاندنییان بۆ رەخساوە – ئەگەر ئەمجارە لە جیاتی دوژمنی گۆڕبەگۆڕ دەسەڵاتدارانی خۆماڵیی نەبنە رێگر ! – . پێویستە ئەوەشبڵێم کە بە پێویستم نەزانی ئەو را و تێبینییانەم بڵاوبکەمەوە کە نووسەرانی تر هەمان را و تێبینییان هەبووە و لە هەندێ رووپەڕ بڵاویانکردۆتەوە .

- ئەم پرۆژەیە یەکەمجار بە زمانی عارەبی نووسراوە ئەنجا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی ، ئەمە ناڕەوایی و هەڵەیەکی گەورەیە ؛ تۆ بۆت ئاسایی بێ بێی پرۆژەی دەستوورێک بۆ خەڵکێک بنووسی کەچی زمانی زۆربەی ئەو خەڵکە نەزانی ..! ئەی دەبێ چۆن لە ئێش و ئازار و دەروون و هەست ونەست و پێویستییەکانیان گەیشتبی و بە جۆرێکی زانستیی و داهێنەرانە لە نێو دووتوێی دەقەکە ووردیانبکەیەوە !؟ توانای پێویستی نووسینی کارێکی وا ئەوە نییە کە تۆ ( تەنیا لەسەر کاغەز بڕوانامەیەکی مردووت هەبێ و هەندێک یاسای رەقوتەق و چەواشەکاری ئەکادیمیی بزانی و سیستەمی



سیاسییش چۆنی بووێ وای بۆ بڕازێنیتەوە ) ، دیارە هەرگیز باوەڕ ناکرێ کەسانێک هەبن لە بارودۆخی کوردستانی باشوور ژیابن و لە هەمان کاتیشدا خۆیان بە رۆشنبیر و سیاسەتمەدار و یاساناس و ...هتد بزانن کەچی نەتوانن بە زمانی خۆیان بنووسن ! بێگومان دەبێ ئەو کەسانە زمانە عارەبییەکەش بە تەواویی نەزانن .

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە و دەبێ گەلانی کوردستان گەیشتبنە ئەو توانا و رادەیە کە کەسێکی خۆبەرۆناکبیرزان بیەوێ کارێکی وەک نووسینی دەستوور ئەنجامبدا و ئەگەر نەتوانێ بە زمانێکی پاراوی زۆربەی خەڵک بنووسێ ئەوا نەوێرێ دەست بۆ پێنووس بباو شەرم لە خۆی و لە میللەتەکەی خۆی بکاتەوە .

بۆ وەرگێڕدراوە کوردیەکەش ؛ مافی خەڵکی کوردستانە بە هیچ شێوەیەک بەو نووسین و وەرگێڕانە رازیی نەبن و داوابکە ن کۆمەڵێک نووسەر و رۆناکبیری لێوەشاوە و زمانزان بەو کارە هەڵبسن و بە هەموو ئەو زمانە جیاوازانەی کە لەنێو ووڵات هەن بە هەموو رێنووسە جیاوزەکانیانەوە بە زمانێکی سادە و رەوانی ئەوتۆ بینووسن کە هەموو خەڵک تێیبگا ، چونکە ئەو وەرگێڕدراوە بەنێو کوردییە فرێ بەسەر کوردییەوە نییە و بۆ وەرگێڕانیشی بۆ زمانەکانی تر ئەوا هەر بە یەکجاریی ریسوا دەبێ .. ئاخر لە نووسەران و رۆژنامەنووسان و خوێنەرە چاکەکان – کە ئەمانە لەبەر گرنگییدانی زۆریان بە خوێندنەوە لە هەموو نووسینێکی وا بێ سەروبەریش هەر تێدەگە ن – تێپەڕێ کە س تێیناگا .. ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە بابەتەکە دەستووریی و یاساییە و گرانە بۆ خوێندنەوە بەڵکە نووسینەکە نووسینی کەسانێکی سەردەم و سیستەمێکی کۆن و بەسەرچووە و ناتوانن بە زمانێکی نوێگەر

بنووسن و هەر خۆشیان بە ئەنقەست بە تەمومژ و گرێوگۆڵ دەنووسن چونکە نایانەوێ خەڵک بە گشتیی لە زمانی ئەو نووسینە یاساییانە تێبگەن و ( نهێنیی پیشە) کەیان ئاشکرا بێ و بازاڕەکەیان لاواز بێ .. جا وەرە و ئەم نووسینی دەستوورەش بە زمانێکی هەتا بڵێی خراپ وەربگێڕدێتە سەر یەک ڕێنووس و یەک لقی یە کێک لە چوار زاراوە سە رە کییە کە ی کوردی و بە چاپێکی پڕ لە هەڵە و کەموکوڕییش چاپبکرێ، بەڕاستیی سەیرە نووسینی پرۆژەی دەستوورێک وا سەری لێبشێوێندرێ و وای لێبقەومێندرێ هەروەک ئەوەی کە لێیقەومێندراوە .. ئاخر چۆن دەکرێ دەستوورێک هەر کتومت بە شێوازی نووسینی ( تەمبوور قوڕەکان ) یان ( کەزەمزێ ) بنووسرێ !

● پرۆژەی هەرشتێک واتایەکی جیاواز و دیاریکراو بە دەستەواژەی پرۆژەکە دەبەخشێ ، کە دەڵێین دەقی پرۆژەی نووسینێک .. لێرەدا واتای پرۆژەکە وا دەگەیەنێ کە ئەم دەقی نووسینە ئامادەکراوە یان نووسراوە بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوە و گفتوگۆی لەسەر بکرێ و بە گوێرەی ئەو رەخنە و هەڵسەنگاندن و تێبینیی و پێشنیارانەی کە دەتوانن خزمەتی پتەوترکردن و بە هێزترکردنی پرۆژەکە بکەن .. گۆڕانکاریی لەسەربکرێ و بە داڕژتنێکی نوێ دابڕێژدرێتەوە . بەڵام ئەم پرۆژە دەستوورەی کە لە 2006/8/22 دەرچووە لە ژێرەوە ( لە لایەن دەسەڵاتەوە ) بڕیاری لەسەردراوە کە هەر ئەمە دەنگی ( بەڵێ و نەخێر ) ی جەماوەری لەسەر وەربگیردرێ و لە سەرەتاش هەر بەو شێوەیە خستیانەڕوو و باسی ئەوەشیانکرد کە با پێش راپرسییش جەماوەر تێبینی و پێشنیاری خۆیان بنێرن بۆ لێژنەکە.. بۆ ئەوەی بتوانن بەو شێوە راگەیاندنە پلاستیکییە و بە خشکەیی



بیگەیننە کاتی دەنگدان و ئەگەر هەندێ خەڵکیش را و رەخنە و تێبینیی خۆیان نارد ئەوا هەندێ گۆڕانکاریی لە شێوەی داڕژتنەکەی بکەن نەک لە گەوهەر و نێوەرۆکەکەی یان مادەی لێ لابدرێ و مادەی تری بخرێتە سەر .. ئەوان بۆ ئەوەیان نەخستەڕوو کە جەماوەر بە پێی بارودۆخی پێشکەوتووی جیهان و رەوشی ئێستا و ئایندەی چاوەڕوانکراوی ژیانی کوردستان گۆڕانکاریی لەسەر بکەن .. بەڵام کە بینیان خەڵک هۆشیارترە لەوان و نە گرنگیی پێدەدەن و نە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێدەکەن چونکە بە دەستوورێکی سادە و لاواز و دروستکراوی دادەنێن بۆ پاراستنی دەسەڵات نەک دەستوورێک بۆ بەڕێوەبردن و سیستەم و شێوە ی ژیانی خەڵکی کوردستان.. هەروا بەو شێوازە بەشدارییکردنەی جەماوەر و بەو پروپاگەندە کەم و نارۆشنەی میدیای دەسەڵات رازیی نیین ، بۆیە بۆیان ناچێتە سەر و ئێستا بایانداوەتەوە و باس لە کاتی دەنگدان ناکەن و هەندێ کات دەیانە وێ مەسەلەکە بشێوێنن بە بیانووی ئەوەی کە هێشتا مادەی (140) ی دەستووری عێراقیی جێبەجێنەکراوە و باشترە پاش ئەو کات راپرسییەکە ئەنجامبدرێ – شایانی باسە ئەو کاتەی کە ئەم پرۆژەیە راگەیەندرا ئەو کاتیش ئەو کێشەیەی مادەی ناوبراو هەر بە هەمان شێوە لە ئارادا بوو و بگرە ئێستا پرۆسێسی جێبەجێکردنی لەبارتریشە – هەرچەندە ئێستا لە ژێر پاڵەپەستۆی بەشێک لە رۆناکبیران و سیاسەتمەدارانی نێوخۆ و دەرەوە بە گەرمیی باس لە بەشدارییپێکردنی جە ماوەر دەکە ن بۆ داڕژتنەوەی پرۆژەکە بەڵام بە شێوەیەکی زۆر رووکە شیی و سەرپێیە و هەرگیز باوەڕ ناکرێ بهێڵن خەڵکێکی لێوەشاوە و بە توانای ئەوتۆ بەشداریی تێدابکەن کە بە هۆی پێشنیار و گۆڕانکارییەکانیان لە

دارِژتنێکی نوێدا دەستوورێکی به پێز بەرهەمبهێنن و ریسەکەی دەسەڵات بکەنەوە به خوری .

● پەرلەمانی راستەقینە و هەڵبژێردراو کە ئەندامەکانی راستەوخۆ لە لایەن گەلەوە – بەبێ نانبراوکردن و هەر جۆرە ناچارییکردنێک بۆ دەنگدان – هەڵدەبژێردرێن مافی خۆیەتی لیژنەیەک رابسپێرێ بۆ نووسینی پرۆژە ی دەستوور بەڵام مەرج نییە ئەندامانی لیژنەکە هەر هەموویان ئەندام پەرلەمان بن یان زۆربەیان ئەندام پەرلەمان بن و ئەوانیتریش حیزبیی بن یان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە کەسانی حیزبیی پتر سەر بە حیزبەکان بن ، وەک بینیمان لە هەردوو لیژنەکە وا بوو .. هەروە ک خۆیان گوتەنی رەچاوی نوێنەرایەتیی سیاسیی ئەو پارتانەشیان کردووە لە پێکهاتەی لیژنەکەدا کە لە پەرلەماندا نوێنەریان هەیە ، کەسیش گومان لەوە ناکا کە ئەو چەند ئەندامەی ئەندامی پەرلەمان نەبوون لە حیزبییەکان پتر حیزبیی نەبن . ئەی کوانێ بەشداریکردنی گەل لە نووسینی پرۆژەی دەستوور ، کێ هەیە نەزانێ کە خەڵکێکی یەکجار زۆر بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمان نەکرد و لە لای هەموو کەسێکیش ئاشکرایە کە شێوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان – لیستی حیزبەکان – بە بڕیارێکی سیاسیی لە لایەن دەسەڵاتەوە بەبێ ئەوەی ( پرسە خەسووانە ) یەکیش بە کەس بکرێ بەسەر گەل داسەپێنرا ، لیستی حیزبەکان واتە کاندیدکردنی لیستی حیزب بۆ هەڵبژاردن بە تایبەتییش لەم بارودۆخانەی کوردستان واتە کاندیدکردنی لیستی حیزبە گەورەکان و لیستی ئەو حیزب و لایەنانەی بۆ حیزبە گە ورەکان مەترسییدار نیین یان لە چوارچێوەی ئەو بازنەدا دەخولێنەوە کە ئەوان بۆیان کێشاون .. ئەگەرنا ئەوا



لە رووی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و هەموو رووێکەوە دەرفەتی گەشەکردن و پەیداکردنی جەماوەریان لێدەگیرێ و هێرشیان دەکرێتە سەر ئەگەر هەر کۆلیشنەدەن ئەوا بە زەبری نانبراوکردن و گرتن و کوشتن سەرکوتیان دەکەن هەروەک خەڵک بە چاوی خۆیان بینیان کە چۆن بە چەک هێرشیان کردە سەر خەڵکی حیزبەکان و بەرهەڵستکارانی تریش – بزووتنەوە ، شیوعی ، پەکەکە، پارتیکار ، حیزبی کۆمۆنیست ، یەکگرتوو ... هتد – .. ئەمە کای کۆن نییە بە بای دەکەین بەڵکە ئەمە کای کۆن و نوێیە و هیواداریـن چیدی کای نوێتر نەبینین و حیزبە گەورەکانی کوردیش قیچە ک بە حیزبە کانی ئەو وولاتانە بچن کە قیچۆکەک باوەڕیان بە ئازادیی سیاسیی و دیموکراسیی هەیە ، ئەنجا پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەو شێوەیەی سەرەوە و کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی تری لەم شێوانە کە لێرە دەرفەتی باسکردنیان نییە هەر حیزبە و بەپێی دەنگە بە دەستهاتووەکانی ( یان بەپێی ڕێککەوتنی برابەشیی بۆ ئەوەی حیزبە دژ بە دیموکراسییە زلەکان هەر بە زلیی بمێننەوە ) کۆمەڵێک کەس کە پێشتر لەسەر بنچینەی ئەوەی چەند خزمەتی حیزبەکەی دەکە ن دیارکراون دەخاتە نێو پەرلەمان نەک لەسەر بنچینەی ئەوەی کە چەند لەبار و شیاون یان چەند دەتوانن ژیان لە هەموو بوارەکان بەرەو پێشەوە ببەن و خۆشگوزەرانیی و ئاسوودەیی بۆ گەل دابیندەکەن .. تەنانەت بۆ جێبەجێکردنی نەخشەوپلانەکانی خۆی و هێنانەدی مەرامە تەسکبینییە حیزبیی و سیاسییە جۆراوجۆرەکانی زۆر کەسی نەخوێندەوار و کەمئاست و چەکداریش دەخاتە نێو پەرلەمان کە بە هیچ جۆر و بابەتێک بە کەڵکی ئەوە نایێن و مافی ئەوەیان نییە ببنە ئەندام پەرلەمان..

کەسانێکی ئەتۆ کە لە قوتووی هیچ عەتارێک نەدۆزرێنەوە !

**بۆیە ئەمە مافی پەرلەمان نییە بۆ هەندێ مەسەلەی ئاوا چارەنووسساز و گرنگی وەک هەڵبژاردنی لێژنەیەک بۆ نووسینی پرۆژەی دەستوور زۆربەی زۆری کەسەکان ئەندامەکانی خۆی بن .. هەروەک لە لێژنەکەی ساڵی** 2005 لە 19 کەس 15 کەسیان ئەندام پەرلەمان بوون و چوارەکەی تریش هەر فەرمانبەری گەورەی حکومەت و دەسەڵات بوون ، ئاخر دەستوور بەو پێیەی کە باوکی تێکڕای یاساکان و میکانیزمی شێوە و شێواز و ناوەرۆکی بەرێوەبردنی سیستەمی دەسەڵاتەکان و تێکڕای ژیانی کۆمەڵ و تەنانەت هەندێک لایەنی سروشتیشە .. چۆن دەکرێ تەنیا دەسەڵات دایبڕێژێ و دەسەڵاتیش وەک ئەو دەسەڵاتەی لە سەرەوە پێناسەیەکی کەممان کرد کە زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکانی جگە لەوەی دەرویش و جەنگاوەری حیزبیی ئەو حیزبییە تەسکبینییەی لای خۆمانن و زۆربەشیان بەرپرسییەکەیان وەک کارێکی چوار ساڵە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان وەرگرتووە .. بۆیە زۆر ئاساییە و دەکرێ ئەو گوڕ و دڵسۆزییەیان نەبێ خۆ بە شتێکی وا سەخت و چارەنووسساز ماندووبکەن با بەرپرسێکی گەورەی سیاسیی بن و بڕوانامەیەکیشیان هەبێ یان حیزبەکان بە هەر جۆر و شێوەیەک هەیە کردبیاننە کەسانێکی دیار لەنێو کۆمەڵدا ، ئەوان تەنیا دەتوانن کارە سیاسییەکانی خۆیان ئەنجامبدەن و لە ماوەی ئەو چوار ساڵەشدا جگە لە پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان – ناو و بژێویی – کۆششدەکەن چۆن ملکەچی حیزبەکانی خۆیان بن بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوو دیسان بە ئەندام پەرلەمان دابندرێنەوە یان بەرپرسییەکی تریان پێبدرێ .. دیارە



مەبەستمان ئەوە نییە کە ئەندام پەرلەمانەکان هیچیان لەبار نییە و هیچ دڵسۆزییەکیان بۆ گەل و نەتەوەکانی خۆیان نییە بەڵکە هەر یەکە و بە لای خۆیەوە بە شێواز و بە ڕێژەیەک بە پێی جۆری ئایدیۆلۆژیا و بنەما چینایەتییەکەی و ڕەوتە هزریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکەی بە شێوەیەک لە شێوەکان و بە جۆرێک لە جۆرەکان جووڵە و تێکۆشانێکی تایبە ت بە خۆی هەبووە و هەیە .. بەڵام مەرج نییە توانای نووسینی دەستووریان هەبێ هەر لەبەرئەوەی چونکە ئەندام پەرلەمانن .

هەر لەم پێودانگەوە پێمانوایە بە هەموو بار و پێوەرەکان ڕاستتر و چاکتر بوو کە پەرلەمان هەر لە سەرەتاوە بە بڕیارێک هەڵبژاردنێکی جەماوەریی گشتیی و ڕاستەوخۆی ئازاد و نهێنیی بە کۆمەڵێک مەرجی لەم بابەتانەی خوارەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەو لێژنەیە ( لێژنەی نووسینی پرۆژەی دەستووری کوردستانی باشوور) ڕاگەیاندبا :

1– هەموو کەسێکی تەمەن سەروو 18 ساڵ و دانیشتووی کوردستانی باشوور و هاوڵاتییانی پەڕاگەندەبووی ووڵاتان مافی خۆپاڵاوتنیان هەیە .

2 – دەبێ پاڵێوراو بەر لە هەر شتێک نووسەر بێ ئەنجا یەکێک لەم ئاستە ڕۆشنبیرییانەی هەبێ : ( فەیلەسوف، بیرمەند ، ڕۆناکبیر، سیاسیی ، ئابووریناس ، مافپەروەر ، پارێزەر، لێکۆڵەر، ڕەخنە گر، مێژوونووس ، ڕۆژنامەنووس ، ئەدیب ، هونەرمەند ، تەکنیکار ، زانستکار، پیشەوەر ، دەروونناس ، پزیشک ، کۆمەڵناس ، مامۆستا، دیپلۆماس ، ئەستێرەناس ، کەشناس ، ژینگەپارێز ) .

3 – دەبێ پاڵێوراو بە هیچ شێوەیەک هیچ جۆرە هەڵسوکەوتێکی

نامرۆیی و توندوتیژیی و کوشتن و تاوانێکی ئەنجامنەدابێ هەروا دژی ماف و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ و مرۆڤ بە گشتیی و ژنان و منداڵان بە تایبەتیی نەوەستابێتەوە .

4 – مەرجە پاڵێوراو سەر بە چینە زۆر زەنگینەکانی وەک ملیاردێر یان ملیۆنێر نەبێ .. ئەگەر زەنگینیش بێ ئەوا زەنگینییەکەی لەسەر بنچینەی فرتوفێڵ و رووتاندنەوەی خەڵک و رێگریی و قاچاغچییێتییو کارە نارەوایەکانی تری سامانبەیەکەوەنان نەبووبێ بە تایبەتییش لە رێگای گەندەڵیی سیستە می دەسەڵات و دزینی سامانی خەڵک زەنگین نەبووبێ .

5 – فۆڕمی خۆپاڵاوتن لە هەموو رۆژنامەو ماڵپەڕێکی کوردستانیی بە هەموو زمانەکانی نێوخۆ و لە هەموو شوێن و دامودەزگایەک بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبکرێتەوە .

6 – بۆ هەر ملیۆنێک کەس 10 کەس دەربچێ .. واتە ئەگەر کۆی دانیشتوان 5 ملیۆن کەس بێ ئەوا دەنگدەر ناتوانێ لە 1 تا 50 کەس زیاتر هەڵبژێرێ .

7– دەبێ پەرلەمان دەستەیەک لە یاساناسان و مافپەروەران ئامادەبکا بۆ یارمەتییدانی لێژنەکە .

8 – دەستەیەکی 10 کەسیی شارەزای دەستپاک و بێلایەن چاودێری جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە دەبێ و سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکەش دەکا ، ئەو دەستەیەشپەرلەمان لەمامۆستایانی ئامادەییەکان هەڵیاندەبژێرێ؛ ئەو مامۆستایە زیرەک و دڵسۆزانەی کە بە هۆی بەرهەمە پەروەردەییەکانیان جێگای رێز و خۆشەویستیی خەڵکن .

9 – بۆ دانانی سەرۆکی لێژنەکە دەبێ لەنێو هەڵبژێردراوەکاندا رەچاوی زۆرترین ژمارەی ئاستە رۆشنبیرییەکان و زۆریی ژمارەی



دەنگە بەدەستهاتووەکان لە هەر کەسێکدا بکرێ .

10– ژمارە ی ئە ندامانی لێژنە کە نیوە ی ژن بێ و نیوە ی پیاو .

11 – ئەندامانی لێژنەکە دەبێ بۆ ماوەی ساڵێک واز لە کارەکانی خۆیان بهێنن و حکومەت بژێوییەکی ئاسایی ژیانیان و پێویستییەکانی کارکردنیان لە لێژنەکە بۆ دابینبکا و هەفتانە 35 کاتژمێر کاربکەن .

12 – لێژنەکە پاش 6 مانگ پرۆژەیەکی دەستووریی ئامادە دەکا بە هەموو یاسا و رێسایە پێویستییەکانی هەر مادەیەک – ئەو یاساو رێسایانەی دەکرێ لە چوارچێوەی دەستوور بگونجێندرێن و بە لایەنی کەم بۆ ژیانی ئێستا و 12 ساڵی داهاتوو دەشێن .

13 – کۆپی ئەم پرۆژەیە بگاتە دەستی هەر هاوڵاتییەکی نێوخۆ و دەرەوە بۆ ئەوەی پرۆژە یان را و تێبینیی و پێشنیارو رەخنەی خۆیان بنێرن بۆ لێژنەکە هەروا لە کۆڕ و کۆبوونەوە میدیاییەکان راستەوخۆ لەگەڵ لێژنەکە گفتوگۆ و دانوساندن بکەن .

14 – لێژنەکە زۆر بە گرنگییەوە لە را و پێشنیارەکانی جەماوەر بکۆڵنەوە و سوودیان لێوەرگرن .. تا 6 مانگ کاری لەسەر بکەن و بتوانن بە بەراوردکردن و تێکهەڵکێشکردن لە نێوان پرۆژەکە و ئەو شتانەی لە جەماوەرەوە بەدەستیان دەگات دەستوورێکی پوخت بە هەموو یاسا و رێسایەکانیەوە هەڵبهێنجن و بیخەنە بەردەست جەماوەر بۆ راپرسیی .

15 – ئەگەر پرۆژەکە لە راپرسییەکەدا 75% ی کۆی دەنگەکانی جەماوەری بە دەستهێنا ئەوا دەبێتە ( دەقی دەستووری کورستانی باشوور ) واتا نابێ کۆی دەنگی ( نەخێر و بێدەنگ ) ەکان لە 25% ی دەنگەکانی جەماوەر تێپەڕێ ، بەڵام ئەگەر دەنگی ( بە ڵێ )یەکان ئەو رێژەیەی نەهێنا ئەوا دەبێ پەرلەمان دووبارە یان چەندبارە

ئەم شێواز و جۆری لیژنە هەڵبژاردن و راپرسییە بۆ دەستوور ئەنجامبداتەوە تا ئەم رێژەیەی ( بەڵێ ) یەکان دەردەچێ .

16 – پاش سەرکەوتنی دەستوورەکە .. لیژنەکە لیژنەیەکی 10 کەسیی– 5 ژن و 5 پیاو – لە ئەندامە بە توانا و چالاکەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی لە ماوەی 10 ساڵ هیچ روونکردنەوە و چاککردنێکی کەموکوڕییەکانی مادەکان و لابردن و دانانی یاسا و رێسای نوێ بەبێ رەزامەندیی 10/ 8 ی ئەندامەکانی ئەو لیژنە نوێیە بڕیاری لەسەر نەدرێ کە پەرلەمان دەیەوێ ئەنجامیبدا .. ئەگەر هەر یەکێک لە دەسەڵاتەکانیش گرفتیان نایەوە ئەوا لیژنەکە پەنا بباتەوەبەر دەنگی جەماوەر بە راپرسیی .

17 – پێش تەواوکردنی 10 ساڵەکە ئەم لیژنە نوێیە بتوانێ دەقێکی یاسایی تۆکمەی ئەوتۆ بە مادەیەک دابڕێژێ و لە دەستوور جێگیری بکا بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بە گوێرەی ئەم مادەیە هیچ کابینەیەکی نوێی پەرلەمان نەتوانێ بە هیچ شێوەیەک هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە مادەکان و یاسایە بنچینەییەکانیاندا بکا یان مادە و یاسا لاببات و مادە و یاسای نوێ دابنێ ئەگەر ئەو گۆڕانکاریی و دانان و لابردنانە لە خزمەتی زیاتری وەدەستهێنانی
ئازادیی و یەکسانییەکی زیاتر و باشتر و ژیانێکی باشتر و ئاسوودەتر نەبێ بۆ سەرجەمی کۆمەڵ .. ئەگەر ئەو گۆڕانکاریی و دانان و لادانە نوێیانەش سادەترین خۆپیشاندانی جەماوەریی لێبکەوێتەوە ئەوا دیسان پەنا ببردرێتەوەبەر دەنگی جەماوەر بە راپرسیی .

- ئەم دەقەی ئێستا پڕۆژە نییە بەڵکە دەستوورێکە و لە لایەن دەسەڵات نووسراوە و بڕیاری لەسەر دراوە و تەواو بووە ، هەرچەندە بۆ پڕوپاگەندەی میدیایی دەڵێن بۆ بەشدارییکردنی



جەماوەر خراوەتەڕوو بەڵام لە راستییدا ئەم دەرفەتە ئیدی تێپەڕێندراوە و تەنیا بۆ راپرسیی خراوەتەڕوو و بێگومانیش تەنیا ئەوکاتە راپرسییەکە ئەنجامدەدەن کە تەواو دڵنیا بن جەماوەر بە بەڵێ دەنگیان بۆ دەدا.. ئەمە پیشەی خۆیانە کە بۆ هەر هەڵبژاردنێک پێشوەخت جەماوەر وا لێبکەن بە ناچاریی – بەزۆر یان بە خۆشیی – دە نگیان بۆ بدەن ، هەرچەندە لەوانەیە پێش راپرسییەکە – ئەگەر ئەنجامبدرێ – هەندێک دەسکاریی کەمی دەستوورەکە بکەن بۆ چاوبەستانی خەڵک و رازاندنەوەی میدیایی بەڵام دەسکارییکردنێکی رووکەش دەبێ و بە هیچ جۆر و شێوەیەک کار لەو گەوهەر و ناوەرۆکەی ناکا کە ئەوان دەیانەوێ بەزۆر بەسەر گەلیدا بسەپێنن .

ئەم پڕۆسێسی نووسینی دەستوورە کە تا 2006/8/22 ی خایاندووە بە دەستی ئەنقەست لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە بەو شێوەیە بەڕێوەچووە بۆئەوەی بتوانن دەستوورێکی ئەوتۆیان هەبێ بە هیچ شێوەیەک ناکۆک نەبێ لەگەڵ :

+ ئەو یاسا و رێسایانەی کە دەیانەوێ بە ئارەزووی خۆیان دایبنێن !
+ ئەو تێڕوانینە نەتەوەیی و نیشتمانییە خواروخێچەی کە هەیانە !
+ ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە خێڵەکیی و دواکەوتووەی سەپاندوویانە !
+ ئەو ئازادیی و یەکسانییە عەنتیکەیەی لە کوردستان دەگوزەرێ !
+ ئەو پیاوسالاریی و چەوسانەوە نموونەییەی لە کوردستان هەیە !
+ ئەو هەڵوێستە خۆپارێزەی بەرامبەر دین و نەریتی کۆن هەیانە !
+ ئەو رەوشتە حیزبییە پاونخوازە سەربازییە تەسکبینەی هەیانە !
+ ئەو گەندەڵی ئیداریی و ( گاز و ئاو و کارەبا ) جوانەی کە هەمانە !
+ ئەو مافە زۆروزەبەندەی منداڵ و تاک و کۆمەڵ و مرۆڤ هەیانە !

+ ئەو ئازادیی بۆچوون و میدیا سیاسییەی کە لە جیهاندا وێنەی نییە !
+ ئەو جۆرە بوژانەوە ئابوورییە و بنیاتنانەی کۆمەڵگای مەدەنیی !
+ ئەو هەڵوێستانەی بەرامبەر عێراق و سیاسەتی دەرەکی هەیانە !

+ چەندین ( ئەو ) ی تری عەنتیکە کە پێویست ناکا لێرە درێژەیان پێبدەین ، ئەمانەش هەمووی بۆ ئەوەی چەندەی بتوانن زیاتر درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن لەسەر کورسییەکانیان .. ئەگەرنا چۆن دەکرێ دامەزراندنی دەستوورێک کە ژیان و گوزەرانی ئێستا و ئایندەی خەڵکی لەسەر بەندە ئاوەها بەم پڕۆسێسە ناتەواو و شێواوەدا بڕوا و بەم شێوەیە مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ :

1 – لەبەرئەوەی هیچ ئامارێک لە کوردستان نییە و تەنانەت دەسەڵات بۆ مەرامەکانی خۆی نەیویستووە هیچ سەرژمێرییەکی دانیشتووانی کوردستان ئەنجامبدا کە سەرەتاییترین سەرچاوەیە بۆ پەیداکردنی هەر بەڵگەیەکی باوەرپێکراوی ئاماریی .. بۆیە هەردەبێ بڵێین ( بە مەزەندە ! ) .. بە مەزەندە زۆربەی هەرەزۆری ئەو کەسانەی کە دەشیان و پێویستبوو بەشدارییبکەن لە نووسینی دەستوور نە پرسیانپێکراوە و نە دەسەڵات وایکردووە ئاگایان لێبێ و نە بەشداریشیانکردووە لەو پڕۆسێسی دامە زرانی دەستوورەی کە بە پڕۆپاگەندەی دەسەڵات گوایە بنچینە سەرەتاییە یاساییەکانی لەساڵی ( 1974 ) ە وە دە ستیپێکردووە و ئیدی پێبەپێ بە قۆناغەکانی ساڵەکانی ( 1992، 2002،2005، 2006 ) تێپەریووە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە . بۆ کاتەکانی شۆرشی چەکداریی ( باری شۆڕشگێڕیی ) بیانووە بۆ ئەوەی کە نەک هەر دەستوور بەڵکە ئاسان نەبووە کۆمەڵێک یاسای بنچینەییش هەبن بۆ شۆڕش و ئایندە بۆیە خەڵکیش بە هۆی بارەکە نەیانتوانیووە بە شداریی لە بابەتی ئاوا



بکەن .. بەڵام بۆ 92 تا ئێستا ( کە پێیان وایە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و حکومەت و دادوەریی هەبووە ! ) دەتوانین زۆر بە دڵنیاییەوە بڵێین جگە لە هەندێ کەسی کەمی نێو حیزبەکان و پەرلەمان و حکومەت و دەوروبەرەکانیان ( کە ئەوانیش لەبەر بژێوی ژیان و ناو و ناوبانگی خۆیان هێندە بە تەنگ ئەم بابەتانەی گەل و وولات نیین ) هیچ کەسێکیتر نە بەشدارییکردووە نە ئاگاشی لەو پڕۆسێسە هەبووە .

2 – بۆچی لەو ماوە زۆرەی نێوان ( 1992 تا پاش رووخانی رژێم ) پەرلەمان لە خۆیڕانەدەبینی هیچ دەستوورێک بخاتە بەردەم جەماوەر بۆ بەشدارییکردن و راپرسیی لەسەری ، بەڵام پاش ئەوەی رژێم لە لایەن ئەمەریکا رووخێندرا و عێراق داگیرکرا و کوردستانیش لە داگیرکردنێکی درێژ و دڕندانە بۆ داگیرکردنێکیتر خۆی خۆیبینیەوە و دەستووری عێراق بەزۆری زۆردارەکیی دامەزرێندرا .. ئیدی دەسە ڵاتدارانی کوردستان ئەمجارە بە ناچاریی و بەپێی ئاماژەکانی ئەمەریکا کە چیان پێویستە دیسان لێژنەیەکیتریان بە پەرلەمان ئامادەکردەوە بۆ ئەوەی کە ئەوەی پێشتر بۆیان ئامادەکردوون بە پڕۆژەیەکی نوێ بیخەنەڕوو کە لە راستییدا پاشکۆیەکە بۆ ئەو بەنێو دەستوورەی عێراق کە هەروەک ئەمریکییەکان خۆیان دەڵێن : ( خە لیلزاد ) رۆڵێکی گرنگ و سەرەکیی بینی لە نووسین و دەرچوواندنی ، دیارە ئەوەی کوردستانیش هەر وایە و هەر واش دەبێ و رەنگە واوەتریش بێ و دەقاودەق وەک ئەوەی ئە مریکا دەیەوێ .

3 – پەرلەمان لە ( یاداشتی روونکردنەوە ) کە دا دەڵێ : ( پەرلەمان لە پێکهێنانی لیژنەکە رەچاوی ئەوەیکرد کە چینی مافپەروەر لە

دەرەوە و ناوەوەی ئەنجومەن ، بە هۆی پسپۆڕییان ، لە لیژنەکە پێشچاوبن .) پێش هەموو شتێک بۆچی پەرلەمان بڕیاریدا لە 19 کەسی لیژنەکە 15 کەسیان لە ئەندامانی پەرلەمان بن کە دەکاتە زیاتر لە سێ چارە گی لیژنەکە .. بۆ چوار کەسەکەی تریش بە هیچ شێوەیەک دڵنیا نیین کە سەربەخۆ بن ، چۆن دەبێ پەرلەمان ئەو هەموو جەماوەرەی گەلیان لە بیر بچێ کە لە هەڵبژاردنەکەی رابردووی پەرلەمان بە شدارییان نەکرد ؟ بۆ دەبێ ئەوانیش نوێنەریان نەبێ لە نووسینی ئەم دە ستوورە ؟ ئایا دەستوور هەر بۆ دەسەڵاتدارانی حیزب و حکومەتە ؟ ئاخر هەموو کەس دەزانێ ئەم بەڕێزانە چۆن کراون بە ئەندام بە پەرلەمان و سەرەتا و پێش ئەوەی هەر شتێک بن تیپێکن لە سەربازی دڵسۆز بۆ حیزبەکانیان .. ئێمە رێزمان بۆ ئەو لیژنەیە هەیە و پێویست ناکا ناوی یەکبەیەکیان بهێنین کە ( محەلیان لە ئیعراب ) چییە .. تەنیا ئەوەندە نەبێ کە دەپرسین ئایا چ کەسێک هەیە لەو کوردستانە بڵێ ئەمن بە کار و نووسینەکانی ئەوان پەروەردە بوومە یان سوودم لە زانیارییەکانی ئەوان وەرگرتووە ؟ یان کوانێ جێپەنجەی ئەو بەڕێزانە لەسەر پێشکەوتنی رۆشنبیریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ... هتد ؟ تەنانەت ناتوانین بە واتای ووشە بە زۆربەی هەرە زۆریان بڵێین نووسەر یان کەسانی لێهاتووی ئەوتۆ کە بۆ ئەم کارە دەشێن و جێگەوپێگەیەکی دیاری خۆیان هەیە لە نێو کۆمەڵ .

ئەی باشە دەبێ چ دانایی و نهێنییەک هەبێ لەوەی کە پەرلەمان بیر لەوە بکاتەوە کە چینی مافپەروەران « کە مافپەروەران چین نین و قوربانی هزر و ئاوەز و تێگەیشتنی نووسەرانی ئەو دەقە بین کە نازانن (چین) چ واتایەک دەگەیەنێ ! » بە هۆی پسپۆڕییەکەیان



لە پێکهاتەی ئەم لیژنەیە پێشچاو بن ، ئایا مافپەروەران و پارێزەران لە پیشەکەی خۆیان زیاتر چیتر دەزانن کە ئەویش – زۆربەیان و پێش هەموو شتێک – تەنیا بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆیان و خزمەتکردنی بێ سێودووی دەسە ڵاتی سیاسیی بەکاردەهێنن .. هەندێک جاریش هەیانە زانستەکەیان بۆ قازانجی خۆیان یان حکومەت بە شێوەی – دۆزینەوەی فرتوفێڵی یاسای بۆ بێتاوانکردنی تاوانباران و تاوانبارکردنی بێتاوانان – بەکاردەهێنن !

**ئاخر خۆ دەستوور هەر ( دادوەریی و دەسەڵاتی دادوەریی ) نییە .. دەستوور هەموو کونوقوژبنێکی ژیانی کۆمەڵایەتیی وتەواوی لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە .. ئەمە خەڵکێکی ئەوتۆی گەرەکە کە رۆشنبیرییەکی گشتگیر و هەمەلایەنەی هەبێ لە ناسینی مرۆڤو تێکڕای بارەکانی ژیان و کێشەکانی نەک پارێزەر و مافپەروەرانێک کە کاری هەرە گرنگی سیاسییەکان بە ئەوان تەنیا ئەوەیە هزر و بۆچوونە سیاسییە تەسکبینییەکانیان بۆ بکەنە دەستوور و یاسا .. پارێزەر یان مافپەروەر تەنیا بڕوانامەیەکی رەقوتەقی هەیە زۆرێکیان ئەگەر تەنیا بڕوانامەکەیان لێوەربگیردرێتەوە ئەوا وەکو ئامێرێکی پڕ گرێوگۆڵ و بێ کەتەلۆکیان لێدێ و بە هیچ شێوەیەک ناتواندرێ سوودیان لێوەربگیردرێ .**

4 – هەر لە یاداشتی روونکردنەوەکە پەرلەمان دەڵێت : ( پەرلەمان رەچاوی نوێنەرایەتی سیاسیی ئەو پارتانەی کرد لە پێکهاتەی لیژنەکەدا کە لە پەرلەماندا نوێنەریان هەیە . ) ، ئەمە واتا پاش قۆرخکردنی لیژنەکە بۆ نوێنەرانی ( پارتی و یەکێتیی ) ئەنجا ( هەر بۆ تامی چێشت !) کەتوکوتێک لە نوێنەرانی حیزبۆکەکانیان کردۆتە ئەندام لە لیژنەکە .

سەرەتا – ئەوە هەر هیچ – هەرگیز نایانەوێ نوێنەری چین و

توێژەکانی جەماوەر ببنە ئەندام لەو لیژنەیەدا بەڵکە فەرامۆشی ڕۆڵ و هێزی ئەو حیزب و لایەنە سیاسیی و جەماوەرییانەشیان کردووە کە ئەندامیان لە پەرلەمان نییە .. تەنانەت ئەگەر هێزی جەماوەریی ئەمانە چەندین جار هێندەی هێزی ئەو حیزبۆکانەی نێو پەرلەمانیش بن ئەوا هەر مافی ئەوەیان نییە دەم لە دە ستوور و یاسا بکوتن چونکە نەچوونەتە نێو قەفەسە زێرینە دیموکراسییەکەی ئەوان و بە پرانسیپی حیزبی سەرکردە و سەرۆکی جۆکەر و کاریزمایی ڕازیی نین و ئەو شێوە ( پەنجا بە پەنجا گۆڕبەگۆڕ ) ە نوێیەی دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانیان ڕەتکردۆتەوە .. ئەو پەرلەمانەی کە ئەگەر جەماوەر ترسی نابڕاوکردن و گۆشەگیرکردن لە لایەک و باڵابەرزیی هەستی ڕەوای نەتەوەیی و دژایەتییکردنی شۆفێنیزمی دەسەڵاتی عارەبیی لە لایەکیتر لە ئارادا نەبان ئەوا هەرگیز بەو شێوەیە دەنگیان بۆ نەدەدا چونکە پەرلەمانێکی ئاوا نەدەتوانێ حکومەت و حیزبەکان ناچار بکا ژیانێکی شایستە بە گەل دابینبکەن نە دەهێڵێ جەماوەر خۆی ژیان و چارەنووسی خۆی لە دەستوور و یاسایەکان بچەسپێنێ و ئازادانە قسە لە قسەی لیژنەی نووسینی دەستوور – لیژنەی دەسەڵات ! – بکا .

هەرچەندە ئەوە بە هیچ پێوەرێک ڕاست و گونجاو نییە کە لیژنەیەکی نووسینی دەستوور لە نوێنەری حیزبەکان پێکبێ بەڵام کە هەر وایان کرد ئەی بۆچی هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی نەگرتەوە ، دیارە ئەمە هەڵەیەکە ڕۆژانە بەسەر دەسەڵاتدارانی تێدەپەڕێ .. چونکە جەماوەر بەردەوام بەو دوو حیزبە زڵ و دەسەڵاتدارە دەڵێن : دیکتاتۆر ، نا دیموکراسیی ،



دژە ئازادیی، پاوانکەری گۆڕەپانی سیاسیی ، خنکێنەری فرەدەنگییو فرەڕەنگیی ، کوژەری ئازادیی ڕۆژنامەگەریی ، قۆرخکەری سەرتاپای میدیا ، و ... هتد .. هەربۆیە لە ژێر ئەو پاڵەپەستۆ جەماوەرییە – بۆئەوەی وا خۆ بنوێنن کە باوەڕیان بە ئازادیی و دیموکراسیی هەیە ! – تووشی ئەو هەڵەیە بوونە .. دەنا چۆن دەبێ و چۆن دەکرێ لیژنەی نووسینی دەستوور تەنیا لە نوێنەری ئەو حیزبانە پێکبێ کە دەسەڵات ( هەردوو حیزبی گەورە ) لەنێو پەرلەمان بە ئارەزووی خۆی هەڵیانبژێرێ – کە گوایە دیموکراسین – و هەموو ئەو کەسانەش فەرامۆشبکرێن کە ڕۆشنبیرییەکی گشتگیر و تۆکمەیان هەیە بۆ ئەم مەبەستە .. ئێ خۆ زۆربەی ئەوانەی بە نوێنەری حیزبەکان ناسراون یان دانراون چ لە دوور و چ لە نزیک دانوویان لەگەڵ دەستوورو یاسا نەکوڵاوە و ناکوڵێ چجای ئەوەی ڕۆشنبیرییەکی گشتگیر و تۆکمەیان هەبێ .

بە کورتیی پێمانوایە باشترین و سەرکەوتووترین لیژنەی نووسینی پرۆژەی دەستوور بۆ گەلانی کوردستان هەر ئەو لیژنەیە کە ڕاستەوخۆ بە بێلایەنیی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ .. ڕەنگە بڵێن ( ئەمە چۆن دەکرێ و ئەمەش کێشە و گرفتێکی زۆری خۆی هەیە و ئەی ئەگەر کەسانی ناشیاو دەرچوون ؟ یان ئەی ئەندام پەرلەمان چییەتی ؟ ئەی ئەوان نوێنەری گەل نین و خەڵکی پسپۆڕ و یاساییان تێدا نییە ؟ پاشان لە هیچ شوێنێکی جیهان ئەمە نەکراوەو لە هەموو شوێنێک هەر پەرلەمان لیژنەی لەم بابەتانە دروستدەکاو ... هتد .) ، ئەم بڕوبیانووانە و زۆریتریش هەریەکە و وەڵامی خۆی هەیە .. بەڵام بۆئەوەی ئەم باسە درێژ نەبێتەوە ئەوا زۆر بەکورتیی وەڵامی ئەوانەی سەرەوە دەدەینەوە :

1 – ئەمە دەرێ و زۆر ئاسان و دروستیشە ئەگەر ئامانج لە پێناو بەرژەوەندییەکانی گەل و دامەزرانی کۆمەڵێکی دادپەروەر بێ .

2 – هیچ شتێک بێ کێشە وگرفت نییە .. بەڵام ئەمانە گەورە نیین و شایانی چارەسەرکردنن و ئەم شێوازەش لەچاو شێوازی ( سەپاندنی لێژنەیەک لە لایەن پەرلەمان ) هەر هیچ کێشە و گرفتێکی نییە .

3 – کەسانێکی ناشیاو دەرناچن .. چونکە ئەو کەسانەی خۆدەپاڵێون دەبێ کۆمەڵێک مەرجی وایان تێدابێ بۆئەوەی بۆ ئەو کارە بشێن .

4 – زۆربەی زۆری ئەندام پەرلەمانەکانمان کەموکوڕییان زۆرە بۆ مەبەستێکی ئاوەها .. دواییش ئەوان نوێنەری راستەقینەی گەل نیین چونکە راستەوخۆ لە لایەن گەل هەڵنەبژێردراون و زۆربەی گەلیش لەبەر هەندێک هۆ ( کە پێشتر باسمانکردن ) بە ناچاریی حیزبەکانیان هەڵبژاردووە و حیزبەکانیش پێشتر بە ئارەزووی خۆیان ئەو کەسانەیان هەڵبژاردووە کە پێش هەموو شتێک سەرباز یان فەرمانبەری ئەو حیزبانەن .

5 – پسپۆڕیی یاسایی ناکرێ بکرێتە مەرجێک بۆ نووسەر یان دانەری پرۆژەی دەستوورێک بەڵکە چاکتر وایە پەرلەمان دەستەیەکی لێزانی راوێژکاری یاسایی یارمەتیدەر دابنێ بۆ یارمەتیدانی لێژنە هەڵبژێردراوەکە بۆئەوەی راوێژیان پێبکرێ هەروا ئەو دەقە یاسایی و دەستوورییانە ئامادە بکە ن بۆ لێژنەکە کە لە نووسینی پرۆژە ی دەستوورەکە سوودیان لێدەبینن .

6 – باری سیاسیی و کۆمە ڵایە تیی و مێژوویی و تێکڕای ژیانی گەلانی کوردستان لە هی گەلان و وڵاتانی تر جیایە و لە سەردە مێکی زۆر درەنگ و جیاواز و لە کتوپڕێک گەیشتنە ئەوەی کە دەستوورێکیان هە بێ، گە لان و وڵاتانی جیهان لە کۆن و ئەم دواییانەش ئەزموونی



جیاجیایان هەیە لە دانانی دەستوور و هیچکامێکیشیان نە بە شێوەو نە بە جۆرو نە بە نێوەرۆک بەیەکناچن ،کات و شوێن و بارودۆخ و هەموو شتێک جیاوازە .. نە راستە و نە مەرجیشە ئێمە ئەزموونان دووبارە بکەینەوە یان کۆکتێلێک بگرینەوە .. بۆیە دەکرێ و دەبێ و باشتریشە بە گوێرەی بارودۆخەکەی خۆمان و بە لەبەرچاوگرتنی بار و پێشکەوتنی مرۆڤ و ژیانی ئێستا و ئایندەیە کی گەش و رۆناک ئەزموونی خۆمان هەبێ با لە هی گەلان و وڵاتانیش جیا بێ ، ئێستا ئازادیی و توانستەکانی مرۆڤ گەیشتوونەتە رادەیەکی ئەوتۆ کە گەلان و وڵاتان بە گەلانی کوردستانیشەوە بتوانن کار و داهێنانی بە پێزی جیاجیا بکەن .. ئێستا سەردەمی مێگەلیی و دووبارەکردنەوەی ئەزموون بەسەرچوونە و گەلانی کوردستانیش تواناییان لەوە پترە کە خودی خۆیان دەستوور بۆ خۆیان دابنێن ئەگەر سەرکردە و دەسەڵاتدارانی کوردستان نەبنە رێگر بۆیان و زیاتریان دوانەخەن .

ئیدی هەر بروبیانوویەکی تری دەسەڵات و دەوروبەرەکەی وەڵامی پڕبەپێستی خۆی هەیە و بەڵام با ئەمە بەسبێ و ناشڵێین ( ئەو کەسە کەسە دوو پیتی بەسە ) چونکە خۆری ئەم پەندانە و دەسەڵاتی سالار و لاساری دژەمرۆیی پێکەوە ئاوابوونە و ئاوادەبن.. ئێستا رۆژ رۆژی ئەوەیە بە گفتوگۆ و تێگە یشتن و پاراستنی ماف و ئازادییەکان و گەشەپێکردنیان کێشەوگرفتەکان چارەسەربکرێن و لە ئایندەی بەردەوامیش هەر ئەمە راستە .. بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێ شەڕی رەوا و راستەقینە لە بەرامبەر دوژمنی راستەقینە نەکەی .. ئەم شەڕەش پێویستە و دەبێ شەڕێکی شارستانیی بێ نەک شەڕی ئازاردان و کاولکاریی و کوشتن و تیرۆر .

● بەپێی دەقی ( یاداشتی روونکردنەوە ) کە ؛ لێژنەکەی ساڵی 2002 **– کە ئەویش هەر پەرلەمان بە ئارەزووی خۆی داینابوو – « پشتی بەو پرۆژەیە بەست کە لیژنەیەک لەو پارێزەرانەی چووبوونەپاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی ، لە ساڵی 1974** ، ئامادەیان کردبوو بە ناوی ( یاسای بنەڕەتی ویلایەتی کوردستانی فیدرالی ) »

باشە بۆ دەبێ لێژنەیەکی 2002 پشت بە پرۆژەی لێژنەیەکی28 ساڵ پێش خۆی ببەستێ کە بێگومان رووبەری ئاسۆی تێڕوانینی ئەو پارێزەرانەی ئەوکاتی نێو شۆڕش نابێ هێندە فراوان بووبێ کە توانیبیان شتێکی بە سوودی ئەوتۆ بنووسن بە کەڵک بێ بۆ ئەمڕۆی پاش ئەو هەموو گۆڕان و وەرگۆڕانە مەزنانەی کە لە 28 ساڵی پاش ئەوکاتی جیهان و ناوچەکە و کوردستان روویانداوە ؟ ئێستاشی لەگەڵدابێ زۆربەی زۆری ئەو سیاسەتمەدارانەی کە ئێستا حوکمی کوردستان دەکەن لە چەمکی ( فیدراڵیی) تێنەگەیشتوون .. ئەوەیان هەر هیچ کە نازانن گەوهەر و نێوەرۆک و بنەما بنچینەییەکانی چین و شێوە بەکارهاتووەکانی لە وڵاتان چۆنن و چۆن بەڕێوەدەچن تەنانەت نازانن دەستەواژەکەش بە دروستیی بەکاربهێنن و تا ئێستاش دەڵێن ( کوردستانی فیدراڵ یان کوردستانی فیدراڵیی ! ) .. ئەمە وەکو ئەوە وایە کە کوردستانی باشوور وڵاتێکە لە چەند پارچەیەک پێکهاتووە و بە شێوە ی فیدراڵیی یەکیانگرتووە و ناوەکەی بۆتە کوردستانی فیدراڵیی ! ئەی داخۆ دەبێ لە 74 ئەو پارێزەرە بەڕێزانە چۆنی لێتێگەیشتبن و چۆن بەکارهاتبێ !؟

ئەم دەستەواژەی فیدراڵییە هەر کتومت بە دەردی دەستەواژەی (زانست) ەکەی نێو قورعان چووە ، کە باسی زانست لەگەڵ موسڵمانە نەخوێندەوار یان ئیسلامییەکان دەکەی پێتدەڵێن : ( کورە ئەوە



ئەتو چ دەرێی روعی من .. ئەو کافرانە هەموو زانستیان لە قورعان دزیە ! ) کە پێیاندەڵێی چۆن و کەی و بە چ شێوەیەک ؟ یەکسەر دە ڵێن : ( کوورە .. ئەی خواکە ! ئەمە تۆ چیەڵێی .. برۆ ئەمانە گشتی لە قورعان باسکراوە .. هەر چیتەوێ تیایەتی ، رۆح و گیانم قوربانی ئەم خوایە بێت .. چاوچاو تەنانەت باسی ئاوە شرین و تاڵەکەش ئەکات ! ئەی چۆن .. مامۆستا گیان .) ئەمە بە بێ ئەوەی هیچ لە قورعان تێبگەن تەنانەت نەک هەر کورد و گەلانی ناعارەب بەڵکە عارەبەکانیش ئەوانەی کە ( ووشەسازیی و رستەسازیی و رەوانبێژیی و ... هتد ) ی زمانی عارەبی بە جۆرێکی باش نازانن ناتوانن لەو شێوازە نووسینە عارەبییە رەق و گران و شیعریی و پەخشانئامێزییەی قورعان تێبگەن . ( فیدراڵیی)ەکەی لەمەڕ خۆمانیش بەهەمان دەرد چووە ؛ کاتێک دەڵێی تکایە بە هەڵەی بەکارمەهێن .. یەکسەر پێتدەڵێن :( ئەڤە تە چ دبێژی بابۆ ! مە فیدراڵیی ژ رووسو ئەمریکا دێن کریە .. جارەکا دن وسا نەبێژە . ) .

ئەی ئەگەر ئەو پرۆژەی 74 هێندە گرنگە بۆ کەس نەیدیتووە ؟ یان بۆچی بۆ ئەو کارە پڕ گرنگە بەڕێزەوە ناوی پارێزەرەکان بڵاونەکراوەتەوە ؟ تا ئێمەش شانازیی بەو پۆلە پارێزەرەوە بکەین ، یان ئەی بۆ پەرلەمان لە ماوەی ئەو 14 ساڵەی رابردوو گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدا و لە میدیای کوردی هیچ بوونێکی نەبوو؟ **– ئەگەر وا گرنگ بوو – زۆر پێویست بوو بە شێوەیەکی فراوان بڵاوببایەوە بۆ ئەوەی بەلایەنی کەم تەواوی خوێنەر و بیسەر و بینەران شتێکیان لێبزانیبا و بۆ ئەمڕۆ سوودیان لێوەرگرتبا .**

**بۆ نووسینی پرۆژەیەک پشتبەستن بە دەقێک زۆر جیایە لەگەڵ سوودلێدیتن لە دەقێک.. پشتبەستن واتە بنچینە و هێڵە گشتییەکانی**

نووسینی پڕۆژەکە لەسەر دەقەکە بنیاتبنێی .. کەچی سوودلێدیتن واتە کەم یان زۆر سوود لە دەقەکە ببینی بۆ ئەوەی نووسینەکەت بە پێزتر یان دەوڵەمەندتر بکە ی ، ئەگەر لێژنەکەی ساڵی 2002 دەقی پڕۆژەکەی ساڵی 74 یان کردۆتە بنچینە و هێڵە گشتییەکانی نووسینی پڕۆژەکەی خۆیان ئەوا ئەمە هەر کارەساتێکە بۆخۆی ! **بەڵام ئەگەر هەر تەنیا – کەم یان زۆر – سوودیان لێوەرگرتووە.. ئەوا زۆر ئاسایی بوو و دەکرا بگوترێ : ( ئەم پرۆژە سوودی لە زۆر دەقی پەیوەست بە یاساو دەستوور وەرگرتووە تەنانەت سوودی لە پڕۆژەکەی 74** ی شۆڕشیش وەرگرتووە)، ئەگەر هەرهیچ سوودیشی لێوەرنەگیردراوە و هەر بۆ خۆهەڵکێشان باسکراوە ئەوا کارێکی دروستنییە و باشتر بوو و دەکرا وەک ( مێژوویەکی زیندوو ) بەرامبەر دوژمنان ئاماژەی پێبکرابا و نیشانبدرابا کە ئێمە لە ساڵی 74 ەوە و لە کاتی بەرهەڵستکاریی جۆرێک لە یاسامان هەبووە کەچی ئێوە 80 ساڵ لە حوکمدابوون بەڵام کۆنەپەرستترین دەستوورتان هەبوو ، هەروا دەکرا وەک ( مێژوویەکی مردوو ) ش بۆ زانینی مێژوویی خۆمان لە جێگایەکیتر بڵاوبکرابایەوە نەک لەنێو پڕۆژەی دەستوورێک و بە ( پشتپێبەستوو ) ش باسیبکرێ !

- رۆژانە بە دەیان بابەتی بێسەروبەر و زیانبەخش لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاودەکرێنەوە و چەندین نامیلکە و کتێبی بێبرست دەردەچن و بە دەیان بەرنامە و کاری هونەریی کرچوکاڵ لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان پەخش دەکرێن و سەرجەمی ئەم میدیایەش – کە رەنگە بتوانیین بڵێین هەرهەمووی میدیای حیزبەکانە – لە لایەن ئەو کەسانە بەڕێوەدەچن کە دوێنێ بەرهەڵستکاری دەسەڵات و حیزبەکان بوون بەڵام لەبەر ئەوەی سەرکوت و کارکەنار و



نانبڕاو کران ئیدی خۆیانڕانەگرت و ( تێیانکردەوە ! ) ئەمڕۆش بە هاوکاریی و دەستلەنێودەستی میدیاکارە جاش و کۆنە بەعسیەکان دەرباری سیاسەتبازانن ، کەچی نزیکەی 12 مانگ لێژنەیەک خەریکی نووسینی پڕۆژەی دەستوور بوو بەڵام نەک هەر رۆژانە و هەفتانە بەڵکە مانگانە و وەرزانەش تەنانەت یەک جاریش نەمانبینی : ( رۆژێک لە رۆژان سەرلە سبیانێ .. میدیایەکەمان رابوەستێ لەبەر هەیوانێ ؛ بە هەر هەموو کەسێک رابگەیەنێ و تێیانبگەیەنێ و بڵێ ئاگادار بن ئێستا پڕۆژە دەستوورییەکەی ساڵی 2002 لەبەردەستی لێژنەیەکی تری پەرلەمانە بۆ ئەوەی پڕۆژەیەکی نوێ دابنێن .. ها ئەمەتە .. بە ووردیی بیخوێننەوە .. قوربانتانبم لە هیچ شتێک مەترسن .. ئازادن لەوەی هەرچیەکتان لەسەریهەبێ بینووسن !.. تەنانەت ئەگەر بتوانن و حەزبکەن هەریەکێکتان بۆی هەیە پڕۆیەک بنووسێ و پێشکەهشی بکا ! کەس لەسەر تێبینیی و راوبۆچوون و پێشنیار و رەخنەکانی نە هەراسان دەکرێ نە گۆشەگیر دەکرێ نە نانبڕاو دەکرێ نە راوەدوو دەندرێ نە دەگیردرێ نە ( 30 ساڵ حوکم ! ) دەکرێ نە دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە ، هەرچییەکتان هەیە بیهێنن با بۆتانی بڵاوبکەمەوە و مافی ماندووبوونەکەشتان وەردەگرن و لە کۆتاییشدا خەڵاتی چاک هەیە بۆ ئەوانەی نووسینی بە بڕست و پڕبایەخ پێشکەشدەکەن !

**پەرلەمان باسی ئەوە دەکا کە <u>ئاگادار(یەک) ی</u> بڵاوکردۆتەوە تا هاوڵاتییان و ... هتد بەشداریی لە کارەکانی لێژنەکە بکەن هەروا دەڵێ با لە رێگەی ئەندامانی پەرلەمان یان لێژنەکە بە نووسراو بەشداریی بکە ن ، پاشان قسەکان لەبەر کرچوکاڵیی نووسینەکە هیچ واتایەک ناگەیەنێ و بەمجۆرە دەڵێ : ( هەروەها <u>مالپەڕێکی</u>**

بۆ ئەم مەبەستە لە ئەنتەرنێت کردەوە ووەک بە پیرەوە هاتنێک بۆ بانگهێشتەکان وداواکاریەکانی لە ئاگاداریەکانی لە رۆژنامەکانی خۆجێی ومالپەری ئەنتەرنێتی تایبەت بە خۆیەوە ،..........) ! بەڵێ یەک ئاگاداریی بڵاوکردۆتەوە و تەواو .. بۆ ئەوەی هاولاتییان بە نووسراو بەشداریی بکەن کە تێیدا دەڵێ : ( بە پێشکەشکردنی پێشنیازەکانیان ، راستوخۆ , یان لە ریگەی ئەندامە بەریزەکانی پەرلەمان ، یان ئەندامەکانی لیژنە . ) ! کە ئەمەم خوێندەوە هەر بەڕاستیی وامزانی وا لە گوندێکم و لە دیوەخانی ئاغایەک دانیشتووم ! ئاخر پەرلەمان وادەزانێ خەڵکی هەولێر و شارەکانی تریش هەر هەموویان ئەندامانی لێژنەکە و تێکڕای ئەندامانی پەرلەمان دەناسن و نانوپیازیان لەگەڵیان خواردووە و رۆژانەش لە پشت دیواری مزگەفتەکەی نێو گوند یان لە سێبەری تانکیە ئاوەکە لەگەڵیان دادەنیشن ! وەک گوتمان نەمانزانی پاشان باسی چیدەکا . لە وولاتە بەنێو پێشکەوتووەکان زۆر ئەندام پەرلەمان هەن لە زۆر شوێن بە سادەیی لەنێو خەڵکن و بە بەراورد لەگەڵ ئەمانەی خۆمان ئاسمان و رێسمان لەیەکجیان .. زانیومانە خەڵک بۆ سکالاکانیان و لێپێچینەوە لە مافەکانیان پەنادەبەنەبەر ئەندام پەرلەمان و لە ریگای ئەوانەوە نووسراو دەنێرن بۆ شوێنی جیاجیا.. بەلام هەرگیز بۆ مەسەلەیەکی وەک دەستوور پەرلەمان ناڵێ پێشنیارەکانتان بە نووسراو لە ریگا ی ئەوانەوە بنێرن ، بەڵێ پاشان درێژەیپێدەدا و دەڵێ : (... هاولاتیان بە گشتی , ولە هەموو توێژەکانی کوردستانی بە پێشنیازەکانیان ,رۆڵێگی گرنگیان گێرا لە بە پێزکردنی پرۆژەکە ولیژنەش ........) !

ئەرێ دەبێ ئەو هەموو ( هاولاتییان بە گشتیی ) یە چۆنچۆنیی



بەشدارییان لەو پڕۆژەیەدا کردبێ .. ئەمە هەر زۆر عەنتیکەیە ! **ئاخر نازانین دەبێ کەس هەبێ بڵێ ؟** :

1 – من 10 بەرنامەم لە تەلەفزیۆن دیتووە لەسەر پڕۆژەکە .

2 – من زۆر جار لێژنەکەم لەسەر تەلەفزیۆن بینیووە تاوتوێی پڕۆژەکەیان دەکرد .

3 – چەندین جار بە چاوی خۆم لێژنەکەم دیتووە لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵک دانیشتوون و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکردن لەسەر پێشنیار و پڕۆژەکانیان و هەر لەوێ چەندین بڕگە و مادەیان لەگەڵ ئەوان چاک و پوختە کردووە .

4 – من پڕۆژەکە و چەندین پڕۆژەی خەڵکی ترم لە رۆژنامە و گۆڤارە کان خوێندۆتە وە .

5 – رۆژانە لە رادیۆکان گوێ لە چە ندین بەرنامە رادەگرم لەسەر پڕۆژەی دەستوورەکە .

6 – تێبینیی و پێشنیار و رەخنەکانی فلانەکەس رۆڵێکی چاکیان گێرا لە چاککردن و بەپێزترکردنی پڕۆژەکە .

7 – چەندین نامیلکە و کتێبی بە نرخ نووسران لەسەر دەستوور و پڕۆژەکەی و لێژنەکەش زۆر بە ووردی هەموویانی دایە بەرباس و لێکۆڵینەوە و سوودی زۆریشیان لێوەرگرتن .. من خۆم ئاگام لە هەمووی بوو .

8 – بەڕاستی جەماوەرێکی بەرفراوان بەشداریی لەم پڕۆژەیە کرد تەنانەت توندڕەوە نەتەوەیی و چەپ و کۆمۆنیستەکانیش بە تێبینیی و رەخنە و پێشنیار و پڕۆژە کانیان بەشدارییەکی چاکیان کرد و زۆر سوود لە شتە چاکەکانی ئەوانیش وەرگیردرا .

9 – لە 19 کەسی لێژنەکە 10 کەسیان ژن بوون .. بەڕاستیی ژنان

سەلماندیان نیوەی کۆمەڵن و رۆڵێکی مەزنیان بینی لە نووسین و دارِژتنەوەی ئەم پرِۆژە دەستوورییە یەکسانییخوازە .

10 – بە دەیان نووسەر و رۆناکبیری شارەزا و پسپۆرِ لە هاوڵاتییانی هەندەران و کوردەکانی پارچەکانیتری کوردستان و چەندین پسپۆرِی جیهانیی بەتێبینییو پێشنیاری مۆدێرن و پێشکەوتووخواز بەشدارییان لە دەوڵەمەندکردنی پرِۆژەکە کرد .

11 – ئەو هەموو کۆرِ و کۆبوونەوانە لەسەر دەستوور کران .. لە هۆڵە گشتییەکان ، یانەکان ، بنکەی رێکخراوەکان ، خوێندنگاکان، تەنانەت چایخانەکان و... هتد .. داروبەرد هەر باس باسی دەستوور و پرِۆژەکەی بوو .

12 – باوەرِ بکە ن لێژنەکە بە شێوەیەکی ئەوتۆ ماندوونەبوون چونکە هەر پێرادەگەیشتن بابەت و شتی چاک وەرگرن .. وەک پیازێکی سپیکراو دەهاتەبەردەستیان .. پێویستی نەدەکرد بچنە بیرکردنەوەی قووڵ بۆ بەدەستهێنانی شتی چاک ، ئەوان هەر هێندەیان لەسەربوو گوڵبژێرێکی شتەکان بکەن و بە شێوەیەکیتر دایانبرِێژنەوە .

لێرەدا دووبارە و چەندبارە دەیڵێینەوە ئەگەر هیچ کەس و لایەنێک هەن بە بەڵگەی باوەرِپێکراو دەتوانن ئەم قسانەی سەرەوە بکەن ؛ ئەوا ئێمە ئامادەین گفتوگۆیەکی کراوەیان لەگەڵ بکەین بۆ ئەوەی بۆیان بسەلمێنین کە ئەو دەستوورەی ئەوان پێیدەڵێن پرِۆژە لەمێژە لە لایەن سەرکردەکانەوە دارێژدراوە و برِیاری کۆتایی لەسەردراوە .. هەر بۆیە نەک هەر دەرفەتیان بۆ جەماوەر فەراهەم نەکرد تا بەشداریی تێدابکا بەڵکە زۆربەی هەرە زۆری جەماوەر ئاگایان لێینەبوو و هەر بە ئەنقەستیش



نەیانویست ئاگایان لێیبێ .. تەنانەت لەو 19 کەسەی ئەندامانی لێژنەکەش تەنیا چوار پێنج کەسێکیان بە تەواویی لە راز و نهێنیی و ویستەکانی دەسەڵاتداران گەیشتبوون و لە لایەن سەرکردەکانەوە راسپێردرابوون کە چیاندەوێ بۆیان بخەنە نێو پرِۆژەکە بۆ ئەوەی بتوانن بەپێی بۆچوونی خۆیان چەندینساڵیتر خۆیان لەسەر کورسییەکانیان چیرِبکەنەوە .

● هەرچەندە وەک گوتمان دەبووایە پرِۆژەیەک لە لایەن لێژنەی هەڵبژێردراوی گەل دابندرابا و بە شێوەیەکی پێویست و رێکوپێک بخرابا بەردەمی جەماوەر بۆئەوەی بەکردەوە بەشدارییان تێدا بکردبا نەک هەر بۆ پرِوپاگەندە و میدیای ئاراستەکراو ، بەڵام کە ئەمە یان نەکرد و .. هەستان بە بێ ئەوەی جەماوەر ئاگای لە هیچ بێ و میدیا لە خەوی پرِقورسی 14 ساڵەی خۆی وەئاگابێتەوە پرِۆژەیەکی بێسەروبەریان بەسەر گەل داسەپاند .. ئەی ئەو هەموو قسە گەورانە لە پای چی ؟ : ( بە ناوی گەل ، پرِۆژەی نووسینی دەستوور ، پرِۆژە چاوپێداخشێندراوەکە ، لێژنەی نووسینی پرِۆژەکە ، بەشداریکردنی هاوڵاتییان بەگشتیی ، ... هتد ) !

**ئەم پرِۆژە چاوپێداخشێندراوەیە وەک خۆیان دەڵێن لە بنەرِەتدا** 78 مادەبووە .. جگە لەوەی کە چەندین مادەی دارِێژدراوەتەوە 82 مادەی خراوەتەسەر و 28 برِگەی نوێش بۆ سەرمادەکان زیادکراوە .. کەواتە – هەر بە لۆژیکی خۆیان – یان ئەوەی یەکەم پرِۆژە نەبووە یان ئەوەی دووەم ، کەس نازانێ ئەو مەتەڵە هەڵبێنی کە ئایا ئەو لێژنەیەی پەرلەمان پرِۆژە چاککەربوون یان پرِۆژە دانەر یان دەستوورنووس !؟ !؟ !؟ ئەگەر پرِۆژە چاککەر بن ؛ ئەوا پرِۆژەیەک لەوێ نەبوو تا چاکیبکەن چونکە بە شتێک ناگوترێ پرِۆژە کە

بتواندرێ زیاتر لە نیوەی خۆی شتی نوێی بۆ زیادبکرێ و گۆڕانکاریی لەسەر بکرێ ، ئەگەر پڕۆژە دانەریش بن ؛ ئەوا دەبووایە جۆرێک لە پڕۆژەی خۆیان بنووسیبا و بیانخستبا بەردەستی جەماوەر بە بەشداریی ئەوان و نووسینەوەی بە داڕشتنێکی نوێ بووبا بە پڕۆژەیەکی تەواو بۆ راپرسیی جەماوەریی ، ئەمە دیارە کە بە هیچ شێوەیەک دەستوورنووسیش نین چونکە ئەوان هەموویان بە دەسەڵات بەستراونەتەوە و ئازاد نین و ناتوانن لەوە زیاتر یان کەمتر بنووسن کە پێشوەخت لە سەرووی خۆیان بۆیان دیارکراوە و بڕیاری لەسەردراوە .

سەیر لەوەدایە کە تا ئێستا ساغنەبۆتەوە کە ئایا ئەو دەقە چاپکراوەی پەرلەمان چییە !؟ ناوەکەیان کردۆتە ( پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ) ، لە لایەکیتر دەڵێن ئەمە دەستوورە چونکە لە کۆتایی دیباجەکە دەڵێن : ( ئەم دەستوورەمان هێنا کایەوە ) لە مادەی 160 یش هەر دەڵین ئەمە دەستوورە و لە کاتی دیارکراو راپرسیی گشتیی لەسەر دەکرێ ، ئێستاش لە میدیا هەر دەڵێن پڕۆژەی دەستوورە یان زۆرجار دەڵێن با جەماوەر را و تێبینیی و پێشنیارەکانی خۆیان بنێرن بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکان چارەسەر بکەن و دەوڵەمەندی بکەن .. بە کورتییەکەی دەستوور بێ یان پڕۆژەی دەستوور یان هەرچییەک بێ گرنگ ئەوەیە ئەوان بە ناوی گەلەوە قسەدەکەن کە گوایە جەماوەر بە شێوەیەکی بەرفراوان بەشدارییکردووە .. کەچی لەڕاستییدا جەماوەر بەشداریی لە هەرشتێک کردبێ بەشداریی لەو پڕۆژەیە نەکردووە .. ئەگەر وایە بۆ جارێک لە میدیا پێیاننەگوتین ئەو جەماوەرە کێ بوو ، چە ند کەس بوون ، کەی و چۆن و بەچی بە شدارییانکرد ،تاک تاک



گۆڕانکاریی و بڕگە و مادە نوێیەکانی ئەوان کام و چەند بوون ، تێبینیی و را و پێشنیار و پڕۆژە و رەخنەکان چەند بوون و هی کێ بوون ، لێژنەکە چەند بەرنامە و مێزگرد و کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەریی ساز و ئەنجامدا ، ... هتد . دیارە ناتوانین بە خەونیش ئەو وەڵامانە ببینین چونکە شتی وا هەرگیز نەبووە و روویننەداوە ! **بەڕاستی ئێمە لەو پڕۆسێس و هەڵسوکەوتانە تەنیا هەر ئەوە دەخوێنینەوە کە ئەم دەسەڵاتە رێگانادا گەل ژیان و چارەنووسی بەدەستی خۆی لەنێو دەستوور و یاساکان دابڕێژێ بەڵکە ئەو بە دوای ئەوەوەیە کە زیندانێکی پتەو لەو دەستوور و یاسایانەی کە خۆی دەیەوێ دروستبکا و تێکڕای جەماوەر بخاتە نێوی .**

- **پەرلەمان لە جێگایەکیتر دەڵێ : ( لە دیدی ئەو گۆڕانکارییانەی هاتنە سەر رەوشی عێراق و دانانی دەستووری عێراقی فیدراڵ و ...... ....، کە پێویستی کرد چاو بە پڕۆژەکە دابخشێندرێتەوە بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ حوکمەکانی دەستووری عێراق ، لە لایەک و گونجاو بێت لەگەڵ سیستەمی سیاسیی نوێی عێراق و ئەو .... ) لەوەتەی عێراق هەیە تاکو ئێستا هەموو دەستوور و یاساکانی بە ئارەزووی سەرکردە دەسەڵاتدارەکان ( وەک قوڕی پیشەسازیی ) کۆمەڵێک جۆر و شێوەی لێدروستکراوە و لێدروستدەکرێ .. هەر سەرکردە و دەسەڵاتێک هاتووە بەبێ گوێدانە گەل و تەنیا بە ئارەزووی خۆی گۆڕیویەتی و هەردەمیش پێیانگوتووە ( دەستووری هەمیشەیی ) و بە ناوی گەلیشەوە بڕیاریان لەسەر داوە وەک دەیبینین ئەو قەوانە ئێستاش بە هەمان شێوە هەر لێدەدرێتەوە ، ئێمە لێرە باسەکەمان لەسەر دەستووری عێراق نییە و لەسەر ئەوەی کوردستانە .. بەڵام کوردستانیش لەبەرئەوەی ساڵانێکی دووردرێژە**

لەژێر حوکم و دەستووره چەوسێنەرەکانی عێراق نالاندوویەتی هێشتا ئەو سەرکردانەی ئێستا لەگەڵ ئەو هەموو گۆرانکارییە گەورانەی جیهان هەڵسوکەوت و لۆژیکی حوکمە پیس و کۆنەکەیان بە تەواویی بەرنەداوە و دەستوورەکەمانیان بە هەمان دەرد و گرفتی دەستوورەکانی عێراق و وولاتە کۆنەپەرستەکان بردووە و دەبەن.

ئایا گەل چ پەیوەندییەکی بە ( دانانی پڕۆژەکەی 1974 و دەسەلاتە یاسادانەرییەکەی 1992 و پڕۆژە دەستوورییەکەی 2002 و لێژنەکەی 2005 و دانانی پڕۆژە دەستوورییەکەی 2006 ) وە هەیە !؟ سەرنجبدەن ؛ ئەگەر تەنیا بەراوردێک لە نێوان پڕۆژەکەی 2002 و ئەوەی 2006 بکەین دەبینین پڕۆژەکەی یەکەم بە جۆرێک گۆڕاوە و سەراوبنکراوە کە خودی خۆی خۆی نەناسێتەوە کە رۆژێک لە رۆژان لە 2002 پڕۆژەیەک بووە .. ئایا گەل ئەو گۆڕانکارییەی دروستکرد یان ئایا گەلی 2006 هەر هەمان گەلی 2002 نییە !؟ ئەرێ دەبێ چ دەستوورێک – جگە لەوەی عێراق و کوردستان – هەبێ لە جیهان بەم دەرد و بەزمە چووبێ و کتومت هەمان خووی (ئە میبا) ی وەرگرتبێ و هەر دەمە و بە شێوەیەک خۆیمان پێشانبدا !؟

ئەی ئەگەر لە شەڕی کۆنەپەرستانەی رژێمی عێراق و ئێران عێراق بیدۆڕاندبا و بڕوخابا .. یان پاش داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراق و داگیرکردنەوەی کوێت لە لایەن ئەمەریکا حکومەتی عێراق بروخابا یان لەگەڵ ئەمەریکا بە تەواویی ڕێکبکەوتبا .. یان لە پێش و لە پاش 92 سەدام هەندێک ملکەچ با بۆ ئەمەریکا و داخوازییەکانی کورد و شیعە و ... هتد .. یان شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان حیزبەکانی کوردستان روووینەدابا .. یان لە پاش 92 حکومەتی عێراق لەگەڵ ئەمەریکا ڕێکبکەوتبا و لە 2003 نەڕووخابا .. یان لە



هەر کاتێک لەو ماوانەی سەرەوە حکومەتی عێراق بە کودەتایەکی سەربازیی بڕووخابا ؟ ئایا چۆن دەکرێ بۆ هەریەکێک لەوانەی سەرەوە و بە گوێرەی ویست و ئارەزووی تایبەتیی سەرکردە جیاجیاکان دەستوور و یاساکان بگۆڕدرێن یان دەستوور و یاسای نوێ دابندرێن !؟ ئەوە راستە کە لە تەواوی سیستەمی ئێستای جیهان دەستوور و یاساکان لە هەموو شوێنێک نە هی گەلن و نە بۆ گەلیشن بەڵکە هی دەسەلاتی سیاسیین و هەر بۆ ئەوانیشن بەڵام نەک بەو شێوەی لای خۆمان کە ئەوەی دەسەڵات لە بەرچاویاننناگرێ لە نێو دەستوور و یاساکان را و ماف و ئازادیی و بەرژەوەندییەکانی گە لن.

( رە وشی عێراق و دانانی دە ستووری عێراقی فیدراڵ ) ! ئەی ئەگەر سبە ینێ دیسان ئەمەریکا حوکمێکی شۆڤێنیست یان دیکتاتۆری تری بۆ عێراق بەرهەمهێنایەوە ؟ باشە بۆ دەبێ دەسە لاتدارانی کوردستان تۆزێک هە ستی نەتەوایەتیی و نیشتمانیی و مرۆییان نەجووڵێ و هێندە زۆر خۆیان بە رەوشی ناجێگیری عێراقی بە زۆر دروستکراو و دەستووره پلاستیکییەکەی ببەستنەوە و لەو کەس و لایەنە توندڕەوە ناسیۆنالیست و شۆڤێنیستانەی عارەبیی عێراقییتر بن !؟ ئاخر دە ئاوڕێک لەو مێژووە رەشەتان بدەنەوە کە بە بیانووی عێراقچییێتیی بە سەدان کەسی چەپ و مارکسیست و کۆمۆنیستتان رەشەکوژ کرد تەنیا لەسەرئەوەی کە دەیانگوت چینی کرێکاران و هەژارانی گەلانی عێراق کێشە چینایەتییەکانیان یەک کێشەیە و دەکرێ لە سایەی حوکمێکی دیموکراسیی و سیستەمێکی عەلمانیی و بە ئەنجامدانی راپرسیی گشتیی کێشە نەتەوایەتییەکانی گەلانیش بە شێوەیەکی رەوا چارەسەربکرێن .

باشە بۆ دەبێ دەسەڵاتدارانی کوردستان بیر لەوە نەکەنەوە

هەر خودی ئەم پرۆسێسی دانانی دەستووورە بکەنە شێوە خەبات و تێکۆشانێک بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان !؟ ئەگەر ئەوان هەر تەنیا دەرفەتێکی ئازاد بدەنە گەل ؛ ئەوا گەل خۆی لە هەموو رووەکان ئەوەی لە باردا هەیە بتوانێ پێویستییە دەستووریی و یاساییەکان و ویست و ئامانجە نزیک و ستراتیژییە رەواکانی گەلانی کوردستان بە ناوچە دابڕێندراوەکانیشەوە لە دەستووریێکی تۆکمە و بە پێز جێبکەنەوە و بیچە سپێنن .. هەر بەم هۆیەشەوە لە رێگای راپرسییەکی گشتیی جەماوەری کوردستان حکومەتی عێراق و تەواوی وولاتانی ناوچەکە و وولاتە زلهێزەکان ناچار بکەن دان بە دەنگی تێکڕای جەماوەرو دەستوورەکەیان دابنێن کە هەر ئەوکات و راستەوخۆ سەربەخۆیی کوردستانیشی لێدەکەوێتەوە .

ئەگەر ئەوەی سەرەوەش زۆرە بۆ دەسەڵاتداران و ناتوانن و لێیانناوەشێتەوە رێگا بەو ماف و ئازادییەی گەل بدەن چونکە ئاوەها نەک هەر کورسییە (حە یات) ەکانیان لە دەستدەچێ بەڵکە لە گۆڕەپانی سیاسییش کەس یارییان لەگەڵ ناکا و هێدی هێدی ( گۆڕەپانبەدەر ) یش دەکرێن ، خۆ ئەوەیان بۆ دەکرا ئەو ( رەوشە ناجێگیرەی عێراق و دەستووورە پلاستیکیی )ەکەی بقۆزنەوە ؛ هەر بەس تەنیا دەرفەتێکیان بە خەڵکی کوردستان بدابا جووڵەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو بە ئاراستەی سەربەخۆیی بنوێنن ئەوا هەر خۆیان دەیانتوانی دەسەڵاتی شلۆقی بەغدا ناچار بکەن بەوەی کە مادەیەکی بێ گرێوگۆڵ و سادە لە دەستووری عێراق و کوردستان بەم شێوەیە بچەسپێنن : ( دەبێ پاش دوو ساڵیتر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی حکومەتی عێراق راپرسییەکی گشتیی بۆ سەرجەمی کوردەکانی نێو عێراق و هەموو گەلانی نێو کوردستان



– ئەو ناوچانەی بە گوێرەی بەڵگەنامە مێژووییە باوەڕپێکراوەکان دەکەونە نێو سنووری کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو ناوچانەی کە کە لە راپرسیی گشتیی جەماوەریی دەنگ بۆ ئەوە دەدەن بە ئازادیی لەگەڵ کوردستان یەکبگرن – ساز بکەن لەسەر ئەوەی کە ئایا دەیانەوێ وولاتی سەربەخۆی کوردستانی باشوور دابمەزرێنن یان نا ؟ ئەگەر ئەو راپرسییە لەبەر هەر هۆیەک لە کاتی دیارکراوی خۆی ئەنجامنەدرا ئەوا گەلانی کوردستان مافی ئەوەیان هەیە یەکسەر وولاتی سەربەخۆی خۆیان رابگەیەنن .) .

هەرچەندە زۆربەی هەرەزۆری جەماوەری گەلانی کوردستان ئەگەر بەزۆر ناچاریان نەکەن نایانەوێ لە چوارچێوەی وولاتی عێراق بمێننەوە و خوازیاری سەربەخۆیین .. بەڵام کە تا ئێستا ئەو ویست و ئامانجەی گەل لە لایەن حکومەتە یەک بە دوا یەکەکانی عێراق و بەنێو نەتەوە یەکگرتووەکان و وولاتە زلهێزەکان وەک ئەمەریکا و بەریتانیا ژێرپێنراوە و دەسەڵاتدارانی کوردستانیش بەهۆی بێتوانایی خۆیان و شەڕی نێوخۆ – شەڕە کورسی – و لاوازیی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانییان کێشەکەیان قووڵتر و درێژتر کردۆتەوە .. گەلانی کوردستان ناچار کراون دان بەو فیدرالییە عەنتیکەیە دابنێن ؛ بۆچی دەبێ دەستووری کوردستان پاشکۆی دەستوورەکەی عێراق بێ و لە هەموو رووە یاسایی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییە نێوخۆکان بەو بچێ !؟ ئاخر کوردستان لە زۆر لایەنی ژیان و مێژووی کۆن و نوێ و تەنانەت لە بارودۆخی ئێستای ژیانیش لە عێراق جیایە ؛ لەوێ دوولەتبوونی عارەبیی بە هۆی دوولەتبوونی دینیی لە ئارادایە و ئێستا ململانێیە مێژووییە دوورەکەیان بۆتە شەڕێکی کۆنەپەرستیی گەرم ، لەوێ ئایدیۆلۆژیای ئیسلام ئاوێتەی

هزری نەتەوەیی عارەبیی بووە و لە یەکجیاکردنەوەیان کاتێکی زۆری گەرەکە ، لەوێ هزر و سیاسەتی شۆڤێنیستیی و داگیرکاریی عارەبیی بوونێکی بەرچاوی هەیە ، پرانسیپ و هەڵسوکەوتی توند و تیرۆریی و دژ بە چاک و خراپی ئەمەریکا رەگێکی قووڵی هەیە لەوێ ، بەخۆنازینی زۆریان بە شارستانییەتی ئیسلامیی ، رەتکردنەوەیەکی توندی رای ئەویدی لەوێ ، شکسی و لاوازیی چەپ و سکۆلاریزم و هزری پێشکەوتوخوازی نەتەوەیی و کۆمەلایەتیی لەوێ ... هتد .. کەچی لە کوردستان زۆربەی ئەو بوون و دیاردانەی سەرەوە و چەندینی تری لەو بابەتانە نیین ئەگەر هەندێکیشیان هەبن بەڵام بەو توندییە نیین .. تەنانەت بۆ سەردەم و بارودۆخی ئێستا زۆر لایەنی چاک و پۆزەتیف لە کوردستان بە دیدەکرێن کە لەوێ نیین ، باشە بۆ دەبێ بە گوێرەی ئەو راستیی و بارودۆخانەی سەرەوە دەستووری کوردستان شارستانییتر و مۆدێرنیستتر نەبێ و زیاتر گرنگیی بە ئازادیی و مافەکانی تاک و کۆمەڵ و مرۆڤ بە گشتیی نەدا و بە تەواویی دان بە مافی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان دانەنێو بنەمایەکی ئابووریی پێشکەوتووخواز دانەمەزرێنێ و دین لە دەوڵەت جیانەکاتەوە و پەیوەندیی نێوان کرێکاران و خاوەنکاران بە یاسایەکی پێشکەوتووخواز رێکنەخا و برەو بە پەیوەندییە کی مرۆڤپەروەرانەی کۆمەڵایەتیی نەدا و ... هتد ، هەندێک لەم هەنگاوانە زۆر زۆر بە لاوازیی لەم پڕۆژەی دەستووری کوردستان رەنگیانداوەتەوە .. دیارە ئەمانەش هەر خودی دەسەڵاتداران لێیبەرپرسن و پێویستە رۆناکبیران و دڵسۆزانی گەڵ ملکەچ نەبن و بە دەستوورێکی پێشکەوتوو شەڕی رەوای خۆیان بەرامبەر بە لایەنە دواکەوتوو و دژە مرۆییەکانی ئەم بەنێو پڕۆژەی دەستوورە بکەن .



- ئەندامانی لێژنەکەی 2002 کە 10 کەس بوون هەر هەموویان پیاو بوون ، ئەندامانی لێژنەکەی 2005 کە 19 کەس بوون تەنیا یەک تاکە کەسی ژن بوو ، ئەمە هەر بەڕاستیی شەرمەزارییەکی گەللەک گەورەیە بۆ دەسەڵاتداران .. ئەوەی راستیی بێ هیچ دەرفەتێکی لێدوان نەماوە تا هیچ بڵێین چونکە ئەوان نایشارنەوە کە ژن لە سیستەمی ئەوان جێگای نابێتەوە .. لێرەدا باسەکەمان لەسەر ئەو بڕگە و مادانەی دەستوور نییە کە دەربارەی ژنانن و بێشەرمانە گاڵتە بە خودی بوون و رۆڵ و مافەکانیان دەکەن بۆ نموونە ( دیارکردنی رێژەی 25% ی ژنان لەنێو پەرلەمان ) هەروا لەسەر ئەوەش نییە کە هەندێ بڕگە و مادەی تر هەن بەبێ ئەوەی باسی ژنانیش بکەن بەڵام بە ئەنقەست و بە شێوەیەکی تاکتیکیی – هەرچەندە سادەن – وا دارێژراون بە لایەکیتر پەیوەست ببنەوە بە ژن و مافەکانیان بە تەواویی پێشێلبکەن بۆ نموونە (مافی پێکهێنانی ئەنجوومەنی رۆحانیی و پیادەکردنی حوکمەکانی تایبەت بە باری کەسیی خۆیان ) .. بەڵکە باسەکەمان لەسەر ئەو رێژە زۆر زۆرەی ژنانە لەنێو هەردوو لێژنەکە ! ئیدی لێرە بە باشتری دەزانین چیتر درێژە بەم بابەتە نەدەین و تەنیا ئەوە نەبێ کە بڵێین : ئەم دەسەڵاتە نەک هەر پیاوسالارن و مافەکانی ژنان ناناسن بەڵکە رێک وەک ئاخوند و پیاوانی دینیی دەڕواننە مرۆڤبوونی ژنان ..ئاخر بەشدارییپێنەکردنی ژنان لە دانانی دەستوور لە لایەن پەرلەمان تەنیا واتای ئەوە دەگەیەنێ کە دەسەڵاتداران بە گشتیی نەک هەر دژی چەوساندنەوەی ژنان نیین بەڵکە هەر لە بنچینەدا باوەڕیان بە هەبوونی چەوسانەوەی ژنان نییە و پێیانوایە کە ژن تەنیا ( ئاسوودەبەخشی پیاوە لەنێو ماڵ ، بەخێوکەری مناڵە

لەنێو ماڵ ، خزمەتکاری پیاوە لەنێو ماڵ ) ! بۆیە بە کەلکی ئەوە نایەن دەست لە دانانی دەستوور و شتی وا گرنگ وەربدەن ، جا وەرە و بە ووردیی رابمێنە ؛ دەبێ ئەو جۆرە بۆچوون و تێڕوانینانە چ رەنگدانەوەیەکیان هەبێ لەسەر دانانی ئەم دەستوورە کە تەنیا لە پیاوانەوە بۆ پییاوانە !؟

● لە یاداشتی روونکردنەوەکە دەڵێ : ( بە جۆرک لەگەڵ ئەو مافانەی لە دەستوورەکانی وولاتە دیموکراتەکاندا هاتووە بگونجێت و جەخت کراوەتەوە لەسە ر مافی کارکردن و یەکسانی لە هەڵ و هاوتایی و کرێ و رێساکانی دادپەروەری لە پلە بەرزکردنەوە و پارێزگاری کرێکاران لە چەوسانەوە و مافیان لە دامەزراندنی سە ندیکا و...هتد).

نازانین بۆ دەبێ ئەندامانی ئەو لێژنەیە وا تێبگەن کە خەڵک ئاگایان لەو مافانەی کە لە دەستوورەکانی وولاتە دیموکراتییەکان – سەرمایەدارییەکان – دا هاتوون نییە و هیچی لێنازانن .. ئەگەر وا بزانن کرێکارانی کوردستان– کە ژیان و گوزەرانێکی کوللەمەرگییتان بۆ دروستکردوون – هێندە هۆشیار نەبوونەتەوە تا شارەزاییان لەسەر ئەو شتانە هەبێ .. رەنگە تا رادەیەک وابێ .. بەڵام خۆ خەڵکی یەکسانیخوازی نێو چینەکانی تر زانیاریی زیاتریان هەیە لە ئێوە لەسەر ئەو ماف و ئازادییانەی کە کرێکاران بە هاوکاریی چین و توێژە هاوپەیمانەکانیان و لەژێر رۆشنایی و رابەرایەتیی کۆمۆنیزم لە وولاتان وەدەستیانهێناوە .. جگە لەوانیش کۆمەڵێکی زۆر لە کرێکاران و هەژاران لەو کاوڵگەیەی کوردستان و لەبەردەست ئێوە هەڵاتوون و لەوێش بە جۆر و شێوەیەکیتر لەنێو کارگە و بازاڕی ئازاد و بازاڕی رەشی ئەو وولاتە دیموکراتییانەی ئێوە باسیاندەکەن دەچەوسێندرێنەوە بەڵام چەوساندنەوەکەیان هێندەی ئەوەی لای



ئێوە دڕندانە نییە .. کەچی ئێوە لەوێش وازیان لێناهێنن و بەردەوام خەریکن رێککەوتننامە مۆر دەکە ن تا بیانگەڕێننەوە بۆ لای ئێوە – ئەمە رێک وەک ئەوەی لێهاتووە کە کۆیلەیەک لەبەر باری قورسی کار و ژیانەکەی لە لای کۆیلەدارێکی زۆر دڕندە هەڵدێ و پەنا دەباتە بەر کۆیلەدارێکی دڕندە جا ئەوەی یەکەم داوا لە هی دووەم دەکا بیداتەوە .. ئەویش ئەگەر پێویستی بە کۆیلە هەبێ ئەوا لای خۆی گلیدەداتەوە و سووکە هێرشێکیش دەکاتە سەر ئەوەی یەکەم و پێی دەڵی تۆ خراپی بەرامبەر بە کۆیلە و من باشتری بەخێودەکەم بەڵام ئەگەر پێویستیی پێنەبێ ئەوا بەپێی رێککەوتنێکی نێوان خۆیان بە دیلیی بۆی دەزڤڕێنێتەوە – بەڵێ ئەو کرێکار و هەژارە پەنابەرانەش شارەزاییەکی چاکیان لەسەر ئەو ماف و ئازادییانە هەیە کە لەو وولاتانە بەدەستهاتوون چونکە رۆژانە بە شێوەیەکی کردەیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن و کرێکاران و هەژارانی نێوخۆی کوردستانیش بە پەیوەندییان لەگەڵ ئەوانەی دەرەوە ئێستا ئاگایان لەوەیە کە ئەو ماف و ئازادییانە چین و چۆنن لەو وولاتانە، ئیدی پێویستە ئێوەش لەوە تێبگەن چیتر ناتوانن کرێکاران و هیچ یەکسانییخوازێکی تر هەڵبخەڵەتێنن .

ئێوە هاتوون بە هەندێک ووشە و دەستەواژەی جوان و بریقەداری وەک ( هەلی بەدەستهێنانی بژێویی ، ئازادیی هەڵبژاردنی کار ، دەستەبەرکردنی دەرفەتی کار ، کرێی یەکسان بەرامبەر کاری یەکسان ، رێکخستنی پەیوەندیی کرێکار و خاوەنکار بە یاسا ، پاراستنی کرێکاران لە چەوسانەوە ، ئازادیی دامەزراندنی سە ندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان ،و... هتد) پێنج مادەی رووکەش و پلاستیکی و بێ نێوەرۆکتان بۆ کرێکاران داڕشتووە کە بە هیچ شێوەیەک ماف و

ئازادييەكانيان دەستەبەر ناكەن و ناتوانن لەگەڵ ئەو تۆزە مافانەش بيانگونجێن كە كرێكاران لە وولاَتە ديموكراتييەكان لەنێو دەستوور سە پاندوويانن و بە جۆرێك دايانڕشتوون كە كەس نەتوانێ بە ئارەزووی خۆی يان بە گوێرەی خواستەكانی خاوەنكاران واتای جياجيا بە مادەكان ببەخشێ و ياسا و رێسای ناكۆك و پێچەوانە بە نێوەرۆكەكانيان دابتاشێ ، ئەو پێنج مادەيەی ئێوە دەكرێ ببنە بنچينەيەكی لەبار و چاك بۆ دارشتنی هەموو ياسا و رێسايەكی دژە كرێكاريی ! ئەگەر بە ئەنقەست نەبێ بۆچی لە جياتی ئەو ووشە بريقەدارانەی نێو ئەو مادانە ئەمانەتان : (كاتی دياركراوی كار لە هەفتەيەكد ا، دياركردنی لايەنی كەمی نرخی يەك كاتژمێر كار بە لەبەرچاوگرتنی قورسيی و سووكيی كارەكان يان دياركردنی رێژەی دەسكەوتی كرێكار لە كاتژمێرێك كار بەرامبەر رێژەی دەسكەوتی خاوەنكار لە كۆی قازانجەكانی لە كاتژمێرێك كار، دابينكردنی شوێنی نيشتەجێوونی كرێكار ، بيمەی بێكاربوونی بە هەر هۆيەك هەيە، بيمە كۆمەلايەتييەكان ، ئازاديی بێ بەند و مەرجی رێكخراوبوون و رادەربڕين و مانگرتن و خۆپێشاندان و رێپێوان ،هەبوونی نوێنەريان لە هەموو شوێنێكی كارگێڕيی و دەزگا دەسەلاَتدارەكانی حوكم ، لەنێوبردنی كاری رەش و ناياسايی ، خوێندن و خولی راهێنان بە خۆڕايی لە هەموو پلەو ئاستێكی فێركردنو پەروەردەيی، ...هتد) لەنێو مادەكان نەدەچەسپاند !؟ رەنگە بيانوو بهێننەوە و بڵێن ئەمانە بە ( ئەمانە بە ياسا رێكدەخرێن ! ) ياسايان بۆ دادەنرێ – هەرچەندە ئەمە فرتوفێڵێكە بۆخۆی– بەلاَم گريمان ناكرێ ئەمانە لەنێو پێنج مادەكە جێبكرێتەوە بەلاَم خۆ دەكرا ئەمانە – كە سەرەكييترين و گرنگترين كێشەكانی كرێكارانن – بە كۆمەڵێك بڕگە بۆ مادەكان



رێكخرابان ئەنجا ووردەكارييەكانی ئەم بڕگانە بە ياسا رێكخرابان.. رەنگە ديسان بيانووبهێننەوە و بڵێن : ( ئاخر ئەمە زۆر درێژدەبێ و لە دەستوور جێيان نابێتەوە ) ،ئەی باشە بۆچی ( 63 مادە – كۆمەڵێك لەو مادانەش كۆمەڵێك بڕگەيان هەيە و كۆمەڵێك لەو بڕگانەش كۆمەڵێك خاڵيان هەيە – تەنيا بۆ دەسەلاَتەكانی هەرێم دانراون و تەنيا دەسەلاَتەكانی سەرۆكی هەرێمش لە مادەيەك 21 بڕگەيە و بڕگەيەكيشيان 4 خاڵە !) درێژنەبوو و بە سووك و سانيی لە دەستوور جێيان بۆوە !؟ سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەبەرامبەر ئەم چەند مادە لاواز و بێ نێوەرۆكانەی بۆ كرێكاران دانراون كۆمەڵێك هێزی زەبەلاحی وەك : ( پشتبەستن بە ئابووريی ئازاد و پاراستنی مافی خاوەنداران و خاوەندارييێتيی تايبەت و حوكم و دادگا و دەسەلاَتەكان بەرامبەر ئازادييەكان و ... هتد ) هەن كە هەرگيز و بە هيچ شێوە و جۆرێك رێگا نادەن سادەترين ماف و ئازادييەكانی كرێكاران لەنێو ئەو ياسا و رێسايانە جێيان ببێتەوە كە بڕيارە ئەندامانی پەرلەمان خۆيان – خاوە نكاران – بۆ كرێكارانی دابنێن !

- **مادەی7** دەڵێ ( بنەماكانی شەريعەتی ئيسلاَم يەكێكن لەسەرچاوە سەرەكييەكانی ياسادانان ) ئەمە زۆر روونە بۆيە هيچ تێبينييەكی پێناوێ تەنيا ئەوە نەبێ كە : ئەگەر ئيسلام بووە ئەو سەرچاوەيە ئەوا دەبێ زۆربەی هەرە زۆری دەسەلاَتداران سەرەتا و ئەنجا زۆربەی خەڵك بكەونە بەر حوكمەكانی ئيسلام : ( قۆڵبڕين و لێدان و ئە تك، داریحەد، بێ ئازاديی، هەژاريی و تالاَن، كوشتن...هتد)چونكە زۆربەيان دژ بە شەرع و ئەركی ئيسلامن و تەنيا بە ( پێناسەی گيرفان) موسڵمانن، بۆيە ئەم مادەيە ناچەسپێ و تەنيا بۆ لەخشتەبردنی خەڵك و دڵڕاگرتنی ئيسلامييەكان و دەسەلاَتی جيهانی ئيسلامە .


ئەگەر دەستوور و یاساکان یەک جار پێویستبن بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵک .. ئەوا سەد جار پێویستن بۆ بەرزەفتکردنی دەوڵەمەندان و دەسەڵاتداران .

ناوی پەرتووک : دەستوور
ناوی نووسەر : دارا ئەحمەد
چاپ : چاپی یەکەم
تیراژ : 500
کات : سەرەتای 2007
چاپ و بڵاوکردنەوە :
نرخی : (   ) دینارە

بەرهەمهێنانی« ڕۆژنامەی ئەمڕۆ »* زنجیرە ( 2 )
*****************************************************************

*« ڕۆژنامەی ئەمڕۆ » : مەبەست لەو یەکەمین ڕۆژنامە ئازاد و بێلایەنەیە کە لە ساڵی ( 1994 ) لە ( هە ولێر ) بە سەربەخۆیی دەردەچوو و سەرنووسەرەکەی ( دارا ئەحمەد ) بوو .. نەک ئەوەی کە لە ساڵی ( 1995 ) و بەدواوە ماوەماوە ژمارەیەکی بە هەمان ناوی ( ڕۆژنامەی ئەمڕۆ ) لێدەردەچوو .

krkkuk@hotmail.com



نووسەر
لەچەند
دێڕێکدا

1– بڵاوکردنەوەی چوار نامیلکە شیعر لە ساڵی ( 1990 – 2000 ) .
2 – بڵاوکردنەوەی پەرتووکێکی هزریی لە ساڵی ( 1998 ) .
3 – بڵاوکردنەوەی پەرتووکێکی ڕەخنە ییی گشتیی لە ساڵی (2000) .
4 – دەرکردنی یەکەمین ڕۆژنامەی ئازاد – ڕۆژنامەی ئەمڕۆ – لە کوردستان لە ساڵی ( 1994 ) کە خۆی سەرنووسەری بوو .
5 – لە ساڵی ( 1993 – 1994 ) سەرپەرشتییکەری لاپەڕەی ئەدەبیی و هونەریی ( ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ) بووە .
6 – جگە لەوەی نووسەر لە کوردستان دوازدە ساڵ لە ریزی لایەنە سیاسییەکان – کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی نێو یەکێتیی ، ئاڵای شۆڕش ، شیوعی ،یەکێتیی کۆمۆنیست – کاری سیاسیی و ڕێکخراوەیی کردووە و هەفت ساڵ لە ( 1985– 1992) پێشمەرگە بووە و لە شەڕی ڕزگاریی لە (کە رکوک) و شەڕی بەرگریی لە (کۆڕێ) لە ساڵی (1991) جارێک بە سووکیی و جارێک بە سەختیی بریندارببووە.. لە بەریتانیاش بۆماوەی چوارساڵ لە (2003 – 2006) سەرۆکی ( کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – کێرکلیس) بووە و وەک سەرنووسەریش لەگەڵ هاوکارانی ( گۆڤاری ڕێڕەو)یان لە ساڵی (2005) دەرکردووە، ئێستاش راوێژکاری(فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکانی هودرسفیڵد )ە .